Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C20

# چالاکی پارتی هیوا لە گەرمیان وناوچەی خانەقین لەبەرڕۆشنایی بیرەوەرییەکانی عەزیزپشتیواندا 1912-2001

**ئەحمەد محەمەد ناصر باوەڕ**

بەشی مێژوو، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

عەزیز پشتیوان،پارتی هیوا،ڕەفیق حیلمی،کۆنگرەی کەلار،باڵی هیوای ئازاد،هەرێمی سیروان،چانەخۆرەکان

**Corresponding Author**

ahmad.mohammed@garmian.edu.krd

**پوختە:**

بەدرێژایی مێژووی نوێ وهاوچەرخی گەلی کورد، ناوچەی گەرمیان و سنووری خانەقین بەشێوازێکی گشتی لانکەی سەدان ناوی درەوشاوەو کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و رووناکبیری و سیاسی جۆراوجۆربووە، هاوکات هەریەك لەوانەش بەدرێژایی مێژوو خزمەتێکی گەورەو بەرچاویان بەمرۆڤایەتی و بەتایبەتی کوردەواری کردووە،یەکێك لەوانەش مامۆستا عەزیز پشتیوانە، کە لە ماوەی (90) ساڵی تەمەنیدا،چ وەك مامۆستاو چ وەك پەروەردەکارو چ وەك کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی لەسەرهەمان ڕەوتی خزمەتکردن رۆیشتووە، بەرادەیەك شوێندەست وهەڵوێست و کارەکانی بەتەواوی ئەم بۆچوون و ڕاستییەمان بۆیەکلایی دەکەنەوە. بۆئەو مەبەستەش ئەم توێژینەوەیەمان :« چالاکی پارتی هیوا لە گەرمیان وناوچەی خانەقین لەبەر رۆشنایی بیرەوەرییەکانی عەزیزپشتیواندا 1912-2001»، پشتبەستووبەکۆمەڵێك سەرچاوەو دەستنووس و دۆکۆمێنتی جۆراوجۆری بڵاونەکراوە بەسەر پێشەکی و دەرئەنجام وهەروەها چەند تەوەرو سەرباسێکی جیاوازدا دابەشکردوە، لە نێویاندا کورتەیەکی نوێ سەبارەت بە بنەماڵەوسەربوردەی ژیانی عەزیز پشتیوان، دواتریش ئاستی خوێندن و دامەزراندنی وەك مامۆستایەك لە خوێندنگە و قوتابخانە سەرەتاییەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق وپاشان گەڕاندنەوەی بۆشاری خانەقین وگوندەکانی دەوروبەری، سەرەڕای قسەکردن وبەدواداچوون لەسەر بارودۆخی کۆمەڵایەتی و چۆنێتی بەشداربوون و چوونە نێوکایەی سیاسی وچالاکی حیزبی وکاروباری ڕێکخراوەییەوە لە عێراق و باشووری کوردستان، بەتایبەتی هەریەك لەیانەو کۆمەڵەو حیزب و ڕێکخراوەکانی وەك : « یانەی سەرکەوتنی کوردان1930، کۆمەڵەی برایەتی یان پشتیوان 1928-1938،پارتی هیوا 1939، گروپی چا نەخۆرەکانی گەرمیان و شاری خانەقین، دواتریش پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی 1946 بەدواوە، سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی ڕاپەڕینی ساڵی 1948ی شاری خانەقین، هەروەها بەچەند ساڵێك دواتریش بەشداربوون وئەندامێتی لە یەکەم کۆنگرەی مامۆستایانی کورد، لە پاش بەرپابوونی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 کە لە هاوینە هەواری شەقڵاوە لە 11ی ئەیلولی 1959دا دەستی بەکارەکانی خۆی کردووە، جگە لە باسکردن و بەدواداچوون سەبارەت بەقۆناغەکانی دواتری چالاکی و ژیانی سیاسی، زیندانیکرن وپەروەردەیی تاوەکو دەگاتەوە سەروبەندی کۆچی دوایی لە 8ی ئابی 2001دا.

## پێشەکی:

### تەوەری یەکەم : بنەماڵەوسەربوردەی ژیانی عەزیزپشتیوان

نووسەری کۆچکردووی ناوچەی گەرمیان وهاوچەرخی عەزیزپشتیوان، مستەفا نەریمان (1925-1994) لەپەسن و وەسفی ئەم کەسایەتیەدا نووسیویەتی :«مامۆستای مامۆستایان، ڕێکخەری بیرۆکەی چانەخۆران،باوکی کوردایەتی لەگەرمیان، خاوەن دڵ و دەروونێکی فراوان، لە خواترس وموسوڵمان، پڵنگی ئەم بەروئەوبەری سیروان کاکە عەزیز پشتیوان، کاروباری رۆژانە بریتییە لەکڕین وفرۆشتن، دان ووەرگرتن، ژیان وبەخشین، مرۆڤ تامردن ئەکۆشێت،تێکۆشەریش چاوی لەبەری ڕەنجی خۆیەتی، ڕەنگە سەرئەنجامی ئەوکردوکۆششە مایە بێت یان پایە یان ناووناوبانگ دەرکردن،پێم ناڵێی کێ لەم ژیانە پان و بەرینە  هەبوبێت چاوی لەحاڵ وماڵ نەبێت،مەگەر سۆفییەکی ئەوتۆ لەبیروراکەیدا توابێتەوەو ڕەزامەندی خواو نیشتمان نەبێت، هیچی مەبەست نەبووبێت، بەبۆچوونی من لەمامۆستا عەزیز پشتیوان بەولاوە کەسی ترمان لەم نەوعە لەنێواندا زۆرکەمە یان هەرنەبووە«[أ]. ناوی تەواوی عەبدولعەزیز نورمحەمەد یاروەیسی کوڕی ئەحمەد حەسەنی شارەزووری و لەتایەفەی (نەورۆڵی) ئێلی گەورەی جافن ولە12ی ئەیلولی 1912دا،

لەگوندی پیرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، کە دەکەوێتە نزیك شارۆچکەی (سەرپێڵی زەهاو)، هاتووەتەوە دونیاوە، لەتەمەنی پێنج ساڵییەوە، بەماڵەوە هاتوونەتە ناوچەی (بنکورە)ی سەربەشاری خانەقین وبۆماوەی چەند ساڵێك لە گوندی (سەوزبڵاخ) نیشتەجێ بوون[ii]. هەروەها بە پێی شوناسنامە فەرمیەکەی دایکیشی ناوی ماوانو پیروەلییە ولە ساڵی(1870)دا لە شاری خانەقین هاتووەتە دونیاوە[iii]. لەناوەندی پەنجاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا هەر لەخانەقین کۆچی دوایی کردووەو لەگۆڕستانی (پاشاکۆپری) نێژراوە[iv].

شایانی باسە و وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا ڕەگەزو بنەماڵەی عەزیز پشتیوان دەچنەوە سەر ئێڵی گەورەی جاف و باپیری ناوی(یاروەیس) بوەو بەزۆری لەناوچەی نەورۆڵی سەر بەهەرێمی شارەزوور ژیاوەوهەرلەوێش کۆچی دوایی کردووە، وەك دەگوترێت یاروەیسی باپیری (عەزیز پشتیوان)، لەناوچەی شارەزوورخاوەنی داستانێکە و پیاوە بەتەمەنەکانی ئەوناوچەیە وەك چیرۆکێکی زیندوو،بۆنەوەکانیان گێڕاوەتەوە بەوەی : یاروەیسی باپیری عەزیزپشتیوان، لە پیاوە دەوڵەمەندەکانی ناوچەی شارەزووربووەو خاوەنی زەوی وزارو سەروەت وسامانێکی گەورەی ئاژەڵی و هەروەها چەند لەوەڕگەو شوانی تایبەت بەخۆی هەبووە.بەڵام وجاخ کوێروژنەکەی منداڵی نەبووە، دەگێڕنەوە ڕۆژێك شوانەکانی لەنێو خۆیاندا ڕێککەوتبوون، لەسەرئەوەی ئەگەر یاروەیس کۆچی دواییکرد، ئەوا ئەوان مەڕوماڵات وهەموو سامانەکەی لەنێو خۆیاندا دابەش دەکەن، کاتێك قسەوپلانی شوانەکانی دەگاتەوە یاروەیس دەبێتە جێی سەرسوڕمانی ونیگەرانی بۆی، بەڵام هاوسەرەکەی لە هۆی پەستی و دڵگرانییەکەی دەگات و بەمێردەکەی دەڵێت بیری لێ مەکەرەوە و وەك دڵنەواییەك دەچێت ئافرەتێکی دیکە بۆمێردەکەی خوازبێنی دەکات و پاش چەند ساڵێك، لە هاوسەری دووەمی دەبێتە خاوەنی حەوت منداڵ (چوارکوڕو سێ کچ) کوڕەکانی نورمحەمەد، یارمحەمەد لەگەڵ عەزیز مراد، بەڵام کوڕانی یاروەیسی شارەزووری دواتر بەهۆی سیاسەتی فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانییەوە لەزێدی باب وباپیریان کە ناوچەی نەورۆڵی هەرێمی شارەزووربووە، ئاوارەبوون و هەر یەکەوکەوتووەتە شاروناوچەیەکەوە.

1– نورمحەمەد واتە باوکی(عەزیز پشتیوان)،بەرەو ناوچەی خانەقین بووەتەوەو دواتریش بۆ گوندی پیران، دوای ساڵێك مانەوەی لە پیران دووبارە گەڕاوەتەوە شاری خانەقین و تیایدا ماوەتەوەو هەرلەوێش کۆچی دوایی کردووە.

2– یارمحەمەدیان بۆپیرانی ناوچەی سەرپێڵی زەهاو چووە و پاشان بووە بەکوێخای ئەو گوندەو دوای مردنیشی کوڕەکەی (عەلی)، شوێنی گرتووەتەوە.

3 - سەبارەت بەعەزیزمراد ئەمیش بۆماوەیەك هاتووەتە شاری خانەقین، بەڵام لە ساڵی 1928 بەدواوە، نیشتەجێی موسڵ بووەو هەرلەوێش کۆچی دوایی کردووە.

وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا یارمحەمەد بەکوێخای گوندی (پیران) دەستنیشان کراوەو دواترعەلی کوڕی جێگای گرتووەتەوەو بووە بەکوێخای گوندی پیران، پاش ماوەیەکی کەم نور محەمەد لەگەڵ لە دایکبوونی (عەزیز پشتیوان)ی کوڕیدا گوندی پیران بەجێدەهێڵێت و نیشتەجێی گوندی (سەوزبڵاغ)ی ناوچەی بنکوورە بووە، کە دەکەوێتە باکووری شاری خانەقینەوە، هەروەها لەگەڵ باوك و دایکی و دوای گوندی (سەوزبڵاغ)، دواترو لە تەمەنی پێنج ساڵیدا، دەچنە ئاوایی (محەمەد شێربەگ)، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای شاری خانەقینەوە.دواتریش نیشتەجێی نێوشاری خانەقین دەبن، بەڵام عەزیز پشتیوان لە ساڵی 1920داو لە تەمەنی هەشت ساڵیدا لە قوتابخانەی خانەقینی سەرەتایی دەستی بەخوێندن کردووەو لەودەمانەدا قۆناغی ناوەندی لە نێوشاری خانەقین نەبووە، هەربۆیە لەساڵی 1928دا عەزیز پشتیوان وعەبدولمەجیدلوتفی بەمەبەستی درێژەدان بە پرۆسەی خوێندن، هەردووکیان پێکەوە، چوونەتە شاری بەغداو لە قوتابخانەی ناوەندی پیشەسازی بەغداد بەردەوام بووە لەسەرخوێندنەکەی و هەر لەودەمانەشدا، کە عەزیز پشتیوان لە شاری بەغداد دەبێت ! لە ڕێگەی (یانەی سەرکەوتنی کوردان)هوەو لەگەڵ هاوەڵەکانی کۆمەڵێك هاوەڵی دیکەی وەك موحسین ئەحمەد هەولێری، نوری ئەحمەد تاها، ئەمین ڕەواندزی، مستەفا شەوقی،محەمەد ئەمین کاکە فەندی حوێزی،عەبدولمەجید لوتفی خەڵوزی،مەحموود شکور چەلەبی، میرحاج ئەحمەدی لەنزیکەوە ناسیوە[v].

جگە لەوەش عەزیز پشتیوان ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە دامەزراندنی ڕێکخراوی کۆمەڵەی (پشتیوان)بۆپشتگیری کردنی کێشەی کورد لەدوای لێدانی شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی مەلیکی کوردستان، هەرلەوماوەیەدا، نازناوی پشتیوانی بۆدەستنیشانکراوە، هەرچەندە پێش نازناوی پشتیوان،ماوەیەکیش بەعەبدولعەزیزفەوزی ناسرابووە. بەتایبەتی لەوکاتەدا،کە لەشاری بەغداد خوێندکاری قوتابخانەی ناوەندی پیشەسازی بوو، هۆکاری ئەم نازناوەشی چیرۆکێکی دیکەی لە پشتەوەیە بەوەی لە قوتابخانەی ناوەندی پیشەسازی لە شاری بەغدا، سێ خوێندکارولەهەمان پۆلدا، هەرسێکیان هەمان ناویان هەبوو(عەبدولعەزیزنورمحەمەد)،هەربۆیە مامۆستاکەیان هەریەکەو نازناوێکی بۆدانان، یەکێکیان بەعەبدولعەزیزمحەمەد، ئەوی تریان بە عەبدولعەزیزنوری، جالەبەر ئەوەی عەزیز پشتیوان زیرەکترین قوتابی نێوپۆلەکە بووە و پلەکەی لەسەروی هەموو قوتابیانی پۆلەکە یەکەم بووە، نازناوی (فوزی) پێدراوەو لێرە بەدواوە ناوی بووە بە (عەبدولعەزیز فوزی).تەنانەت لە ناسنامەکەشیدا بە(عەبدولعەزیزفوزی) تۆمارکراوە، بەجۆرێك ئەم ناوەی تاوەکو ناوەندی حەفتاکانی سەدەی بیستەم، هەربەعەبدلعەزیز فوزی پشتیوان ناسراوبووە. بەڵام لە نیوەی دووەمی حەفتاکانی سەدەی بیستەمداو هەروەها بەساڵانێك دوای خانەنشین بوونی لە کاری مامۆستایی لەسەرداواکارییەکی تایبەتی خۆی، کە لە 1976/10/6دا پێشکەش بەئەمینداری تۆماری مەدەنی (سجل المدنی) قەزای خانەقینی کردووە ناوی (فوزی) ییەکە هەڵگیراوەو لەتومارگەو ناسنامەکەشی سڕاوەتەوەوئیدی بووە بە (عەبدولعەزیز پشتیوان نورمحەمەد).وەك لە دەقی داوارییەکەیدا بەزمانی عەرەبی هاتووە :»السید أمین سجل المدنی فی قضاء خانقین، المعروض لسیادتکم،أرجو التفضل تصحیح اسمی من عبدالعزیز فوزی وجعله عبدالعزیز بدلا من عبدالعزیز فوزی،ولکم جزیل الشکر والاحترام،المستدعی: عبدالعزیز پشتیوان نورمحد یارویس،المعلم المتقاعد من أهالی خانقین-حی المزرعة،سجل 148 ص 29559 احصاء عام 1957،ئیمزا عبدالعزیز، 1976/10/6»[vi].

شایەنی باسە لەساڵی 1928دا خوێندنی پیشەیی لەشاری بەغداو پاشان خانەی مامۆستایانی لە ساڵی1932دا هەر لە بەغدا بەپلەی یەکەم تەواوکردووەو لەساڵانی (1934-1937)دا وەك مامۆستا تیایدا دامەزراوە، جگە لەوەو بەپێی گێڕانەوەی خۆی هەرلەساڵی (1937) دا ژیانی هاوسەری لەگەڵ ڕابیعە ئەحمەد ئەسعەد دەلۆ(1925-1998)دا پێکەوە ناوەو لەبەری ئەم ژنهێنانەی ئەم منداڵانەی هەبووە نەریمان(1938-2004)[vii]،نەسرین(1940)،سیروان(1948-2013)، زۆران(1943-1977)[viii]، کامەران(1945-1964)[ix]،ڕێزان (1950)، نەرمین(1952)، شێروان(1955)،شەرمین (1957-2006)،کاویان(1959)،پەرژین(1961)،لە کۆی ئەم جگەرگۆشانەی هەریەك لە نەریمان و کامەران و زۆرانی کوڕی شەهید بوون، هەروەها شەرمینی کچی لە2006/11/15دا لەناوچەی بەیاعی شاری بەغدا لەگەڵ هاوسەرەکەی و کچێکی بە نارنجۆك شەهیدکراون[x].هەروەها

لەساڵی(1937)دا خزمەتی مامۆستایی گواستراوەتەوە بۆ قوتابخانەی (فالحییە)ی سەرەتایی لە باشووری عێراق وچەند ساڵێك لە لیوای (عەمارە) ماوەتەوەو بۆیەكەم جاریش ڕەفیق حیلمی لەشاری سلێمانی ولەڕێگەی تاهیر بە هجەت مەریوانی(1902-1971)یەوە ناسیوە، هەروەكوخۆی لەم بارەیەوە نووسیویەتی« لە مێژووی1ی تەمموزی 1935دا لە شاری سلێمانی بوو، من وكاك تاهیرمەریوانی لە سەعات9ی پێش نیوەڕۆ، من لە عەمارە مامۆستابووم و لە شاری بەغداوە لەتەك تاهیر مەریوانی پێكەوە چووین بۆ سەردانی، لەوكاتەدا چاودێری خانووەكەی دەكرد، كاك تاهیر منی پێشكەشكردو پێمی ناساند، فەرمووی كاك عەزیز پشتیوان ناوم بیستووە..»[xi]. دواتریش لە شاری عەمارە بۆجاری دووەم و وەك سەرپەرشتكارێكی پەروەردەیی مامۆستا ڕەفیق حیلمیم لە باشووری عێراق لە نزیكەوە ناسیوەو بووین بەجێ متمانەو باوەڕپێكراوی یەكتر[xii].

دوای چەندساڵێك گەڕاوەتەوە بۆقەزای خانەقینی سەربەلیوای (دیالە) و لەگوندی (قولّە) وەك مامۆستا دەستبەكاربووە[xiii]. هەروەها لەگەڵ دامەزراندنی پارتی هیواو لە ساڵی1940 بەدواوە هەر لەڕێگەی ڕەفیق حیلمییەوە پەیوەندی بە پارتی هیواوەوە كردووەو پاشان ئەمیش توانیویەتی چەند كەسایەتییەكی دیكەی شاری خانەقین وسنووری گەرمیان بهێنێتە نێوپارتی هیواوە[xiv]. بەڵام لە 1943/10/1دا نەقڵكراوە بۆ قوتابخانەی ئاوایی موبارەك لە گوندی (كوێخا مبارەكی سورەمەیری) و بۆساڵی دواتریش وەك خۆی نووسیویەتی لە1944/10/1دا نەقڵكراوە بۆ قوتابخانەی شەرەفبەیانی سەرەتایی لە گوندی (هۆڕێن)[xv]. هەروەها لەم بارەیەشەوەوە نووسیویەتی :« لە 1944/9/1دا منیش بانگ كرامە بەعقوبە بۆ لای مودیری مەعارف جواد جصانی هەندێك هەڕەشەی نەقڵ و فەصلیاندا لەلایەن موتەسەریف جەنابی مستەفا یەعقوبییەوە لێمدا، لە دوایدا نەقڵ كرامە گوندی هۆڕێن بۆ(قوتابخانەی شەرەفبەیانی سەرەتایی) ولەپاش ماوەیەك و لە 15ی نیسانی 1944دا نەقڵ كرامە ناحیەی قۆرەتوو،لەگوندی (عەلی ئاغا) ولە 1ی شوباتی 1945دا نەقڵ كرامە قوتابخانەی (المقداد الابتدائیة) لەگوندی پەروانەی لای شارەبان»[xvi].بەڵام لە 16ی ئابی 1946 بە دواوە كە(پارتی دیموكراتی كورد) لەشاری بەغدا دادەمەزرێت[xvii]. ئەمیش دوای ڕاوێژكردن بە ڕەفیق ڕەفیق حیلمی سەرۆكی پێشوی پارتی هیواوە پەیوەندی دەكاتە ڕیزەكانی ئەم حیزبەوە، هەروەها بۆ ساڵی دواترو لە 1ی ئەیلولی 1947دا دەگوازرێتەوە بۆ نێو شاری خانەقین ولە قوتابخانەی (مونزرییەی سەرەتایی) دادەمەزرێت وپاشان دەكرێتە بەڕێوەبەری هەمان قوتابخانە، هەروەها لە 1950/12/25دا بەهۆكاری كوردایەتی و وتنەوەی وانە بەقوتابیان، بەزمانی كوردی بەبڕیارێكی ئەنجومەنی وەزیرانی حكومەتی عێراق پاشایەتی لەگەڵ چەند مامۆستایەكی دیكەی هاوەڵیدا لەوانە : عەبدوڵلا قەرەداغی وجەمال مەحموود زەهاوی بۆماوەی (3) سێ ساڵ لە وەزیفەی مامۆستایی دوور دەخرێتەوە، وەك خۆی لەم بارەیەوە نووسیویەتی : لە 1950/12/30دا دەورو تەسلیمی قوتابخانە دەكات، ئەمەش دوای ئەوەی قوتابییەكانی كۆدەكاتەوەو وتارێكی نیشتمانی و میلیان پێشكەش دەكات[xviii]. هەروەها باس لەوەش دەكات كە تاوەكو ئەوكاتە و لەڕووی پێكهاتەی خێزانییەوە تەنها ئەم منالانەی هەبووە : نەریمان (1938)، نەسرین (1940)، زۆران (1943)، كامەران(1945)،سیروان (1948)،ڕێزان(1950)، بەڵام لەڕووی توانای داراییەوە،وەك دەیگێڕێتەوە تەنها بڕی (24) دیناروڵەگەڵ ئەوەشدا مەكینەیەكی سنگری بەرگدرویان هەبووە، ئەوەشیانی فرۆشتووە تەنها بە (24) دینار بەحەق حەمید موغازەچی خەڵكی خانەقین، لەگەڵ بڕێك ئازوقە كە بەشی مانگێك وبەم جۆرە هەموو سەرمایەكەی بووە بە(48) دینار، ئینجا دەستی داوەتە بەپیشەی دوكانداری وئیشكردنی بەردەوام شانبەشانی ئەوەش لە 1ی كانوونی دووەمی 1951دا بووە بە وەكیلی زەوی فرۆشتن لە شاری خانەقین بەتایبەتی لەناوچەی مەزرەعە، بەوەش تارادەیەك بارودۆخی دارایی باشتر بووە، تاوەكو ئەوكاتەی لە 1ی ئەیلوولی 1951دا دوكانێكی نوێتری لە بینایەی ئەحمەد حاجی ئیسماعیل باجەلانی هاوڕێی سەردەمی منالّی كردووەتەوە، كە لەودەمانەدا كرێی مانگانەی تەنها (3) سێ دیناربووە، بەڵام ئەمجارەیان كتێبخانەیەك ئەكاتەوە بەناوی (كتێبخانەی سیروان)،بەجۆرێك لەم ماوەیەوە كتێبخانەكەی دەبێتە شوێنی خوێنەران و ڕووناكبیران و مامۆستایان و بۆماوەی سێ ساڵی تەواو بەردەوام دەبێت، شانبەشانی ئەوەش وەكو خۆی دەیگێڕێتەوە، ناوبەناو لەشارەكانی بەغداو بەعقوبە سەردانی مامۆستا ڕەفیق حیلمی كردووەو لە هەموو چالاكیەكی نەتەوەیی و نیشتمانی ئاگاداری كردووەتەوە، تاوەكو لە 24ی شوباتی 1954دا بۆجارێكی دیكە دەگەڕێتەوە سەر پیشەی مامۆستایی لە قوتابخانەی (غازی سەرەتایی) لە گەڕەكی پاشاكۆپری شاری خانەقین، پاشان لەبەرپابوونی شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 بەدواوە ناوەكەی دەگۆڕدرێ بۆقوتابخانەی (خەبات- النضال) ولە 1ی ئەیلولی 1959 دەبێتە بەڕێوەبەری[xix].

شایانی باسە بەچەند ساڵێك دوای شۆڕشی 14ی تەممووزو بەهۆی تەنگژەی نێوان حكومەتی عێراقی سەردەمی عەبدولكەریم قاسم (1914-1963) وپارتی دیموكراتی كوردستانەوە، ئەمیش لە 14ی ئایاری 1961دا لەگەڵ چەند كەسایەتییەكی دیكەی شاری خانەقینی وەك محەمەد جاف، ئەحمەد كەلاری و عیسابەگی ئەركەوازی بۆماوەی چەند ساڵێكی تەواو بۆباشووری عێراق و بەتایبەتی شاری عەمارە دووردەخرێتەوە[xx]. لەوێش دەكرێتە مامۆستا لە قوتابخانەی (ئیمام سادق سەرەتایی- مدرسة الامام الصادق الابتدائیة)[xxi]. هەرچەندە هەرلەسەردەمی نوێی بەعسیەكان و عەبدولسەلام عارف (1921-1966) داو لە 6ی حوزەیرانی 1963دا بۆجارێكی دیكە فەرمانی گرتن بۆ چەند كەسایەتییەكی دیكە لە شارەكانی بەغدا وخانەقین و شوێنانی دەیكەش دەردەچێت لەنێویاندا حیلمی عەلی شەریف(1931-1998) ودارا تۆفیق (1932-1981) لە شاری بەغدا وعەزیز پشتیوان و ڕەشید ئیسماعیل ئاغای باجەلان لە شاری خانەقین[xxii].بەجۆرێك زۆریان دەگیرێن ودەخرێنە زیندانەوە، تەنانەت لەكاتی زیندانی و لەساڵی 1964دا، كە مامۆستا عەزیز پشتیوان لە بەندینخانەی شاری ڕومادی زیندانی دەبێت، كاربەدەستانی بەندینخانەكە،بۆئەوەی زیاترئازاری دەروونی بدەن و برینی قووڵی بكولێننەوە، خەبەری شەهیدبوونی (كامران) كوڕی، كە پێشمەرگە بووە لە سنووری گەرمیاندا و دەبێتە قوربانی پێی ڕادەگەیەنن : « كوڕەكەت كە ناوی كامەرانە و لەگەڵ عوصات و موخەربیەكان بووە كوژراوە». ئەویش لەوەڵامدا پێیان دەڵێت :«من الضروری ان یكون لعائلة عزیز پشتیوان شهید- وهناك ستە آخرین في نفس الطریق». پێویستە بنەماڵەی عەزیزپشتیوان شەهیدی هەبێت. ئەوا شەش كوڕی دیكەشم هەیە و ئەوانیش بەڕێگاوەن[xxiii]. دوای ئازادكردنی لەسەردەمی دانووستانی لامەركەزیەكەدا گەڕاوەتەوە خانەقین، بەڵام لەم ماوەیەبەدواوە دووبەرەكایەتی و ئینشقاق نێوان هەردوو باڵەكەی پارتی دەستی پێكردووە وئەمیش وەك كادیرێكی سەر بەباڵی (بارزانی) پارتی كەوتووەتە دژایەتیكردنی باڵی مەكتەبی سیاسی (جەلالی)،لەم ماوەیەشدا كە مامۆستا بووە لەقوتابخانەی (ابن الجوزی) شاری بەغدا، بەڵام بۆجارێكی دیكە دەگوازرێتەوە بۆ باشوری عێراق وشاری عەمارە تاوەكو ساڵی 1968 بۆجارێكی دیكە دەیگەڕیننەوە قوتابخانەی (ابن الجوزی) شاری بەغداو تاوەكو كاتی خانەنشین بوونی لەم قوتابخانەیەدا دەمێنێتەوە، بەڵام وەك كاری سیاسی و حیزبی لەساڵانی( 1967- 1969) بەرپرسی لقی پێنجی پارتی بووە لەشاری بەغداو لەم ساڵەش بەدواوە بۆجارێكی ترو لەگەڵ ڕێزانی كوڕی و

کۆمەڵێك کەسایەتی دیکەدا دەستگیردەکرێنەوەو تاوەکو کاتی بەیانی 11ی ئازاری 1970 لە (قصرالنهایة)ی شاری بەغدا زیندانی دەکرێن[xxiv]. هەروەها جگە لە پیشەی مامۆستایی وکاروباری سیاسی ناوبەناونوسین وبابەتی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە بەتایبەتی لە ڕۆژنامەی (خەبات) و (صوت الأكراد)دا[xxv].

وەك دەگوترێت لەبەیاننامەی 11ی ئازاری 1970 بەدواوە هیچ کارو لێپرساوییتیەکی ئەوتۆی لەئەستۆ نەگرتووە، بەڵکو لەسەرپیروڕای کوردانەی خۆی بەردەوام بووەو تەنانەت هەندێ وەزیفەی وەك پارێزگارو قائممقامی ڕەدکردووەتەوە، هەرئەوە نەبێت لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکی توندوتۆڵی لەگەڵ ساڵح یوسفی (1918-1981)دا هەبووە. بەڵام لەبەرپابوونەوەی شەڕی نێوان سەرکردایەتی شۆڕشی کوردو حکومەتی عێراق بەدواوە بۆجارێکی دیکە دەستگیردەکرێتەوە و ڕەوانەی ئەمنی عامەی بەغدای دەکەن و لەگەڵ ئەوەشدا ئازاروئەشکەنجەیەکی زۆری دەدەن تادەگاتە ڕادەی مردن، هەروەها هەموو خێزان ومناڵەکانیشی دەبەنە بناری بەمۆو لەوێ فڕێیان دەدەن و بەناچارییەوە بۆماوەیەك پەڕاکەندەی ئۆردوگای (ئەنزڵ)ی ئێران و(قەسری شیرین) دەبن وخۆیشی دوای ساڵێك زیندانی و لە مۆرکردنی ڕێکەوتننامەی جەزائیری 6ی ئازاری 1975بەدواوە ئازاد دەکرێ و بۆماوەیەك بەتەنهایی و دوور لەخانەوادەکەی لە گەڕەکی (باب الشيخ)ی شاری بەغدا شوقەیەك بەکرێ دەگرێ و شانبەشانی ئەوەش بۆبژێوی ژیانی دەست دەداتە کاری عەریزە نووسین وپاشان خێزانەکەی ئەویش وەك هەزاران پەنابەرو دوورخراوەی کوردی عێراق لە سنوری نێودەوڵەتی (مونزریە)هوە،خۆیان ڕادەستی فەرمانڕەوایانی عێراق دەکەنەوەو بۆماوەیەك دووردەخرێنەوە بۆپارێزگای ئەنبار(ڕومادی)،دواتریش بەیەکجاری دەگەڕێنەوە بەغداولێرە نیشتەجێ دەبن، هەروەها لەماوەی ساڵانی(1975-1976)دا هەوڵێکی زۆردەدات تاوەکو موڵك وماڵ و خانووە دەستبەسەراگیراوەکەی لە شاری خانەقین ولەلایەن حکومەتی عێراقەوە بۆدەگەڕێننەوە[xxvi]. ئیدی لێرەش بەدواوەو وەك مامۆستایەکی خانەنشین بەهۆی هەڵکشانی تەمەنەوە بەزۆری کاتەکانی لەماڵەوە بەخوێندنەوەو نووسین وخواپەرستی بەسەردەبات، تاوەکو لە 7ی ئابی 2001دا لەناوچەی بەیاعی شاری بەغدا کۆچی دوایی دەکات و لەسەر ڕاسپاردەو وەسیەتی پێشوەختەی خۆی تەرمەکەی دەهێنرێتەوە بۆ شاری خانەقین و لە گۆڕستانی(خدری زیندە) دەنێژرێت[xxvii].

## تەوەری دووەم : دەستنووس و بیرەوەرییەکانی عەزیز پشتیوان

دوای ئەوەی کورتەیەکمان سەبارەت بەژیان وسەربووردەی پەروەردەکارومامۆستاو کەسایەتی سیاسی ناسراوی کورد عەزیز پشتیوان ڕوونکردەوە، لە چوارچێوەی ئەم تەوەرە کورتەشداو وەك بەرچاوڕوونییەك، بۆلێکۆڵیاران و خوێنەری بەڕێز پێویستە پوختەیەك سەبارەت بەناوەڕۆکی نووسین و دەستنووسە بڵاونەکراوەکانیشی لێکبدرێنەوە، شایانی باسە دەکرێت بوترێت،کە تەواوی دەستنووسەکانی بەسەریەکەوە جۆراوجۆرن وبەزۆری بەزمانی کوردی و تاڕادەیەك بەشێوە زاری خانەقینی نووسراونەتەوەو لەگەڵ ئەوەشداو لەهەندێك شوێنیشدا بەشێکی کەمیان بەزمانی عەرەبی نووسراونەتەوە، کە دەکرێت لێرەدا دابەشیان بکەین بەسەرسێ جۆری نووسیندا یەکەمیان : بریتییە لە دەستنووسێکی بیرەوەریی، کە لەنێو دەفتەرێکی (100) لاپەڕەیدا و بە قەڵەم جافی شین ورەش نووسراوەتەوەو بەشێوازێکی چڕوپڕو زانیاری دانسقەی زۆر وردی تیدا تۆمارونووسراوەتەوە، بەتایبەتی سەبارەت بەژیان وسەرەتاکانی خوێندن وباروودۆخی پەروەردەیی خۆی وەك خوێندکارێك و دواتریش وەك مامۆستایەك لەناوچە جۆراوجۆرەکانی عێراق و باشوری کوردستاندا، سەرەڕای زانیاری زۆرورد سەبارەت بەپارتی هیواو شێوازی دامەزراندن و چالاکییەکانی لە سنووری هەردوو لیوای کەرکووك و دیالەوبەتایبەتی شاری خانەقین ودەوروبەری، هەروەها جەختکردنەوەی تەواو لەسەر کاروباری حیزبی و ژیانی ڕێکخراوەیی سەرەتا لەنێو کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی (برایەتی) و(پشتیوان) دواتریش لەڕیزەکانی پارتی هیواو چالاکی ڕێکخستن وکارکردنی بەردەوامی بۆ بڵاوکردنەوەی بیری نەتەوەیی پارتی هیوا لە نێوەندی کۆمەڵانی خەڵك و بەتایبەتی لەنێو سەرۆك هۆزەکان،توێژی ڕووناکبیران، ئەفسەرانی سوپاو دەستەبژێری کورددا، دووەمیان بەزۆری ئەودەستنووسە پەرت وبڵاوانەی دەگرێتەوە، کە بەزۆری بەزمانی عەرەبی نووسیونی وهەربەدەستنووسی شانبەشانی بیرەوەرییەکانی دیکەیدا نووسران، کە تاڕادەیەکی زۆرباش بۆلێکۆڵەران ونووسینەوەی مێژوو بایەخی تایبەت بەخۆیان هەیە.بەڵام جۆری سێیەم لەدەستنووسەکانی زیاتر ئەوبیرەوەرییانەی دەگرنەخۆ،کە ڕۆژانەو ناوبەناونووسیونی وبەسەریەکەوە هەمووئەوانەش لە بایەخی مێژوویی وکاری زانستی بەدەرنین وهەریەکەو لەشوێنی تایبەتی خۆیاندا زۆر گرێ کوێرەی مێژوویمان بۆ دەکەنەوەولەگەڵ ئەوەشدا زۆر سەرەدواوی مێژوویی گرنگمان دەدەنەدەستەوە.

## تەوەری سێیەم : ڕۆڵی لە بواری سیاسی وکاروباری ڕێکخراوەییدا

سەبارەت بەکاری ڕێکخراوەیی وسیاسی عەزیزپشتیوان وەکو خۆی باسی لێوە دەکات لە ساڵی(1930) دا کاتێك (یانەی سەرکەوتنی کوردان) لەڕێگەی مەعرووف جیاووك باڵەکی(1880-1958)ییەوە دامەزراوە و لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی عێراقی پاشایەتییەوە ئیجازەی فەرمی دراوەتێ و ڕێگە بەکاروچالاکی جۆراوجۆری دراوە[xxviii]. ئەویش وەك خوێندکارو لاوێکی کوردی ئەودەمانەی شاری بەغدا ناوبەناوسەردانی ئەوناوەندە ڕووناکبیرییەی کردووەو لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك کەسایەتی ئەورۆژگارەی کوردوشاری بەغدای لە نزیکەوە ناسیوە لەوانە : »جەلال بابان، تۆفیق وەهبی بەگ،محەمەد ئەمین زەکی بەگ وعەلی کەمال بەگ«[xxix].هەروەها دەستەیەك لەلاوانی کوردی ئەو دەمانەی وەك : محەمەد ئەمین کاکە، حەسەن سەعید، موحسین ئەحمەد ئەربیلی، ڕەمزی داود زاخۆیی،فیلیب عەبدولئەحەدونووسەری ناسراوی خانەقینی عەبدولمەجید لوتفی (1905-1992) لە نزیکەوە ناسیووە، هەروەها لەودەمانەشدا بەشێك لە تێکۆشەرانی نێوەندی کوردایەتی بینیوەو پەیوەندی پێوەکردوون، لەنێویاندا کەسایەتییە کوردییەکانی ڕیزەکانی سوپای عێراق وەك : میرحاج ئەحمەد،نوری ئەحمەد تەها کە لەودەمانەدا بە(شێردڵ) شۆرەت وناوبانگی ڕۆیشتووە[xxx].

سەبارەت بەناسین پەیوەندی لەگەڵ ڕەفیق حیلمی (1895-1960) دا، ئەوا ئەمەیان بەزۆری دەگەڕێتەوە بۆئەودەمانەی،کە لە قوتابخانەی (فالحییە)ی سەر بەپارێزگای (عەمارە) مامۆستابووەو ڕەفیق حیلمی سەپەرشتیاری پەروەردەیی سەر بەوەزارەتی مەعاریف بووە لەباشووری عێراق. بەجۆرێك هەرئەمەش وایکردووە، کە پاش گەڕانەوەی بۆلیوای دیالەوناوچەی خانەقین و دامەزراندنی پارتی هیوا لەسەر داروپەردووی (کۆمەڵەی دارکەر)،کە لە(ئەیلولی 1939)دا لەئامادەیی ناوەندی کەرکووك و لە ماڵی شاکربەگی جەلالی لە گەڕەکی بەگلەری شاری کەرکووك هاتووەتەکایەوە[xxxi]. کە لەودەمانەدا یونس ڕەئوف (دڵداری شاعیر) تیایدا ژیاوەوچەند هاوەڵێکیشی هاوکاری بوون[xxxii].بەماوەیەك دواتریش پەیوەندی بەڕەفیق حیلمیەوە کراوە بۆئەوەی سەرۆکایەتی ئەم پارتە وەربگرێت. ئەوەبوو بۆساڵی دواترو لە شوباتی1940دا وەك سەرۆکی ئەم پارتە سوێندی خواردووە[xxxiii]. بەڕادەیەك ئەمیش هەرلەڕێگەی ئەوەوەو لە هەمان ماوەدا پەیوەندی بەڕیزەکانی هیواوە کردووە تەنانەت لەم بارەیەشەوە بەڕوونی نووسیویەتی: « لە7ی نیسانی1939دا لە قوتابخانەی قوڵای مامۆستا سەیدحەکیم هەورامی(1892-1957) ومەرحوم حاجی ئیبراهیم بەگی جاف(1879-1952) هاتنەلام و وتووێژمانکرد بۆڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بەڵێنیانداو لەسەعات3ی پاش نیوەڕۆ بەشەمەندەفەر گەڕاینەوە بۆخانەقین وهاتوچۆکرایەوە لە بەینماندا، منیش هاتوچۆی

تەکیەی (شێخ فەتاح)م دەکرد»,بەماوەیەك دواترولە :«14ی شوباتی 1940دا کۆمەڵەی هیوامان لە شاری خانەقین دامەزراند»، هاوکات لەوەدەمانەداو هەر بەفەرمانی:« سەرۆکی باڵا ولەشاری خانەقین لقێکی کۆمەڵایەتیمان دامەزراند، بەبیروباوەڕێکی نەتەوایەتی کوردەواریی،کە بریتی بوو لە قوتابیان ومەلایان وجوتیاران ولە میروگاوان وکەسەبەو هەموو چینێك بەگوێرەی مەنهاج ونیزامی داخیلی وساڵی جارێك بە هەڵبژاردنی لیژنەی ناوچە (اللجنة المحلية) دا دامەزراو هەرلەم ڕۆژەش بەدواوە، واتە لە14ی شوباتی 1940دا لیژنەی ناوچەی خانەقین بریتی بوون لە :« عەبدولعەزیز پشتیوان، مامۆستا مەلاسەید حەکیم خانەقین،حەسەن خەلیفە محەمەد زەهاوی، مەلاعارفی مەلایەحیای عەبدولعەزیز،مەلاحمەسەعیدی عەتار،مەهدی شامار فەرحان،جاسم محەمەد فاتمە وەلی، سلێمان ئەحمەد پیروەلی،ڕەشیدباجەڵان و لیژنەی ناوچەی مەرکەزی چاودێری خانەقین بوو»[xxxiv]. کەچی هەندێك سەرچاوەوتێزی ئەکادیمی بەهەڵە ناوی هەریەك لەعەزیز پشتیوان و مەلاسەید حەکیمی خانەقینیان واباسکردووە، کە ئەوانە دانیشتووی شاری هەولێرین وتەنانەت لەسەر لقی هەولێری پارتی هیوا ناوەکانیان تۆمارکراوە[xxxv].

ئەوەبوو بەماوەیەك دواترو هەربەمەبەستی بەرفراوانبوونی ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا بۆ شوێن وناوچەکانی دەوروبەری شاری خانەقین و سنووری گەرمیان پەلی هاویشتووە و بەپێی نەخشەوپلانێکی سیاسی کاری لەسەرکراوەو لەگەڵ ئەوەشدا توانراوە چالاکییەکانی پارتی هیوا بگەیەنرێتە ناوچەی بنکورەو دێهاتەجۆراوجۆرەکانی دەوروبەری خانەقین وەك لەم بارەیەوە بەوردی ئاماژەی بۆکردوون بەوەی لە سنووری کۆمپانیای نەوتی خانەقین وهاوبەشی نەوت لیژنەیەك دامەزراوە لە14ی شوباتی 1941دا،کە بەسەریەکەوە ئەندامەکانی پێکهاتبوون لە «مەهدی شامارفەرحان،جاسم محەمەد فاتمە وەلی،محەمەد سەعید ئەمین قەرەداغی،مەلائەحمەد جاف،ساڵح ئەحمەد عەلی قەرەوڵوسی،محەمەد ساڵح ئەحمەد بەبی و وەستا وەهاب داودی»[xxxvi].هەروەها لە گوندی سەوزبڵاخی ناوچەی (بنکورە)،کە بریتی بوون لە هەردووگوندی سەوزبڵاخ وموسا عوسمان، پێکهاتبوون لە کەسایەتی و ئەندامە دیارەکانی وەك :« مەلاعەزیزمحەمەد شاواز(1928-2015)[xxxvii]،مەلاشەریف ڕەشید زەنگەنە(1917-1996)،مامۆستا مەلاعەباس محەمەدی بیارە (1904-1985)،شێخ مستەفای شێخ حەمید تاڵەبانی(1887-1971)،ساڵح ئاغای عەبدوڵلا ئاغای باجەڵان (1912-1964)،محەمەد ساڵح حوسێن مەڵك(1915-1963)»[xxxviii].

لەلایەکی دیکەشەوەو هەر لەهەمان ناوچەی بنکورەوە ئەندامەکانی پارتی هیواو بەتایبەتی بەپێی بیرەوەرییەکانی عەزیزپشتیوان لەگوندی (گاکوڵ)، کە ناوی نهێنی لە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی هیوادا(کرۆك)ی بۆدەستنیشانکراوە هەریەك لە :« شێخ غالب شێخ کامیل تاڵەبانی(1907-1961)، شێخ تالب شێخ کامیل تاڵەبانی(1912-1992)»بوون[xxxix]. بەڵام لەگوندێکی وەك (شێرەوەند)ی هەمان ناوچەدا شاعیری ناسراوی کورد شێخ باباعەلی بێدار(1894-1949) بووە،هەروەها لە گوندی (غێدان) شێخ محەمەدنەجیبی کوڕی شێخ وەهابی تاڵەبانی (1922-1991) ودوابەدوای ئەوانەش لە گوندی (ئاوایی گەورە) کەسانی وەك خەلیل میرحوسێن(1860-1956)، ئەحمەد کاکەخان محەمەد بابان (1897-1958), هەروەها لە سنووری ناوەندی ناحییەی (قۆرەتوو)هەریەك لە جیهانبەخش عەلی ئاغای جمور،جەهانگیرعەلی ئاغای جموروداودخان مەجید سالارسوڵتان بوون، لەگەڵ ئەوەشدابۆهەرگوندێك وبەپێی نووسین وتۆمارکردنەکانی عەزیزپشتیوان لیژنەی تایبەت بە خۆیان هەبووەولەنێوان خۆیانداو سەرپەرشتی گوندیان ئەکردو شانبەشانی ئەوانەش ئەگەر هەر کێشەو گیروگرفتێکیان هەبووبێت، ئەوا پرسیان بەلیژنەی بەرزی گوند کردووە. بۆنموونە لەگوندی (سەوزبڵاخ) پرسیان بەهەریەك لە مەلاعەباس محەمەدی بیارە ومەلاعەزیزی محەمەد شاوازکراوە، یان لەگوندی گاکوڵ (کرۆك) وتەنانەت زۆرێك لەکۆبوونەوەی تایبەتیان لە گوندی (کرۆك)کراوە، خۆئەگەر کاری گەورەیان بۆیەکلایکرنەوەی کێشەیەکی گرنگ ئەوا چوونەتە ناوچەی شار لە خانەقین کەبە(لیژنەی بەرزی سیروان لەخانەقین) ناوی هاتووە[xl].

شایانی باسە عەزیزپشتیوان لە درێژەی بیرەوەرییە دەستنووسەکانیدا باس لەوەش دەکات، کە چۆن لەوەدەمانەدا ڕەفیق حیلمی سەرۆکی دەستەی باڵای پارتی هیوا هاتووەتە شاری خانەقین و لەوێوە هەموو ئەوشوێن وناوچەو گوندانەشی بەسەرکردووەتەوە، کە چالاکی ئەندام و ڕێکحستنەکانی هیوای تێدابووە، وەك دەیگێڕێتەوە کە لەگەڵی دانیشتوون و بە دووروودرێژی کۆبوونەوەی لەگەڵدا کردوون، هەر لەم بارەیەوە، کاتێك باسی نێوشاری خانەقین وشارۆچکەی جەلەولاو ناوچەی دەککە وسنووری گوندی (کانی ماسی) دەکات لەگەڵیشدا باس لەوە دەکات، کە چۆن کەسێکی وەك محەمەد ساڵح سلێمان بارام بۆپاراستن وئاشکرانەبوونی کۆبوونەوەکانیان چەکداربووە وەك لەم بارەیەشەوە نووسیویەتی « بەم موناسەباتەوە مامۆستا ڕەفیق حیلمی دەهاتە خانەقین وسێجار لە ماڵی ئێمە کۆبووەوەو لە دوایدا لە تەکییەی مامۆستا سەید حەکیم (تەکیەی شێخ فەتاح) و دووجاریش لە گوندی سەوزبڵاخ (کانی سەوز) و دووجاریش لە گوندی گاکوڵ کۆبووینەوە، بەڕادەیەك لە هەموو کۆبوونەوەکاندا من ومامۆستا مەلاسەیدحەکیم بووین و محەمەد ساڵح سلێمان بارام دەلۆ لەتەکماندا بۆپاراستن چەکداربوو»[xli]. بەڵام ئەوانەی کە لەگوندی عالیاوا ئەندام بوون هەریەك لە حەسەن خەلیفە محەمەد زەهاوی و مستەفا خەلیفە محەمەد بوون، هەروەها لە گوندی دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگ هەریەك لە شێخ حسام الدين شێخ عوسمان (؟-1950)،حاجی ئیبراهیم بەگ جاف (1887-1950/4/24)،شێخ عومەرشێخ عوسمان(1909-1979/3/13)، لەلایەکی دیکەشەوە بەڕوونی ئەوەشمان بۆدەگێڕێتەوە بەوەی کە :« جارێکیش لە دەککە کۆبووینەوە لەتەك مامۆستا ڕەفیق حیلمی و لەگوندی (کانی ماسی) خەلیل بەگ حەسەن بەگ ئەحمەدبەگ دەلۆ (1912-1973)، فەتحووڵلابەگ ئەحمەدبەگ دەلۆ (1885-1981) و لەجەلەولا کاك محەمەد جاف،محەمەد ئەحمەد زەنگەنە« هەروەها لە ئەفسەرانی سوپاوبنکەی سەربازی جەلەولاش هەریەك لە« نوری ئەحمەدتەها- شێردڵ (1921-1991) ومیرحاج ئەحمەد (1911-1988)چاودێری کرد وکاك فەتاح شاڵی(1918-1994) ئەوکاتە کە مولازمی یەکەم وئەندازیار بووە« سەر بەڕێکخستنەکانی پارتی هیوابوون[xlii].

سەبارەت بەبڵاوبوونەوەی ڕێکخستەکانی پارتی هیوا بۆسنووری گەرمیان و بەتایبەتی سنووری کفری وکەلار عەزیز پشتیوان ئەوەمان بۆدەگێڕێتەوە کە ئەمەیان لەسەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەمەوە دەست پێ بکات و لەسەر بنەماو ڕاسپاردەی سەرکردایەتی پارتی هیوا کاری لەسەرکراوەو بەوردی هەوڵی ئەوەیان داوە، کە سنووری ڕێخستنەکانی بگاتە ئەم ناوچەیەی باشووری کوردستان وئەندام ولایەنگیری کارا لە دەوری کۆبکرێتەوە، بۆئەو مەبەستەش لیژنەی تایبەتمەند ڕێکخراوەو بەشێوازێکی مەیدانی سەردانی شاروشارۆچکەکانی ئەوناوچانەیان کردوەو لق و لیژنەی تایبەت بەوناوچانەیان کردووەتەوە، جگە لە دانانی لیژنەکانی قوتابیان، لاوان، کرێکاران ، لیژنەی کەسەبەو جوتیاران. هەروەها باسی لەوەشکردووە،کە چۆن لە2ی تەممووزی 1941دا خۆی و مامۆستا مەلاسەیدحەکیمی خانەقین ومحەمەد ساڵح سلێمان بارام، چوونەتە شاری کفری بەئۆتۆمبیلی تایبەتی سلێمان ئەحمەد پیروەلی و لەماڵی محێدین مستەفا میوان بوون و پاشان لەگەڵ چەند هاوەڵێکیاندا بردوویانن بۆماڵی حاجی سەمینی دەلۆو بۆماوەی (3)سێ ڕۆژی تەواو

له شاری كفری ماونەتەوەو(لقی كفری)پارتی هیوایان كردووەتەوە،بەناوی تێكۆشەرانی سیروان(خانەقی و كفری) وهەریەك له موحێدین مستەفاوموحێدین محەمەد وەردە ومەلاسابیرحاجی فەتاح ومحەمەد حاجی سەمین بوون بە (لیژنەی ناوچەی كفری)،هەروەها لە 5ی تەمموزی 1941دا گەڕاونەتەوە، لێرە بەدواوەو لە ڕێگەی گوندی (زەرداو)هوە چوونەتە ماڵی شێخ جەمال تاڵەبانی ولە سەعات (11) وەكو خۆی نووسیویەتی : نانی نیوەڕۆیان خواردووەوپاشان چوونەتە ماڵی ئەحمەدبەگی فەتاح بەگ و شەوێك ماونەتەوە، لەم كاتەش بەدواوە حاجی عەلی خانی ئەكبەری(1886-1972)[xliii] بووەتە هاوەڵیان و هەموو پێكەوە سەردانی كەلارو نێوبەگزادەكانی جاف و بەتایبەتی ماڵی كەریم بەگی فەتاح بەگی جاف و داود بەگ وشەوكەت بەگ و ڕەزابەگی جافیان كردووەو هەر لە كەلار ماونەتەوەو لقێكی دیكەی پارتی هیوایان بەناوی (لقی داركەر) لە كەلاردا كردووەتەوەو تەنانەت بۆ شەوەكەشی هەر لەكەلاری ئەوكاتەو لەنێو بەگزادەكانی جاف ماونەتەوە[xliv].

بەڕادەیەك جگە لە عەزیز پشتیوان، هاوكات موكەڕەم جەمال تاڵەبانی (1923)[xlv]یش لە نامیلكەو نووسینێكی تایبەتی خۆیدا جەختی لەسەركردنەوەی لقەكانی كفری و كەلار كردووەتەوەو شانبەشانی ئەوەش ناوی كۆمەڵێك كەسایەتی نوێی هێناوە، كە سەر بەڕێكخستن و لقەكانی ئەوكاتەی پارتی هیوای كفری وكەلاردا بوون و ڕۆڵی خۆیان هەبووە لەوقۆناغەدا لەوانە : محەمەد قەرەداغی، شێخ عەتای شێخ جەمال تاڵەبانی، شێخ محەمەد نەجیبی كوڕی شێخ وەهابی تاڵەبانی، شێخ ئەحمەدی شاكەل وحەمە عەلی ئاغای زەنگەنە هەروەها لە ساڵانی دواتریشدا بڵاوكراوەیەكیان هەبووە بەناوی (شێڵان)هوە[xlvi]. جگە لەوانەش لە كەلار ناوی كەریم بەگی جاف و داودبەگی برای و حەمەئەمین بەگ ومستەفابەگی كوڕانی كەریم بەگ دێن لەبەڕێوە بردنی لقی كەلاری پارتی هیوادا[xlvii].

شایەنە باسە شاندەكەی خانەقین بۆسنووری گەرمیان بەدووڕۆژ دواترو لە 7ی تەمموزی 1941دا لەوێوە گەڕاونەتەوە بۆماڵی حەمید ئاغای زەنگەنە و ئەحمەد ئاغای زەنگەنەو بۆدوای نیوەڕۆكەیشی گەڕاونەتەوەو دوای تەواوبوونی كاری ڕێكخسن و چالاكیان ئینجا  لە ڕووباری سیروان پەڕیونەتەوەو هەر وەك عەزیز پشتیوان خۆی دەیگێڕێتەوە دووبارە لە ناوچەی (بنكورە) چوونەتە ماڵی هەڤاڵێكی دیكەی سەر بەپارتی هیوایان، كە ئەویش محەمەدتاهیر محەمەدئەمین ئاغای ساڵحانی جمور(1912-1988) بووە، بەڕادەیەك هەر لەوێشەوەو بەپێی بیرەوەرییەكانی عەزیز پشتیوان خۆی بێت دووبارە چوونەتە گوندی (سەوزبڵاخ) وبۆشەوەكەی لەماڵی مەلا عەباس محەمەدی بیارە نانی ئێوارەیان خواردووەو لە ماڵی هەریەك لەمەلاعەزیز محەمەد شاواز و شێخ مستەفای كوڕی شێخ حەمید تاڵەبانی ماونەتەوە، تاوەكو لە 11ی تەمموزی 1941دا گەڕاونەتەوە بۆ گوندی (موساعوسمان)ی ناوچەی (بنكورە)، لێرەرەش بەدواوەو بۆسەر لە ئێوارەكەیشی هەر بەئۆتۆمبیلەكەی سلێمان ئەحمەد پیروەلی، كە هەر بەخۆیشی ئەندامێكی چالاكی نێو ڕێكخستنەكانی پارتی هیوا بووە، پاشان وەك خۆی نووسیویەتی لە 1ی ئابی 1941دا بەشێوازێكی نهێنی چوونەتە ئاوایی (كانی ماسی) بۆسەردانیكردنی هەریەك لە خەلیل بەگی حەسەن بەگ دەلۆ(1912-1973) و حاجی فەتحوڵلابەگ ئەحمەدبەگ دەلۆ(1885-1981) و لە ڕێگەی گەڕانەوەشیاندا دواتر چوونەتە گوندی (پەڵكانە) بۆماڵی حەسەن محەمەد فەقێ ئیسماعیلی كەنۆش (1898- 1968) وهەروەها بۆ ئێوارەكەشی دووبارە گەڕاونەتەوە بۆشاری خانەقین[xlviii].

جێی وەبیرهێنانەوەیە،یەكێكی دیكە لە چالاكییەكانی پارتی هیوا لە سنووری گەرمیان و ناوچەی خانەقین ئەوەی بووە،كە لە 25ی كانوونی یەكەمی 1941دا بڕیار لەسەر ئەوەدراوە، كە دوكانێكی بازرگانی بكرێتەوە بۆهاوكاریكردنی خەڵكانی هەژارو نەدارو پارەی ئەمەش لە ئەندامانی پارتی هیواكۆبكرێتەوە، ئەوەش وەك دووبارە عەزیز پشتیوان باسی لێوە دەكات، لە 1ی كانوونی دووەمی 1942دا بەشێوازی سەهم دامەزراوەو هەرسەهمێكی بەدینارێك و بۆ ئەومەبەستەش (150) دینار كۆكراوەتەوەو پێش هەموو كەسێك ڕاوبۆچوونی هەریەك لە مەلاعارف مەلایەحیای خانەقین ومەلاسەید حەكیمی خانەقینی بۆوەرگیراوەو لەسەری ڕازی بوون، سەرەڕای ئەوە باس لەوەش دەكات كە بەزۆری ئەوئەندام و كەسایەتییە دیارانەی نێو ڕێكخستنەكانی پارتی هیوا كێ بوون كە بەتەواوی بەشداریان تێدا كردووەو لەهەمان كاتدا بەرپرسیارێتیان خراوەتە ئەستۆ وەك لەم بارەیەشەوە بۆی ڕوون كردوینەتەوە، كە ئەم پرۆژەو دۆسییە هاوبەشە هەر سەهمێكی بەدینارێك بووە  بۆنموونە لەبارەیەوە نووسیویەتی « هەندێكمان سەهمێكی سەندو هەندێك پێنج تا دەسەهم، بەڵام مەرحوم كاك شێخ غالب شێخ كامیل تاڵەبانی(150) سەدوپەنجا سەهمی سەندو كاك مەلاعارف مەلایەحیای كوڕی عەبدولعەزیز كرایە مودیری ئیدارەی و دوكانی پێكردەوەو بە چاودێری لیژنەیەكی ئیداریی كە لە پێنج كەس پێكهاتبوون : مامۆستا مەلاعارف مەلایەحیا، عەبدولعەزیز پشتیوان،مامۆستا مەلاسەیدحەكیمی خانەقین، حەسەن محەمەد حەسەن زەهاوی، محەمەد ساڵح سلێمان بارام دەلۆ».بەجۆرێك لەم ماوەیەش بەدواوە شوێنێكی وەك (تەكییەی شێخ فەتاح) لە ناوجەرگەی شاری خانەقیندا كراوەتە بنكەوشوێنی كۆبوونەوەی نهێنی ئەندامان و ڕێكخستنەكانی پارتی هیواو دواتریش بەیەكجاری كراوەتە ناوەندێكی گەورەی پارتی هیوا،هەروەها لێرەش بەدواوە ڕێكەوتی (2/14) هەمووساڵێك كراوەتە ڕۆژی جەژن و یادی پارتی هیوا لەشاری خانەقین لەگەڵ ناوچەو لقەكانیدا[xlix].

شایانی باسە یەكێكی دیكە لە هەنگاوەكانی پارتی هیوا و ڕێكخستنەكانی ئەوەی بووە، كە توانیویەتی سنووری ڕێكخستنەكانی ناوچەكانی گەرمیان و باشووری كوردستان تێ ببەپەڕێنی بەرەو ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی كوردستان و بەتایبەتی شارەكانی قەسری شیرین وكرماشانی ئەو دەمانەش بووەتەوە، بۆئەومەبەستەش لەساڵی 1942دا شاندێكی پارتی هیوا كە پێكهاتبوون لە چەند كەسایەتییەكی وەك : « ڕەشید ئیسماعیل باجەڵان،حەسەن خەلیفە محەمەد زەهاوی، ئیبراهیم خەلیفە قادردەلۆ، لەوێوە چوونە ناوعەشایەرو شارەكانەوەو چەند كتێبێكی كوردیان لەگەڵ خۆیاندا بردووە بۆبڵاوكردنەوە، وەك ئەلف وبێی كوردی و مێژووی كوردوكوردستان و ناودارانی كوردو ڕۆژنامەی ژین»[l]. بەڕادەیەك مێژوو نووسێكی وەك محەمەد عەلی سوڵتانیش ئاماژەی بەوە كردووە،كە چالاكی پارتی هیوا لەوبەشەی كوردستان داو بەشێوازێكی نهێنی لە دەورانی محەمەد ڕەزاشا(1919-1980)دا بڵاوبووتەوە[li]. تەنانەت ئەوانەشی كە لەوبەشەی كوردستاندا پەیوەندییان بە پارتی هیواو لقی پارتی هیوایان لەبەشی ڕۆژهەڵاتی كوردستاندا دامەزراندبێت، هەریەك لە ئیبراهیم نادری،سەیدتاهیری هاشمی و یەدوڵلای ڕەزائی كەڵوڕ بوون[lii]. تەنانەت لەهەمان ماوەو ساڵی 1942دا بڕیاریان لەسەرئەوەشدا, كە دووئەندامی چالاكی خۆیان كە هەریەك لە مستەفا خۆشناوو میرحاج ئەحمەد بوون بەمەبەستی پەیوەندیكردن بەسەرانی جوڵانەوەی ڕۆژهەڵاتی كوردستانەوە بنێرێت،چونكە لەوهەلومەرجەدا زمینەی سەرهەڵدانی حیزبێكی سیاسی لە گۆڕێ بوو، وەك لە كۆتاییەكانی ساڵی 1942دا كۆمەڵەی ژیانەوەی كورد (ژ.ك) هاتەكایەوە[liii]. هەروەها بۆساڵی دواترو لە 13ی تەمموزی 1943دا هەرپارتی هیوا توانی هاوكاری مەلامستەفای بارزانی بكات بۆئەوەی بتوانێت

بەشێوازێکی نهێنی لە شاری سلێمانییەوە لە دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی عێراق هەڵبێت و لە شاروشارچکەو ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە خۆی بگەیەنێتەوە ناوچەی بارزان بۆدەست پێکردنەوەی شۆڕش وخەباتی چەکداری[liv].

لەلایەکی دیکەشەوە جگە لەڕۆژهەڵاتی کوردستان کەسێکی وەك ڕەشید باجەڵان لەسەر ڕاسپاردەی سەرۆکی دەستەی باڵای پارتی هیوا سەردانی سوریاولوبنانی کردووەو نامەیەکی تایبەتی ڕەفیق حیلمی گەیاندۆتە دەست کامەران بەدرخان (1895-1978) سەبارەت بەیەکخستنی توانای هەموو کورد لە کوردستانێکی یەکگرتوواو هاوکات چاوپێکەوتنی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی دیکەی کوردی وەك جەلادەت بەدرخان (1893-1951) و نورەددین زازا (1919-1988) و شاعیری ناسراوی کورد قەدری جان(1911-1972)[lv]. تەنانەت هەر دەرئەنجامی ئەم سەردانەی ڕەشید باجەڵانیش بووە، کە بووەتە مایەی ئەوەی پەخشنامەو بڵاوکراوەکانی بەدرخانییەکانی وەك ڕۆژنامەی (ڕۆژانو) وگۆڤاری (ڕوناهی) لەوڵاتی شامەوە بگاتە شاری بەغداو لەڕێگای ئەمیشەوە بگاتە دەستی دەستەی ڕووناکبیریی کوردی لە عێراق و باشووری کوردستان[lvi]. سەرەڕای بڵاوکرنەوەو دابەشکردنی پەخشنامەی پارتی هیوا لەکاتی شەوو بەشێوازێکی نهێنی بەسەر شارو شارۆچکەکانی ئەوەدەمانەی سەربەلیوای دیالەی وەك :« خانەقین، قزرەبات،شارەبان، بەعقوبە، قۆرەتوو،مەیدان،لەعەینی شەوو 3 سێ مانگ جارێك»[lvii].

جێی وەبیرهێنانەوەیە، هەربەپێی ناوەرۆك و دەستنووس و بیرەوەرییەکانی عەزیز پشتیوان بێت، ئەواچالاکی وبڵاوبوونەوەی بەردەوامی ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا لە سنوورەکانی لیوای دیالە و ناوچەی گەرمیانی سەر بەلیوای کەرکووك، تەنها قەتیس نەبووە بەشاروشارۆچکەکانی خانەقین وکفری وکەلارو شێروانەوجەلەولاوە، بەڵکو بەتەواوی سنوورەکانی دیکەی بناری بەمۆو هۆرێن و ناحیەی قۆرەتوو،هەروەها لەولاشەوە تاوەکو شارەبان (مقدادية) ودەوروبەریشی گرتووەتەوە، دیارە ئەوەش بەزۆری لەڕێگەی ئەو دوورخستنەوەو گواستنەوانەی ڕاژەی عەزیز پشتیوان خۆیەوە هاتووەتە دی، کە لەماوەی ئەوسالانەی مامۆستاییدا، کە لەسەر هەست و بیروباوەڕی کوردایەتی و چالاکی پارتی هیواو ڕێکخستنە بەرفراوانەکانی وەك مامۆستایەك و هاوکات وەك کادیرێکی باڵاو دیاری پارتی هیوا لەلایەن فەرمانڕەوایانی عێراق پاشایەتی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی مەعاریفی دیالە وبەتایبەتی موتەسەریفی لیوای دیالە مستەفا یەعقوبییەوە بۆیان دوورخراوەتەوە، کەچی ئەویش لای خۆیەوە، بەهیچ جۆرێك کۆڵی نەداوەو لەکاری ڕێکخستن و چالاکی حیزبایەتی خۆی بەردەوام بووەو هەمیشە کاری لەسەر ئەوەش کردووە، کە چۆن بتوانێت خەڵکانی نوێ و ئەندامی نوێ بهێنێتە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی هیواوە، وەك لەم بارەیەشەوە نووسیویەتی : « لە1ی ئەیلولی 1944دا نەقڵ کرامە هۆرێن و لە قوتابخانەی (شەرەفبەیانی سەرەتایی)، کە پێکهاتبوو لە دووکۆز (صف) نزیکەی (75) قوتابی بوون قوتابیەکانم فێری سرودی نیشتمانی (ئەی براینە بابچینە مەکتەب بۆ وەرگرتن ئەخلاق وئەدەب)،( وەتەنی من کوردستانە)،(چەند شرینە لام داروبەردی وەتەنم)، بیروباوەڕی کوردەواریم بڵاودەکردەوەو بەهۆی قوتابیان و فەڕاشی قوتابخانەکەوە مەرحوم (عەبدولڕەحمان عەزیز هۆرینی) وکاك عوسمان بەگی شەرەفبەیانی(1895-1968)[lviii] لە دیوانخانەکەی خۆی ژوورێکی بۆتەرخانکردم، مانگێك تیایدا بووم هەموو مەسروفم لەسەری بوو، نەی ئەهێشت هیچ سەرف بکەم و لە1944/10/1دا شانشینە کۆنەکەی خۆی پێشکەش کرد بە قوتابخانەکەو هەروەها لەنێو شانشینەکەی خۆیشیدا ژوورێکی پێشکەش بەمن کرد بۆ دانیشتنی خێزانم و ئەو ژوورەکانی تریشی بۆقوتابخانە کۆزی یەکەم وکۆزی دووەم[lix].

دوابەدوای ئەوانە ئیدی عەزیز پشتیوان وەك مامۆستاو وەك کادیرێکی باڵای سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا لە سنووری خانەقین و دەروبەری لە3ی تشرینی یەکەمی 1944دا ماڵ و خێزانەکەشی دەباتە هۆرێن و لەوکاتەدا وەك خۆی باسی لێوەدەکات : «من و دایکی نەریمان و نەسرین و زۆران منداڵ بوو،کامەرانی کوڕم هێشتا لە سکی دایکیدابوو، لە21ی نەورۆزی 1945دا جەژنێکی ڕێك وپێکمان ڕێکخست، هەموو قوتابییەکان و دانیشتوان بەژن و پیاوی گوندەوە و بە حزوری عوسمان بەگی شەرەفبەیانی وکوڕوکچ وفاتمەخانی خێزانی ئامادەی بوون، ئاگری نەورۆزمان کردەوەو سروودی نیشتیمانیمان خوێندەوە، هەروەها نەریمان ونەسرینیش وتاریان خوێندەوە بەناوی کوڕان و کچانەوەو خۆیشم وتارێکی مێژوویمدا، لە دوایدا من ونەریمان ونەسرین سروودی ئاڵای کوردیمان خوێند». پێدەچێت ئەم سرودو هۆنراوەیەش هەر لە نووسینی عەزیز پشتیوان خۆی بووبێت و تەنانەت لە ناوەرۆکیدا،جۆرێك لە ڕەنگدانەوە وستایشی ناوی سەرۆکی دەستەی باڵای پارتی هیوا ڕەفیق حیلمی بەرچاوەدەکەوێت،وەك لە بەشێکیدا هاتووە :

یەزدانی گەورە لەسەر هەموومان

سەرۆکی کۆمەڵ گەورەی لەسەرمان

یاخوا هەربژی سەرۆکی سالار

لە بۆقەومی کورد، بژی هەزارجار

هەرچەندە دەقی تەواوی سرووەدەکە، وەك ئەوەی لە نێو بیرەوەرییە دەستنووسەکانی عەزیز پشتیواندا تۆمارکراوە بەم شێوەیەی لای خوارەوەیە، وەکوخۆی ئاماژەی بۆکردووە، کە لەو ڕۆژگارەدا قوتابیانی قوتابخانەی(شەرەفبەیانی سەرەتایی) لە هۆرێن وبەردەوام تووبانەتەوە :

ئاڵای کوردی هەتا نەبینم

هیچ سارێژنابێ دەردی دەروونم

کونی تێ بووە جەرگ و سینەمان

هەڵسین بابڕۆین هیچ ڕانەوەستین

لەڕێی وەتەندا کۆمەڵ ببەستین..

وەك ئاماژە بۆئەوەش دەکات دوای خوێندنەوەی سرووەدەکە لەلایەن قوتابیان و ئامادەبووانی ڕێوڕەسمەکەوە چەپڵەیەکی زۆریان لێدراوەو :« لەدوایشدا هەنجیرو مێوژوخورمامان دابەش کرد بەسەر قوتابیان و دانیشتواندا، بەیارمەتی عوسمان بەگی شەرەفبەیانی و کوڕەکانی، ئەوەبوو کۆبوونەوەکەمان دەنگی دایەوەو گزیرێك ڕاپۆرتی دابوو بەمودیری ناحیە زەکی ئەحمەد هەناری (1909-1967)[lx]و کاتبی ناحیە،کە عاصم نەشئەت نەقشبەندی بووە لە ناحیەی مەیدان». هەروەها عەزیز پشتیوان باس لەوەش دەکات کە چۆن لەوماوەیەداو لەناوچەکەدا کۆمەڵەی هیوایان ڕێکخستووەو لیژنەیەکانیان لەم کەسایەتییانەی ناوچەکە پێکهێناوە لەوانە :» میرزا محەمەد قوبادی، عوسمان بەگ شەرەفبەیانی،تاهیربەگی برای، عەلی ئیحسان بەگ، مەحموود

خان عوسمان بەگ، لە دوایشدا شێخ محەمەد ساڵحی مەیدان بوونە ئەندام و ناوی هۆرێن دانرا بە(هەرێمی بەمۆ). بەبۆنەی شاخی بەمۆ لەوشوێنەداو ڕۆژلەدوای ڕۆژ ئەندامان ڕێکدەخران و لێپرساوەمان بۆ دادەنان پێنج پێنج،حەوت حەوت،نۆنۆ،دەنگی دایەوە«[lxi].

شانبەشانی ئەوانەش عەزیز پشتیوان باس لەوەش دەکات کە لەسەر« ئەوراپۆرتەی جەژنی نەوروز لە2ی نیسانی1945دا بەبروسکەی موتەسەریفی ئەوکاتەی لیوای دیالە مصطفی یەعقوبی نەقل کرام بۆ شارەبان، بەلام عوسمان بەگی شەرەفبەیانی ئیعترازی کردو دوایان خست تا ئەشعاری ترو لە15ی نیسانی 1945دا مامۆستا عەبدولکەریم مەندەلاوی ناوێکیان نارده شوێنەکەم, بەلام عوسمان بەگ دیسان ئیعترازی کردو وتی من ئەم مامۆستایەم ناوێت ومامۆستا عەبدولجەبار غێدان داودی لە شوێنم جێگیر بوو، منیشیان نارده مەرکەزی ناحییەی قۆرەتوو، ئەوەبوو خێزانەکەم بردەوە بۆشاری خانەقین و من ونەریمانی کورم لە قوتابخانەی (قۆرەتوو) دەوامەمان دەکردو چووینە ناومامۆستایانی قوتابخانەی قۆرەتوو»[lxii]. دوابەدوای ئەوانەش عەزیز پشتیوان ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە،کە چۆن بۆساڵی دواترولە1ی تشرینی دووەمی 1945 ڕاژەی مامۆستایی دەگوازرێتەوە بۆشارەبان و وەك مامۆستا لە قوتابخانەی (المقداد) لە گوندی (پەروانە) دادەمەزرێت, تەنانەت نەریمانی کوڕیشی وەك قوتابیەك لەگەڵ خۆی دەبات و لەگوندی (پەروانە) لەگەڵ دوومامۆستای دیکەی عەرەبدا خانوویەك بەکرێ دەگرن، کە ئەوانیش هەریەك لە : مامۆستا محەمەد مەجید ناعور ئەلعانی و یوسف یەعقوب ئەلعانی بوون و هەرسێکیان پێکەوە لە ژوورێکدا «بەلام خواردنیان پێکەوەوبەهاوبەشی دەبێت».بەلام لێرەش بەدواوە مامۆستا ڕەفیق حیلمی نەقل دەکرێتە شاری بەسرە، ئەوەبوو لە1ی تەمموزی 1945دا سلێمان ئەحمەدی خاڵۆزای بەمەبەستی هەواڵپرسین دەنێرێتە سەردانی لەگەڵ نووسراوێکی تایبەتیدا خۆیدا بۆشاری بەسرەو لە پاش چاوپێکەوتنی دەگەڕێتەوەو وەڵامی نووسراوەکەی دەداتەوەو زۆرسوپاسی دەکات، لە دوایشدا مستەفا یەعقوبی نەقل دەکرێت وپاشان حەسەن تاڵەبانی(1913-2000) دەکرێتە موتەسەریفی دیالە وهاوکات مامۆستا ڕەفیق حیلمیش دەگەڕێتەوە لیوای دیالە لەبەعقوبە و لە1ی ئایاری 1947دا مامۆستا ڕەفیق حیلمی بەهۆی سەرپەرشتیاری پەروەردەیی مامۆستا محەمەدحوسێن شەبیب، عەزیزپشتیوان دەنێرێتەوە قوتابخانەی (المقداد)،بەلام وەك چالاکی سیاسی وکاری ڕێکخراوەیی و حیزبی پاش کۆتاییهێنانی پارتی هیوا لەگەڵ دەمەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردو لە16ی ئابی 1946دا وەکو خۆی باسی لێوەدەکات و پاش ئەوەی پرس و ڕاوێژی پێویست بە ڕەفیق حیلمی دەکات پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردەوە دەکات ئەمەش دوای ئەوە دێت، کە بەشێك لە هاوەڵ و هاوسەنگەرەکانی پەیوەندی بەوحیزب وئاراستە سیاسی وچەپانەوەدەکەن، کە بەزۆری لە حیزبی شیوعی عێراق وحیزبی ڕزگارییەوە نزیك بوون وەك نووسیویەتی« دوای ماوەیەك یەك دوو ئەندامان لێمان لایانداو چوونە سەررێگەی تر بەناوی شۆڕش وکۆمەنیستییەوە«. بەتایبەتی دوای ئەوەی چەند بلاوکراوەو پەخشێکی ڕزگاری دەرچێت :« ئێمەش هەر لەتەك مامۆستا ڕەفیق حیلمیدا ئیستشارەمان ئەکردو لە 1946/8/16چووینە ریزی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بەسەرۆکایەتی مەلامستەفای بارزانی».کەچی لێرەش بەدواوە پەیوەندی لەگەڵ ڕەفیق حیلمی نابچڕێت هەر دەمێنێتەوە[lxiii].

## تەوەری چوارەم : کۆنگرەی کەلاری پارتی هیوا لەبەررۆشنایی بیرەوەرییەکانی عەزیز پشتیواندا

سەبارەت بەبەستنی کۆنگرەی پارتی هیوا لەسنووری گەرمیان و بەتایبەتی لە شوێنێکی وەك کەلاری ژێردەسەڵاتی بەگزادەکانی جافدا، تاوەکو ئێستا چەندین کەس بەتایبەتی لەمیانەی نووسین و بیرەوەرییەکانیاندا لەبارەیەوە نووسیویانەو تارادەیەك ڕۆشناییان خستووەتەسەر، یەکێك لەوانەش عەزیز پشتیوانە،کەخۆی ئەندام وبەشداربوویەکی دیاروسەرەکی نێوکۆنگرەی ناوبراوبووە، کە لەدەرئەنجامیدا ڕەفیق حیلمی سەرۆکی دەستەی باڵای پارتی هیوا بەیەکجاری و لەژێر فشارێکی توندی باڵی ئەفسەرەکانی نێوپارتی هیوادا دەستی لەکارکێشاوەتەوە، وەك ئەوەی عەزیز پشتیوان بەشێك لەبیرەوەرییە دەستنووسەکانی خۆی بەناونیشانی (کۆنگرەی کەلار) بۆ وردەکارییەکانی ئەم کۆنگرەیە تەرخانکردووە، وەك لەبارەیەوەو لە سەرەتاکانیدا نووسیویەتی : « بڕیاردرا لە 1ی تەمموزی 1944 لە گوندی کەلار، کۆنگرە ببەسترێت، مامۆستا ڕەفیق حیلمی هات و چەند زابتێك هاتن بەهۆی ئەفسەری لەشکرو بەفرۆفێڵی ماجد مستەفای (1895-1975) وەزیری دەوڵەت و ئەو ئەفسەرانەش یەکێکیان مەجید مەلاعەلی بوو،کە پێشترمامۆستای سەرەتایی بوو، ئەو کۆنگرەیە (3) سێ ڕۆژی خایاندو لە دوایدا مامۆستا ڕەفیق حیلمی ئیستیقالەیدا لە سەرۆکایەتی دەستەی باڵاو فەرمووی با مەجال بدەینە گەنج ولاوانمان ووەزعی پارتی هیوامان بۆبکرێت بەپارتێکی تێکۆشەرترو خەباتکارتر»[lxiv]. ئەم بارودۆخەی نێوکۆنگرەی پارتی هیوا ئەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕەفیق حیلمی دەست لەسەرۆکایەتی ودەستەی باڵای پارتی هیوا بکێشێتەوەو لەگەڵ ئەوەشدا ببێتە جێی نارەزایی ورەخنەی دەستەیەکی بەرچاو لە هاوەڵانی خۆی هەر بۆیە عەزیزپشتیوان لەم بارەیەوەو هەر لەچوارچێوەی بیرەوەرییەکانی خۆیدا نووسیویەتی« ئێمەش من ومامۆستا سەید عەبدولحەکیم ومامۆستا مەلاعەباس وئاغای حاجی عەلی خانی کەڵوڕی وکاك محەمەد ساڵح سلێمان، کاك عەبدوڵلا وسلێمان ئەحمەد،کاك مستەفای کەریم بەگی جاف، شێخ محەمەد نەجیبی کوڕی شێخ وەهاب تاڵەبانی، شێخ عەتای کوڕی شێخ جەمال تاڵەبانی، شێخ بابا عەلی بێدار، دەورماندا من دەستم کرد بەگریان و وتم مامۆستا بەئیستیقالەی تۆوەزعی پارتی هیوامان تێك ئەچێت و ئەکەوێتە دەستی ئەم و ئەوەوە، وتی هیوادارم چاك بێت، بامن نەبمە سەبەبی تێکدان و پاشان فراڤینمان پێکەوە خوارد لە دیوەخانی کەریم بەگی جاف (1885-1949)، لە پاش نیوەڕۆ گەڕایەوەو لەڕێگەی جەلەلاوە بۆبەغدا وئێمەش پەیوەندیمان لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق حیلمی نەبڕی و هاتوچۆمان ئەکردوهەموو بەڕاوێژو ڕەوشتی ئەوئەچوینە ڕیزی کارکردنەوە»[lxv].

سەبارەت بەوردەکارییەکانی ئەم کۆنگرەیە کە ئەوەیەکەم جارە بەڕوونی بزانین کە کۆنگرەی ناوبراو لەکاتی بەستنیدا بەسەر دوولقی سەرکیدا دابەشبووبێت و کارەکانیشیان هەرلە کەلارداو لە دووشوێنی جیاوازدا بەڕێوە چووبێت وەك ئەوەی عەزیز پشتیوان لەم بارەیەشەوە ئەوەمان بۆڕوون دەکاتەوەو لە بەشێکی دیکەی دەستنووس و بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی :«بەڕادەیەك ئێمە لە کۆنگرەی کەلاردا بووین بە دووبەشەوە یەکەم : بەشی نهێنی و دووەم : بەشی ئاشکرایی،نهێنیەکەی لەماڵی کەریم بەگی فەتاح بەگی جاف بووین و ئاشکرایەکەی لەماڵی داودبەگی جاف(1904-1966) بوون ومستەفا نەریمانیش کە ئەوکاتە مامۆستابوو، لە کوڵەجۆی نزیك کەلارو سەرۆك ڕەفیق حیلمی لە کۆبوونەوەی کۆنگرەکەدا لە ماڵی داودبەگی جاف بوون و لەپاش بڕیاریان کۆبوونەوە لە تەکماندا : من،مامۆستا سەید عەبدولحەکیم،مامۆستا مەلاعەباس محەمەد سلێمان هەورامی،مەلاعەبدوڵلا عەباس ئیمام عەلی،ئاغای حاجی عەلی خان ئەکبەری کەڵوڕ، محەمەد ساڵح سلێمان بارام، سلێمان ئەحمەد، شێخ باباعەلی بێدار،سلێمان ئەحمەد پیرەولی، سەرۆك فەرمووی ئەوا من ئەچمە ناوکۆنگرەکەوەو وتووێژ ئەکەین وهەرچی بزانم سودی کوردو کوردستانی تێدابێت، ئەوا ئاگادارتان ئەکەمەوەو لە دوایدا بڕیار ئەدەین و ئاگادارتان ئەکەم ئێوەش بەگوێرەی تواناتان یارمەتی وپشتیوانیم بکەن وئێمەش بەڵێنماندا هەرچی لە تواناماندا بێت یارمەتی وپشتیوانیت ئەکەین وبۆکوردەواری تێبکۆشین وخەبات بکەین»[lxvi]. ئیدی لێرەش بەدواوەو دوای ئەوەی ڕەفیق حیلمی ڕاوێژ لەگەڵ ئەوباڵە سەرکییە دەکات، کە

بەراستی پاڵپشیانکردووەو لەگەڵیدا بوون، ئەوان بەجێ دەهێڵێت ئەچێتە نێوکۆنگرەکەوە، کە لە ماڵی داودبەگی جاف بەڕێوەدەچێت و دوای ماوەیەك گفتوگۆکردن ولێك نەگەیشتن لەگەڵ باڵی ئەفسەرانی سوپا، کە بەزۆری هەریەك لە مەجیدی مەلاعەلی و مەحموود شێخ تەهای بەرزنجی نوێنەرایەتیان کردووە[lxvii]. سەرەرای رۆڵی شیوعییە کوردەکان بۆتێکدانی هیوا[lxviii]. جگە لە فشارێکی زۆر ئیدی ڕەفیق حیلمی بەناچاری و بە یەکجاری دەستبەرداری پارتی هیوا دەبێت وتەنانەت لەسەر ئەو بۆچوونەشیان ڕازی دەبێت، کە ناوی پارتی هیوا بگۆڕدرێت وبکرێت بە (پارتی ڕزگاری کوردستان)،هەروەها عەزیز پشتیوان هەر لەمیانەی بیرەوەرییەکانیدا باس لەوەش دەکات کە ڕەفیق حیلمی : « پاشان چوو بۆماڵی داودبەگی جاف ولەپاش کۆبوونەوەو وتوێژ سەرۆك بڕیاری دابوو تەنازول بکات وناوی (پارتی هیوا) بگۆڕێت وببێت بە (پارتی ڕزگاری کوردستان)[lxix]. لەبەرئەوەی پارتی هیوا دەوری خۆی تێپەڕکردووەو کوردی بێدار کردووەتەوە لە ناسینی مێژووی خۆی وهەڵسانی بیروباوەڕی نەتەوایەتیدا، هەموو دانیشتبووین لە ماڵی کەریم بەگی جاف من هەڵسامە سەرپێ ووتم مامۆستا تەنازولکردنی جەنابت تەنازولکردنی ئێمەیە، ئەوانەی ئەم کۆنگرەیان گرتووەو ئێمەیان هێناوە بۆێرە (کەلار) هەمووی فرۆفێڵی میرییە و ئەمە زیانێکی گەورەیە بۆکوردەواریمان،من زۆر دڵتەنگ بووم و فرمێسکم هاتەخوارەوە سەرگۆنام، سەرۆك ڕەفیق حیلمی وتی کاك پشتیوان هیچ دڵتەنگ مەبە،منیش چاکی لێ ئەزانم بابەتەنازولکردنی من حەل موشکیلە بېڕێتەوە،چونکە ئەمە ماوەیەکە ئەمانە حزبێکن بۆتێکدانمان»[lxx].

هەرچەندە لەلایەکی دیکەوەو بەپێی گێڕانەوەی هەریەك لە مستەفا نەریمان و عەزیز پشتیوان، کەسێکی وەك کەریم بەگی جاف هەوڵێکی زۆری دابوو، بۆئەوەی چارەسەرێکی ناکۆکییەکانی نێوپارتی هیوا بکات، بەمەبەستی ئەوەی ڕیزەکانی هیوا تێك نەچێت و ناخۆشییەکان چارەبکرێن و پرۆگرامێکی نوێ بۆداهاتوو دابنرێتەوە[lxxi]. بەجۆرێك ئەم ململانێ وباروودۆخە نەخوازراوەی نێوڕیزەکانی پارتی هیوا و کۆنفراسی پارتی هیوا کە لە ماڵی کەریم بەگی جاف لە کەلار بەڕێوەچوو، هەرزوو بووەتە جێی سەرنجی کاربەدەستانی ئێرانی پەهلەوی و بەروونی لە بەڵگەنامەکانی وەزراتی ناوخۆیاندا ڕەنگی داوەتەوە،بەوەی بەئامادەبوونی سەرۆك هۆزەکانی ناوچەی خانەقین بەڕێوە چووەوجۆرێك لەپەیوەندی لە نێوان هۆزەکانی قوبادی و باباجانی و قەمبەرسوڵتانی ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەرچاوەی گرتووە، هەروەها بەڵگەنامەئێرانییەیان ئاماژەیان بەوەشکردووە، کەچۆن زانیارییەکانیان لە ڕێگەی کۆنسوڵگەرییەکەیانەوە لە شاری خانەقین و ئینجا لەڕێگەی باڵیوزخانەکەیانەوە لە شاری بەغدا بەدەست گەیشتووە[lxxii]. تەنانەت باسی لەوەشکراوە،کەچۆن کۆمیتەیەك پێکهێنراوە بۆڕووبەڕووبونەوەی فەرمانڕەوایانی بریتانیا[lxxiii]. هاوکات هەربەپێی دۆکیومێنت وبەڵگەنامەیەکی دیکەی ئێرانییەکان داوایان لە پۆلیسی سەرسنوری نێو دەوڵەتی شارۆچکەی قەسری شیرین کردووە،بۆئەوەی زانیاری زیاتریان لەبارەی ئەوکۆمیتەیەوە بۆکۆبکاتەوە[lxxiv].

شایەنی باسە موکەڕەم تاڵەبانی لەبارەی دەرکردن و دوورخستنەوەی سەرۆکی دەستەی باڵا ڕەفیق حیلمییەوە لەسەرۆکایەتی پارتی هیوا ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە ئەفسەرەکانی سوپای نێو پارتی هیوا :« مامۆستا ڕەفیق حیلمیان وەکو کۆسپێك دەزانی لەپێش پەرەپێدانی جوڵانەوەی نیشتمانی لەکوردستانی عێراقدا، ئەمانە بۆلابردنی ئەوکۆسپە،بەکارهێنانی زۆرداریشیان بەمافێکی ڕەوادەزانی، لەبەرئەوە ئەفسەرەکان لە پارێزدا بوون وکەوتبوونە چاودێری مامۆستا ڕەفیق حیلمی»هەوە[lxxv]. هەر لەم بارەیشەوە موکەڕەم تاڵەبانی جەخت لەسەر ئەوەدەکاتەوە، کە گوایە ئەفسەرەکانی نێوپارتی هیوا ڕۆژێکیان هەر لەسنووری گەرمیان ولەسەر:« ڕێگای سەرقەڵا- کفری ئەم هەڵەیان بۆ هەڵکەوت و مستەفا خۆشناوی شەهیدومەحموود شێخ تەهای بەرزنجی تووشیان بووە تووشی مامۆستا ڕەفیق حیلمییەوەو بەزۆر لەسەرۆکایەتی هیوا وازیان پێ هێناو بەیانێکی ئامادەکراویان پێ مۆرکرد، ئیترسەرۆکایەتی مامۆستا ڕەفیق حیلمی لە پارتی هیوا کۆتاییهات و پارتی هیوایش جارێکی دیکە خۆی نەگرتەوەو مەیدانی تێکۆشانی بۆئەوپارتانە چۆڵکرد، کە بیروباوەڕی دیموکراسی و پێشکەوتووخوازیان لەبەرنامەکەیان تۆمارکرد»[lxxvi]. ئیدی پارتی هیوا دووچاری جۆرێك لەپەرت وبڵاوی وپارچەپارچە بوون بوویەوە[lxxvii]. ڕەفیق حیلمیش بەتەواوی دەستی لەسەرۆکایەتی پارتی هیوا هەڵگرت وبەیەکجاری وازی لێهێنا[lxxviii]. بەڵام شێخ عەتای تاڵەبانی وەك ئامادەبوویەکی دیکەی نێو کۆنفرانسی کەلار باس لەوەدەکات بەوازهێنان ودەست لەکار کێشانەوەی ڕەفیق حیلمی کۆمیتەکی سەرۆکایەتی پێکهێنرا بۆبەڕێوەبردنی کاروباری پارتی هیوا لەم کەسایەتییانەی وەك مەلاسەید حەکیم خانەقین،عەزیزپشتیوان،محەمەد ئەرمەغانی،عەلی حەمدی بیدۆهی،شێخ عەتای تاڵەبانی،لەگەڵ نوێنەری ئەفسەرەکانی سوپا کە هەریەك لە مەجیدی مەلاعەلی ومەحموود شێخ تەهای بەرزنجی بوون[lxxix].

دوابەدوای ئەوەش عەزیز پشتیوان باسی ئەوهەڵوێستەی بەشێك لە هاوەڵان ولایەنگیرانی باڵی ڕەفیق حیلمی نێورێزەکانی پارتی هیوادەکات، کەچۆن بەڵێنی خۆیان بۆ ڕەفیق حیلمی دووپات کردووەتەوەو بەهەموویانەوە لەبەری هەڵساونەتە سەرپێ و نیگەرانی تەواوی خۆیان لە دوور خستنەوەی ڕەفیق حیلمی دەربڕیوە، وەك لەم بارەشەوە نووسیویەتی :« هەموویان هەڵسانە سەرپێ وئەوهەموو باڵە نهێنییەی کە لەتەك سەرۆکدا بووین (11) یازدە کەس بووین، کاك ئاغای ئەکبەری دەستی سەرۆکی گرت و دەستی من و وەسمان بەگی دابەدەستی یەکەوەو لە دوایدا دەستی خۆی و مامۆستا مەلاسەیدعەبدولحەکیم و لەپاشان مامۆستا مەلاعەباس و کاك مەلاعەبدوڵلا عەباس ومحەمەدساڵح سلێمان بارام دەلۆوشێخ باباعەلی بێداروسلێمان ئەحمەد پیروەلی»، هەموو دەستمان پێکەوە فەرمووی بڵێن : پەیمان ئەدەین بەیەزدانی گەورە بەڕاستی بۆ کورد وکوردستان تێبکۆشین وخەبات بکەین و بەڕاستی ئێمە لەگەڵ جەنابتاین. سەرۆك وتی سوپاسی هەستی بەرزتان ئەکەم، بەڵام تکاتان لێ ئەکەم ئێوە کۆتایی بەواجبی نیشتمانی خۆتان مەهێنن و بامنیش تووشی گێچەڵ نەبم و ئێوەش خۆتان زۆر بپارێزن، ئەگەر وەزع تەسفیە بوو، چاك وخراپ دەرکەوت، ئەوکاتە بڕیاری لەسەرئەدەین، سەرۆك چووەوە بۆماڵی داودبەگی جاف و ئێمەش لە شوێنی خۆماندا ماینەوەو لەپاشان نزیك ئێوارە سەرۆك هاتەوەو خواحافیزی لێکردین و وتی : « کاك عەزیزبەڕووخسەتت ئیزنی کاك سلێمان ئەحمەد پیروەلی بدەی بەگەڕیانەکەی خۆی بمان بات بۆوێستگەی کفری وتم مامۆستا ئێمە هەموومان ئامادەین لە خزمەتتدابین و ڕەوانەت بکەین، فەرموو تکا ئەکەم لە کاك سلێمان ئەحمەد پیروەلی وکاك محەمەد ساڵح سلێمان دەلۆ زیاتر نەیەت، ئەوەبووهەردووکیان لەگەڵیدا چوون ولەدوایدا وابزانم چوونەوەوکاك مستەفا نەریمان لە گەڵیاندا چووە و لە ئەم بۆنەوە مامۆستا مستەفا نەریمان لە ئەوکۆبوونەوەو چوونی لەگەڵ سەرۆك بۆ وێستگەو لادانیان بۆماڵی عەزیزخان ئیبراهیم خان دەلۆ(1908-1968) وکۆبوونەوە لەگەڵیدا چاکتر لێی دەزانی»[lxxx].

لەلایەکی دیکەوەو وەك پێشتر ئاماژەی بۆکرا شێخ عەتای تاڵەبانی باس لەوەدەکات لە دوورخستنەوەو دەست لەکارکێشانەوەی ڕەفیق حیلمی بەدواوە کۆمیتەیەکی سەرۆکایەتی بۆ بەڕێوەبردنی پارتی هیوا لەچەند کەسێکی نێوکۆنگرە پێکهێنرا، ئەوەبوودواتریش ئەمانە بەمەبەستی پاڵپشتیکردن لە شۆڕشی

مەلامستەفا بارزانی 1943-1945 کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانیان بەسەرپەرشتی مەلاسەید حەکیم لە تشرینی یەکەمی 1944دا لە گوندی گێژەکانی نزیك کەلار دژبە فەرمانڕەوایانی عێراق وبریتانیا لەکاتی شەوداو بەناوی (قەنیلە)بەڕێوەبرد[lxxxi]. کەتیایدا بەشێك لە کەسایەتی ونوێنەری هۆزەکانی ناوچەی گەرمیان تیایدا بەشداربوون[lxxxii]. کەچی هەندێ سەرچاوە لەم بارەیەوە بەهەڵەدا چووە وشوێنی بەستنی کۆبوونەوەکەی بەشاری سلێمانی دەستنیشانکردوە[lxxxiii].

هەرچەندە عەزیز پشتیوان وای دەگێڕێتەوە کە ئەوان بۆ :« ڕۆژی دووەم 1944/7/2 لە ماڵی کەریم بەگی جاف چەند برادەرێك هاتنە لامان و کەریم بەگ و داود بەگی جاف لە گەڵیاندا بوون، سەرەڕای کاك شێخ محەمەدنەجیب شێخ وەهاب تاڵەبانی و کاك شێخ عەتای شێخ جەمال تاڵەبانی وچەند کەسێکی تربوون کەریم بەگی جاف فەرمووی داودبەگ لە ڕێی خوا باکورد لە ئەمە زیاتر بەدبەخت نەبێت زۆرئاگاتان لەخۆتان بێت، ئەم زابتانە جێی بڕوا نین، چۆن ئەبێت ڕەفیق حیلمی نەمێنێت لە هیواداوئەمانە هەمووی بۆ وەزیفەیە، ڕەفیق حیلمی چەندین ساڵ تێکۆشاوەو خەباتی کردووە«کەچی شێخ عەتای تاڵەبانی وبەپێی گێڕانەوەی عەزیز پشتیوان وتوویەتی : «بەگم وەزع زۆرچاکتر ئەبێت، کەریم بەگ وتی : شێخ عەتا توخوا بەسە ئیتر ئێوە نەتیجەی نازانن، کورد هەوڵ ئەداوگێرەشێوێن تێکی ئەدات، ئەوەبوو لە 1944/7/3دا ئێمە گەڕاینەوە بەسواری ئەسپ لە ڕێگەی ئاوی سیروانەوە چووینەوە گوندی (باریکە) بۆماڵی تاهیرئاغای محەمەد ئەمین ئاغای ساڵحانی جمور(1912-1988) و فراڤینی نیوەڕۆژەمان خوارد، بە ئێوارەیدا سلێمان ئەحمەد پیروەلی هاتە شوێنماندا وچووینە گوندی (موسا عوسمان) هەندێك ئاژاوە هەبوو لەناویاندا ئاشتمان کردنەوەو چوینەوە بۆشاری خانەقین»[lxxxiv].
هەرچەندە بەماوەیەك دواتریش لە (گەڕەکی سلێخ )ی شاری بەغدا بەشێك لەئەندامان و هەوادارانی پارتی هیوا لەمیانەی کۆبوونەوەیەکیاندا کە لە ماڵی جەلیل وشیارو ڕەشید قادر بەڕێوەچووە هەوڵێکی دیکەیانداوە بۆدووبارە یەکگرتنەوەی باڵەکانی هیوا کەچی تیایدا سەرکەوتوونەبوون[lxxxv]. بەڵام عەزیز پشتیوان لەدرێژەی بیرەوەرییەکانیدا نووسیویەتی :«بەڵام ئێمە هەرلەسەر بیروباوەڕی خۆمان بووین ولەدوایدا هەڤاڵان و لیژنەی کرێکاران و جوتیاران و کەسەبەمان تێگەیاند، کە لەڕێی کوردەواریی خۆمان بەڵێنمانداوە لانەدەین، بەڵام دوای ماوەیەك یەك دووئەندام لایاندا لێمان و چوونە سەر ڕێگەی تربەناوی شۆڕش و کۆمەنیستییەوە، چەند پەخشێکی ڕزگاری دەرچوو و ئێمەش هەر لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق حیلمیدا ئیستشارەمان ئەکرد ، ئەوەبوو لە 16ی ئابی 1946دا چوینە ڕیزی (پارتی دیموکراتی کوردستان) بە سەرۆکایەتی مەلا مستەفای بارزانی (1903-1979)، بەم موناسەبەتەوە پەیوەندیمان لەگەڵ مامۆستا ڕەفیق حیلمیدا نەبڕی». تەنانەت لەساڵانی دواتریشدا هێندە خۆی بەهۆگروکەسێکی نزیك لە ڕەفیق حیلمی زانیوە تا کۆتاییەکانی ژیانی وبەبەدەوامی لە شاری بەعقوبەوبەغدا سەردانی کردووەوهەروەها لەکاتی سەرەمەرگیشدا بەجێی نەهێشتووە وەك لەم بارەیەوە نووسیویەتی : «ئەوەبوو لە هاوینی 1960دا مامۆستا ڕەفیق حیلمی نەخۆشبوو، چووە نەخۆشخانەی ئاشتی (مستشفی السلام) لەبەغداو دووجار سەرم لێیدا سێیەم جار من ونەریمانی کوڕم سەرمان لێیدا تاوەکو لە ڕۆژی پێنج شەممە 1960/8/4دا تەوقەمان لەگەڵیدا کردو تەماشامانی کردو وتووێژی کرد بەچاوتەماشامانی کرد، لە پاشان فوئادعارف (1913-2010) هات ئەویش نەخۆش بوو، تەوقەی لە گەڵماندا کردو عیسمەت خانی(1909-1969) خوشکی مامۆستا لای بوو، لەگەڵ دایکی کاك شەوقی و ئەوەبوو، لەسەعات یەکی پاش نیوەڕۆ کۆچی دوایی کردو لە پاشان تەرمەکەی برایەوە بۆشاری سلێمانی». پاشان باس لەوەش دەکات کە چۆن لەڕێوڕەسمێکی جەماوەریی گەورەدا لە شاری بەغداوە بەرەو شاری سلێمانی کراوەتەوە »بەچەشنێکی گەورە هەرچی ڕۆشنبیران وپەنجا ئۆتۆمبیل زیاتر لەتەکیاندا چوونە شاری سلێمانی». ئینجا لەڕێوڕەسمێکی جەماوەری گەورەدا لە گۆڕستانی (گردی سەیوان) نێژراوە[lxxxvi]. پاشان لەبەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکانیدا سەبارەت بەکۆچی دوایی ڕەفیق حیلمی، عەزیز پشتیوان باس لەوەش دەکات جگە لە شاری سلێمانی ئەمانیش وەك وەفایەك بۆکۆچی دوایی سەرکردەکەیان لەشاری خانەقین وگوندەکانی دەوروبەری بۆماوەی سێ ڕۆژ پرسەیان بۆداناوە وەك نووسیویەتی «پرسەنامەش لە هەموو کوردستانەوە چوو بۆکەسوکارەکەی ولەهەموو شارەکان پرسەی بۆ دانراو لە شاری خانەقین وگوندەکانی بۆماوەی سێ ڕۆژپرسەمان بۆی دانا، مامۆستا لە نەمرە بە نرخەکانی کوردو کوردستان دەژمێردرێت وناوی لە مێژووی تێکۆشەران و خەباتگێڕانی کوردوکوردستان وجیهانی کوردەواریی بەرزترین پایەی جێگیربووە«[lxxxvii].

## تەوەری پێنجەم :عەزیزپشتیوان وگرووپی چانەخۆرەکانی گەرمیان وناوچەی خانەقین

لەسەروبەندی بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی وپێش سەرهەڵدانی جەنگ, بیرۆکەی چانەخواردنەوە لە شاری خانەقین و دەوروبەری وەك خۆی باسی لێوەدەکات لای عەزیز پشتیوانەوە سەرچاوەی گرتووە وەك لەم بارەیەشەوە دەیگێڕێتەوە : » لە دوای سییەکان ڕوانیم ئەم کوردەوارییە پارەوپولێکی زۆر لە چاخواردنەوەدا سەرف ئەکات بێئەوەی هیچ سودێکی هەبێت، منیش بڕیارمدا تا ڕووەکی چا لە کوردستان نەڕوێت چا نەخۆمەوە«[lxxxviii] ئەمەش درێژی کێشاوە تا ئەوکاتەی کۆچی دوایی کردووە دەستبەرداری ئەوڕێبازەی خۆی نەبوو[lxxxix]. هەروەها لەم بارەیەوە و لەمیانەی چاپێکەوتنێکیدا کە بۆمستەفا نەریمانی گێڕاوەتەوە » سەرەتا لە خۆمەوە دەستم پێکردو مامۆستا مەلاسەیدحەکیم وچەند خێزانێك لەکفری سابیری خاڵۆت وفەقێ محەمەدی سەعاتچی تەرخانی (1914-1985) ومەلا ئەحمەدی ڕووت (1897-197)[xc] چاویان لێکردین، ئەمەش لە ساڵی 1938-1939دا بووتاوەکو ئەمڕۆش هەرچا ناخۆینەوە«[xci]. هەرچەندە لەلایەکی دیکەوەو بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرهەڵدانی کێشەی ئابووری وبەرزبوونەوەی نرخ لەبازاڕەکانی جیهان بەگشتی وهەروەها عێراق و ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستان، یەکێك لە هەنگاوەکانی فەرمانڕەوایانی عێراقی پاشایەتی ئەوەبوو، کە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی ئەم بارودۆخە ڕێکارێکی یاسایی بگرێتەبەر،بەتایبەتی لە 13ی ئەیلولی 1939دا، کاتێك_یاسای ئەنجوومەنی تەموینی ناوەندی (مجلس تموین المرکزی) عێراق ڕاگەیاند، ئەمەش زیاتر بەمەبەستی ڕێکخستنەوەی ژیانی ئابووری لە وڵات و هاوکات زیاتر بڵاونەبوونەوەی ئەوقەیران وکێشە ئابوورییەی کە لە دەرئەنجامی بەرپابوونی جەنگەوە ڕووبەڕووی وڵات دەبوویەوە، ئەمەش وای کردبوو جۆرێك لە بارودۆخی گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی شمەك وکەلوپەلی پێویست لە بازاڕەکانی وڵاتدا بێتەکایەوە، لە نێویاندا سەرچاوە خۆراکییەکانی ڕۆژانەی کۆمەڵانی خەڵك هەر لە شەکر،چا، ڕۆن وقوماش و هەمووئەوبەرهەمە خۆراکییانەی کە ڕۆژانە پەیوەست بوون بەژیانی کۆمەڵانی خەڵکەوە، بەجۆرێك هەرئەمەش وای لە کۆمەڵانی خەڵك کرد، کە بکەونە کڕینی سەرچاوەی خۆراکی زیاترو خەزنکردنی لەماڵان وبەجۆرێك نرخی سەرچاوەیەکی خۆراکی وەك نان لە شارێکی وەك کەرکووکدا چوارجای نرخی خۆی بەرزبێتەوە،هاوکات لە هەردوو لیوای سلێمانی و هەولێردا، کۆمەڵانی خەڵك بەهۆی کەمی نان ودانەوێڵەی پێویستەوە ئەوا پەنایان دەبردەبەر خواردنی ئەونانەی کە لە ئاردی بەڕوو بەرهەم دەهات و نرخی هەرکیلۆیەك ڕۆنیش لەشارێکی وەك سلێمانیدا گەیشتە زیاتر لە(225) فلس و تەنانەت لە شارێکی وەك خانەقینی ئەوکاتەشدا، کە ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی سوپای پۆڵۆنی لێبوو، بووبوونە مایەی ئەوەی هەرزوو سەرچاوە خۆراکییەکان لە بازاڕی

ئەوشارەدا نەمێنێت و بەتەواوی نرخەکانیان بەرزبێتەوە بۆنموونە نرخی هەرکیلۆیەك شەکری ورد لە بازاڕی ڕەشدا گەیشتە یەك دیناری عێراق،هەروەها نرخی هەرکیلۆیەك چای گەڵاش لە بازاڕی شاری خانەقین و کفری ئەوکاتەدا بەپێی گێڕانەوەی مستەفا نەریمان گەیشتبووە پێنج دینارو هەرپیاڵەیەك چاش لە چایخانەکانی بازاڕدا لە دووفلسەوە بەرزبووەیەوە بۆ (10) فلس وێڕای هەمووئەوانەش دراووپارە هەرزۆر کەم بووەتەوە, جگە لە هەموو ئەوانەش مەسەلەی ڕەشوەوبەرتیلخۆری بەتەواوی بڵاوبووەوە[xcii]. بەرادەیەك کارگەیشتووەتە ئەوەی کۆمەڵێك خوێندکارو دانیشتوانی شارێکی وەك سلێمانی لە18ی تشرینی یەکەمی 1942دا هێرشیان کردووەتەسەر ئەوبازرگانە موسڵیانەی کە بە مەستی کرینی ڕۆن،برنج،خەڵوز، ئاژەڵ وولاخی بەرزە هاتوونەتە نێوشارەوەوبەردبارانیان کردوون، لەئەنجامدا چەند کەسێك بریندارببوون و بەدەستێوەردانی هێزی پۆلیس بڵاوە بە هێرشبەران و کۆمەڵانی خەڵك کراوە[xciii].

شایانی باسە کەڵەکەبوونی هەموو ئەم نادادی وبارگرانی و قەیرانەی ئابووری لە شارێکی وەك خانەقینی ساڵانی جەنگی دووەمدا، کە ئەندامان وچالاکی ڕێکخستنەکانی پارتێکی وەك هیوای تیا زۆربەهێزوگەشەی کردووە، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك کەسایەتی دیارو زۆرچالاکی ئەودەمانەی شاروناوچەی خانەقین ودەروبەری ڕێبەرایەتیان کردووە، لەوانە عەزیز پشتیوان وعەبدوڵلای برای، مەلاسەید حەکیم خانەقین،ڕەشید باجەلان ومحەمەد ساڵح سلێمان بارام و جگە لەسەید ئیبراهیم و مەلاعارف خانەقین،کە بەسەریەکەوە بە بزوێنەری سەرەکی پارتی هیواو هەروەها گروپ و ڕێکخراوی یان کۆمەڵەی چانەخۆرەکانی گەرمیان وناوچەی خانەقین دادەنرێن[xciv].بۆنموونە هەر لەم بارەیەشەوە ئایش کچی مەلاسەید حەکیم خانەقین (1935)[xcv] لە چاو پێکەوتنێکدا بۆی باسکرم ڕۆژێك لەگەڵ باوکمدا چووینە بازاڕی خانەقین بۆ وەرگرتنی خۆراك لای بریکاری خۆراکەکەمان، کاتێك گەیشتینە ئەوێ زۆر قەرەباڵغ بوو[xcvi]. ژنان و پیاوان هەموو تێکەڵ بووبوون، ئافرەتێکی گەنج کە بۆوەرگرتنی خۆراك هاتبوو، ئەویش لەوێ وەستابوو،مناڵێکی لەباوەش گرتبوو، جووڵەیەکی کردو عەباکەی سەری هاتە خوارەوەوشانی بەدەرکەوت سەربازێکیش کە لەوێ بوو لەناوخەڵکەکەوە دەستی بۆ ئافرەتەکە برد، کاتێك باوکم ئەمەی بینی چوو بۆلای سەربازەکەو یەك زڵلەی لەبناگوێی دا و پێی وت بێ ئەدەب دووربکەوەرەوە لەوئافرەتە[xcvii].ئەوەبوو کاتێك باوکم ئەو هەموو قەرەباڵغی وباروودۆخەی خەڵکی بەچاوی خۆی بینی بەتەواوی تورەبوو لە ئەو بریکاری خۆراکەی کە کۆبوون و تەموینی ئێمەی لابوو وتەنانەت گاڵۆکەکەی دەستی لێ بەرزکردەوە، ئیدی لەوە بەدواوە بڕیاری لەسەر ئەو هەڵوێستەی خۆی داو ئەوەبوو دواتریش کۆمەڵێك کەسایەتی هاوەڵی نزیکی وەك عەزیزپشتیوان وعەبدوڵلا عەباسی برای دایکی لەگەڵ محەمەد ساڵح سلێمان وپاشان سەید ئیبراهیمی سەیدحەسەن (1908-1984)ی برازای مەلاسەید حەکیم و باوەڕپێکراوی گۆڤاری گەلاوێژ لە شاری خانەقین، هەروەها مەلاعارف مەلایەحیای ئەردەلانی، کە ئەمیش هەر ماوەیەك باوەڕپێکراوی گۆڤاری گەلاوێژو بەرپرسی کاروباری دارایی پارتی هیوا بووە، هاتوونەتە پاڵیان وبەهەموویانەوە پشتگیرییان لەوهەڵوێستەی هەریەك لە عەزیز پشتیوان ومەلا سەید حەکیمی خانەقین کردووەو لەوکاتەوە بڕیاریان لەسەر ئەوەداوە، کە لەوەبەدواوە بە یەکجاری دەستبەرداری خواردنەوەی چابن وشانبەشانی ئەوانەش کۆمەڵێك کەسایەتی دیکە هەر لەنێو شاری خانەقین وبەشێك لە جووتیاری دێهاتەکانی دەوروبەریش هاتوونەتە پاڵیان، ئیدی لەوکاتە بەدواوە هەڵوێستەکەیان سەداو دەنگدانەوەیەکی گەورەی بەدوای خۆیدا هێناوەتەکایەوە، کە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت بەشێکی زۆر لە نەوەکانیان لەسەرهەمان هەڵوێستی باب و باپیرانیان ڕۆیشتوون و بەچانەخۆر ناسراون[xcviii].

بەجۆرێك هەرزوو ئەم هەڵوێستەی کۆمەڵەی چانەخۆرەکانی شاری خانەقین دەگاتەوە سنووری گەرمیان و بەتایبەتی لە نێوشارێکی وەك کفری ئەودەمانەشدا چەند کەسایەتییەکی دیاری نێو ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا دێنەپاڵیان لەوانە سابیری حاجی فەتحوڵلای سەڵتەزەرد (1916-1986)، کە ئەمیش ئەندامێکی چالاکی پارتی هیواو لە هەمانکاتدا خاوەنی (کۆگای چیمەن) و باوەڕپێکراوی گۆڤاری گەلاوێژبووە لەوشارەدا، سەرەڕای کەسێکی وەك فەقێ محەمەدی سەعاتچی ، کە ئەویش هەر ئەندامی هیواو دواتر ئەندامێکی چالاکی حیزبی ڕزگاری کوردستان بووە، لەگەڵ مەلائەحمەدی رووت[xcix].کە بەهەرهەموویانەوە ڕۆژگارێك ئەندامی ئەوکۆمەڵەو ڕێکخراوی چا نە خۆرانەی گەرمیان وخانەقین بوون، کە ساڵانێکی زۆر هەریەك لە عەزیز پشتیوان و مەلاسەید حەکیم خانەقین ڕێبەرایەتی دەکردن و تەنانەت هەندێك سەرچاوەش مەلاسەید حەکیم بە سەردەستەی چانەخۆران ناوبردووە[c].ماوەتەوە بڵێین هەڵوێستێکی لەوجۆرەش بۆئەودەمانەی نێو ڕێکخستنەکانی پارتی هیوا ئاراستەیەکی نوێ ودەنگدانەوەیەکی نوێ بووە، کە ئارادەیەکی زۆر بتوانن بەڕووی نەهامەتی کۆمەڵانی خەڵك وگرانی بازاڕوبەرزبوونەوەی نرخی شمەك وبەتایبەتی شەکروچادا بچنەوە لەسەروبەندی جەنگی دووەم ورۆژگاری فەرمانڕەوایەتی پاشایەتی لەعێراق[ci].

## تەوەری شەشەم : عەزیزپشتیوان وراپەڕینی دانیشتوانی خانەقین 1948

لەچوارچێوەی ئەو نارەزایی و ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی کە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی عێراق و ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستان تیایدا بەشدار بوون دژ بەسیاسەتی فەرمانڕەوایانی عێراقی پاشایەتی و بریتانیا،بەتایبەتی وەك کاردانەوەو پەرچەکردارێك دژ بە مۆرکردنی پەیماننامەی پۆرتسماوسی 27ی کانوونی دووەمی 1948. بەرایەك دەیان کەس بوونە قوربانی ولەنێویاندا سێ کوردی وەك قادر چاوشینی خەڵکی شاری سلێمانی،حوسێن عەلی فەیلی کوردی شاری بەغداوجوامێرناوێك،کە تاوەکوئێستاش ناوی باب وباپیری بەنەزانراوی ماوەتەوە بوونەتە قوربانی[cii].هاوکات لێکەوتەکانی ئەو ڕاپەڕینە بووە هۆی هاندانی بەشێکی زۆر لە دانیشتوان وجەماوەری شاری خانەقین وبەشێك لە دێهاتەکانی ئەو دەمانەشی گرتەوە، بەجۆرێك دانیشتوانی شاری خانەقین بە هۆکاری ئەوباروودۆخ و هەلومەرجە نالەبارەوە ئەمانیش دووچاری نەداری و برسێتی وگرانییەکی ئاڵۆزبوونەتەوە، وەك ناوچەکانی دیکەی عێراق بەتایبەتی کەرکووك وهەولێروموسڵ ودیالە،کە عەلائەددین سجحادی (1907-1984) لە بەشی عەرەبی (گۆڤاری نزار)دا ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەوانی وردی لەسەر بڵاوکردووەتەوە[ciii]. بەرادەیەك بەشێك لە دانیشتوانی شاری خانەقین خۆیان گەیاندووەتە شاری بەغداو تێکەڵ بەئاپۆڕای ئەوهەموو خۆپیشان و نارەزییانە بوونەتەوە کە لە ڕۆژگاری ڕاپەڕینی 27ی کانوونی دووەمی 1948دا شاری بەغدای گرتەوە، بە جۆرێك باروودۆخ گەیشتبووە ئەوئاستەی کەسێکی وەك عەلی بەگی حوسێن بەگی حەسەن بەگی حەمەپاشای جاف (1926-2019) لەبارەیەوە نووسیویەتی : « لەوەدابووین بۆچارەسەری نەخۆشی وسەردانی دکتۆر لەشاری خانەقینەوە بچینە بەغدا، بەڵام داودبەگی جاف کە نوێنەری کەرکووك بوو لە ئەنجوومەنی نوێنەراندا بۆئەوەی تووشی کارەساتێك نەبم نەیهێشت بڕۆم تاوەکو ئەوکاتەی باروودۆخ ئارام بوویەوە»[civ]. هەروەها باس لەوەش دەکات کە دوای ڕۆخانی وەزارەت کە ڕۆیشتمە بەغدا هێشتا شار کوڵی نەئەنیشتەوە، شەقامەکانی شاری بەغدا، بەتایبەتی شەقامی ڕەشید، کە شەقامی سەرەکی بوو لەبەغدا، هەمیشە لە (باب المعظم)هوە بۆسەرپردی شەهیدان خۆپیشاندان و دروشمی دژبەئیمپریالیزمی ئینگلیزی وحکومەتی پێشوودەبیسترا[cv].

بەڕادەیەك سەبارەت بەدانیشتوانی خانەقین و بەشداربوونیان لەورۆژگارەی شاری بەغداد دا(گۆڤاری گەلاوێژ)، بەناونیشانێکی سەربەخۆو لەمیانەی ڕاپۆرتی (پۆستەی خانەقی)دا نووسیویەتی :« کورگەلی خانەق سۆزی دەروون و خۆشویستنی یەکێتی عێراقی خستنیە سەر ئەو باوەڕەی کە لەبراکورد وعەرەبەکانی تریان دوانەکەون ! بۆچی؟ بۆئەوە پیشانی شەهیدەکانی ڕێی ئازادی بدەن کە ئەورێگەیە ئەوان پیایا ڕۆیشتن ڕێگەیەکە هەموو دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێیدا ئەڕواو پیشانی هەموو دۆست و دوژمنێکی بدەن کە ئەم پەڕوئەوپەڕی عێراق یەك گیان ویەك دەنگی هەیە«[cvi]. لەگەڵ ئەوەشدا بەشێك لەسەرمایەدارو دەوڵەمەندەکانی عێراق وشارەکەش بەروبوومێکی زۆری دانەوێڵەیان لە گەنم وبرنج و سەرچاوەی خۆراکی جۆراوجۆر لە کۆگاکانی شاری خانەقین بەتایبەتی وێستگەی شەمەندەفەر، کە بەزۆری لەئێرانەوە هاوردەیان کردبوو، هەروەها بەشێکیشیان لە کۆگاکانی گومرگی شاردا هەڵگرتبوو[cvii]. بەمەبەستی هەناردەکردنی لە داهاتوودا بۆشاری بەغدا. لەلایەکی دیکەشەوە بەشێك لەکەسایەتی وخەڵکانی ڕووناکبیرو چینی دەستەبژێری شار لەنێویاندا بەرپرسە ناسراوو دێرینەکانی پارتی هیوای هەڵوەشاوەو دواتریش ئەندامە دیارەکانی سەربە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کورد بەزۆری لەپلانی ئەوەدابوون کە هانی دانیشتووان وکۆمەڵانی خەڵك بدەن، بەتایبەت کەسێکی وەك حەسەن زەهاوی (1920-2003)[cviii] لەسەر داوای ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراق کەوتە ئەوەی خۆپیشاندانێك ڕێك بخات،بەڵام تیایدا سەرکەوتوو نەبووە، بەهۆکاری ئەوەی جەماوەرێکی ئەوتۆی بۆکۆنەکراوەتەوە، هەربۆیە داوای لە هەریەك لە عەزیز پشتیوان و مەلاعارف مەلایەحیای خانەقین کردووە، کە ئەوان ئەو ڕۆڵە ببینن. هەرچەندە کەسێکی وەك ڕەشید ئاغای باجەڵان،کە خۆی هاوچەرخی ڕووداوەکان بووەو لە هەمانکاتدا، یەکێك بووە لەبەشداربووان و ڕێکخەرە سەرەکییەکانی ڕاپەڕینی شاری خانەقینی ساڵی 1948،کە بەپێی گێڕانەوەی حەسەن زەهاوی ژمارەیەکی زۆر لەکۆمەڵانی خەڵك تیایدا بەشداریان کردووە[cix]. بەڕادەیەك بەڵگەنامە عێراقییەکانی سەردەمی پاشایەتی وائاماژەیان بۆکردووە، کە سەرلەبەیانی 5ی نیسانی 1948 دەستی پێکردووەو تاوەکو سەعات چواری دوای نیوەڕۆی خایاندووە[cx].

شایانی باسە خۆپیشاندانەکە سەرەتا لە سەرپردی ئەڵوەندی شارەوە بەرەو لای ماڵی قائممقام بوونەتەوەوبەزۆری داوای چارەسەرکردنی ژیان وگوزەرانی خەڵك و دانانی سنوورێکی گونجاو بۆنرخی شتومەك وبەتایبەتی گەنم و دانەوێڵە، یەکێك لەوانەش کە هاواری کردووەو دروشمی بەرزکردووەتەوە سەید ئیبراهیم بووە کە وتویەتی :« باطمان حنطة بدینارین اویلاخ من ها الظلم»[cxi].هەروەها بەزۆری دانیشتوانی شاریش داوای ئازادکردنی بارزانییەگیراوەکان وگەڕانەوەی ئەوپەنابەرانەیان کردووە، کە لەوماوەیەدا دوورخرابوونەوە بۆیەکێتی سۆڤیت[cxii].بەڕادەیەك لەسەر ئەوبارودۆخەش نزیکەی (100) کەس لەلایەن فەرمانڕەوایانی عێراقەوە بۆمایەك دەستگیرکراون[cxiii]. شانبەشانی ئەوەش ڕەشید باجەڵان لەوبارەیەوە باس لەوەش دەکات،کە چۆن پاش جەنگی دووەمی جیهانی کە بارودۆخی دونیا زۆرگرانی بووە ونرخی وەزنەی گەنم لەنیودینارەوە گەیشتووەتە (20) دیناری عێراقی لەگەڵ برنج و جۆوخواردەمەنی دیکە،لەسەروی هەموو ئەوانەشەوە دەوڵەمەندەکان بەزۆری گەنمی ناوچەکەیان کۆکردبووەوە بۆئەوەی لێرەوە بینێرن بۆشاری بەغداو شارەکانی دیکە، ئەمەش زۆرێك لە دانیشتووان و جەماوەری شاری خانەقینی هێناوەتە جۆشوخرۆش بۆئەوەی ڕاپەڕین وخۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورە دژبەدەسەڵات بەرپا بکەن[cxiv].

شایەنی باسە سەرکردەی کۆمەڵانی خەڵك لەم هەلومەرج و قۆناغەدا هەریەك لە تێکۆشەرانی وەك : عەزیزپشتیوان ومەلاعارفی مەلایەحیای خانەقین بوون، کە چوونە سەر قائممقامیەت وجەماوەریش هێرشیان بردووەتەسەر ئەوگەنجینانەی کە دانەوێڵەیان تێدا شار درابووەوە[cxv]. وەك دەگوترێ لە ڕەگەزی ژنانی شارەکەش کەسێکی وەك بەدریە عەبدوڵلا حوسێن دەروێش (1920-1991)[cxvi].کە دەبێتە دایکی هەردووهونەرمەندی ناسراوی کوردی خانەقینی ناسر حەسەن وجەعفەر حەسەن یەکێك بووە لەورێبەرورێکخەرە سەرەکییانەی ئەوراپەڕینە جەماوەرییەی شارو تەنانەت لەسەرئەمەش بۆماوەیەك خراوەتە زیندانەوە[cxvii]. لەلایەکی دیکەشەوە عەزیز پشتیوان لەدرێژەی نووسین و بیرەوەرییە دەستنووسەکانیدا بەهەمان شێوەو لەم بارەیەوە نووسیویەتی :« لە ساڵی 1948گرانییەکی ناخۆش بوو لە خانەقین و قەیرانێکی گەورە پەیدابوو،لە ڕۆژی دووشەمەی 5ی نیسانی 1948دا خۆپیشاندانێکی جەماوەریی گەورە ڕێکخرا لە قوتابیانی قوتابخانەوەو ئەندامانی هاوبەشی جوتیاران و کەسەبە بە لافیتەوەو دروشمی (چیتان ئەوێ ئەی دانیشتوان - ماذا تریدون..» هەموو چووبوونە بەردەم سەرای قائممقام تۆفیق ئەلمختار (1899-1969) کە ئەویش ئەمە دەبیستێت لەتاوتووڕەیی کۆمەڵانی خەڵك هەڵدێ وخۆی دەگەیەنێتە ماڵەوە، کەچی جەماوەری ڕاپەڕیولەوێش دەگەڕێنەوە سەری و دەچەنەوە لای ماڵەکەی و بەبانگەشەو دروشمی : (ماذا تریدون نرید حنطة) قائممقامی شاربەدزداشەوە دێتەبەردەرگاو لەگەڵ ئەوەشدا کچەکانی وژنەکەی دەچنە سەربان و بەجەماوەری ڕاپەڕیو دەڵێت : (قابل حنطة بجیبی وتیان لعد حنطة وین وتبووی الحنطة فی المحطة)، کە ئەوکاتەش گەنمێکی زۆریان تێدا کۆکردبووەوە، کە بەزۆری هی گەورە بازرگانی جوولەکەی بەغدادی ( شەفیق عدس) وبازرگانی جوولەکەی خانەقینی موشی حایی یەعقوب(1890-1969) وەکیلی سەرەکی دەبێت[cxviii]. هەروەها بەشێکی دیکەی ئەو سەرچاوە خۆراکییانە موڵکیەتیان هی گەورە بازرگان و جولەکەکانی شاری خانەقینی وەك ئیسحاق کرندی،یامین کوبی، ئیبراهیم گورجی وموشی حای خۆی بوون[cxix]. وەکو خۆی باسی لێوە دەکات (400) فەردە گەنمیشی هی محەمەدمحەمەدئەمینی دەربەندفەقەرەیی بووە، کەچی هەر هەمووی بە سەلامەتی دەرچووەو لەلایەن جەماوەری ڕاپەڕیووەوە دەستیان بۆنەبراوە[cxx].

بەڕادەیەك دواتریش کۆمەڵانی خەڵکی ڕاپەڕیو بەجارێك هێرش دەکەنە سەر وێستگەی شەمەندەفەری شاروبەپێی گێڕانەوەی عەزیز پشتیوان لە درێژەی نووسین وبیرەوەرییەکانیدا تەنها دانەوێڵەی خەزنکراوی کەسێکی وەك موشی حایی کە دەیکردە بڕی (555) فەردە گەنم لەگەڵ (55) فەردە برنج بەجارێك هەر هەموو لەلایەن جەماوەرەوە تاڵانکران، شانبەشانی ئەوەش دەرگای کۆگا دەشکێنن وهەرچی نووسراوی ناوی هەبووبێت دەی سووتێنن، ڕەفیق کامل ئەفەندیش هانیان دەداو پۆلیسیش هەموو خۆیان دەشارنەوە لەمەرکەزی پۆلیس و تاوەکو کار دەگاتە ئەوەی تۆفیق موختاری قائممقامی شارتەلەفۆن دەکات بۆموتەسەریفی لیوای دیالە،کە لەو دەمانەدا حەسەن تاڵەبانی وشێخ مستەفا قەرەداغی سەرۆکی فەرمانگەی تەسویە دەبێت[cxxi]. بەڕادەیەك لە ئەنجامی ئەوهێرشانەی کە لەلایەن جەماوەروە کراوەتە سەرکۆگاکانی دانەوێڵەی شاری خانەقین جگە لە موشی حای چەند بازرگانێکی تریش بەپێی بەدواداچوونی لیژنەی وەزارەتی ناوخۆی عێراق زیانیان پێگەیشتووە، کە ئەوان لای خۆیانەوە بەم شێوەیە خەمڵاندوویانە : 56 فەردە برنجی موشی حای، 427 فەردە گەنمی ئیبراهیم گورجی ئاوەڵزاوای موشی حای بووە ،34 فەردە برنجی مەجید دەلۆ،32 فەردە گەنمی سەید نووری،15 فەردە سیری وشکی حەسقیل سدیق و موشی حاییش کە خۆی بە کەسێکی ستەم لێکراوی ئەوبارودۆخە زانیوە لەڕێگەی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە یادداشتێکی پێشکەشکردووەوداوای قەرەبووکردنەوەوسزادانی بکەرانی کردووە[cxxii].

شایانی باسە بەرپرسانی حکومەتی عێراقیش لە سەعات چواری پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژی ڕاپەڕینەکەوە دەکەونە دەستگیرکردنی هەموو ئەوانەی کە بەشدارییان لە ڕاپەڕینەکەی شاری خانەقیندا کردووەو بەپێی گێڕانەوەی ڕەشید باجەلان کە خۆی یەکێك بووە لە گیراوەکان ژمارەیان (60) کەس بووە لەوانە : عەزیزپشتیوان، ڕەشید باجەلان،مەلاعارف مەلایەحیای خانەقین،عەبدوڵلا قەرەداغی،مەلاعەبدوڵلا عەباس،سلێمان ئەحمەد پیروەلی، وەستا ئەحمەد حمەخان، سەید ئیبراهیم بنی وەیس،ئیبراهیم حمەلاڵ وچەندانی تر..بەڵام کاتێك ڕەفیق حیلمی لە شاری بەعقوبەوە ئاگادارەکرێتەوە لەبارودۆخەکە،ئەویش سەرپەرشتیارێکی پەروەردەیی هاوەڵی خۆی بەناوی مەعروف عەبدوڵلا هەولێری دەنێرێتە شاری خانەقین و دەبێتە کەفیلیان و بەشێکیان بەردەدرێن و نزیکەی(30) کەسی دیکە لەگیراوەکان لە 6ی ئایاری 1948دا بەگیراوی دەبرێنە شاری بەعقوبە هەر وەك عەزیزپشتیوان لەبارەیانەوە نووسیویەتی هەریەك لە : »ڕەشید باجەلان،مەلا عەبدوڵلا عەباس(برام) سلێمان ئەحمەد(خاڵۆزام)،وەستا ئەحمەد حمەخان بازرگان،سەید ئیبراهیم بنی وەیس، ئیبراهیم حمەلاڵ بوون. لە بەعقوبە مامۆستا لە ڕێگەی موتەسەریف و ڕەئیسی تەسویەوە موعامەلەی چاکیان لەتەك گیراوەکانمان و هەموو ڕۆژخواردن و شت ومیوەمان بۆیان ناردو لە بەعقوبە هەڤاڵان سەریان لێ ئەدان و لە دوای دووهەفتە گەڕانیانەوە خانەقین»[cxxiii]. دوابەدوای ئەوەش عەزیزپشتیوان باس لەوەدەکات،کە چۆن لەگەڵ موشی حایدا کەوتوونەتە گفتوگۆوەو پێکەوە گەیشتوونەتە چارەسەرێکی ئەوتۆبۆئەوەی هەموو ئازادبکرێن و موشی حایش لە ماڵی خۆی بەرانبەر بەدادگا لێیان خۆشبووە وەك لەم بارەیەشەوە نووسیویەتی : « لەتەك موشی حای و هارونی برای وتووێژمان کرد،تەنازولیان کردوهەموویان بەردران وبەسەربەرزی و زۆرمەعنەویاتیان بەرزبوو». هەرچەندە لەلایەکی ترەوە فەرمانڕەوایانی عێراق و بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆ لە 7ی نیسانی 1948دا لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەیان بەسەرۆکایەتی مەکی شەریف پێکهێناوە،دەربارەی وردەکاری ڕووداوەکەوە وبەمەبەستی لێکۆڵینەوەکردن لە هۆکارو دەرئەنجامەکانی خۆپیشاندانەکە[cxxiv]. بەڕادەیەك ئەولیژنە فەرمییەی کە حکومەتی عێراق و بەتایبەتی وەزراتی ناوخۆ، ناردوونی بۆخانەقین بەمەبەستی بەدواچوون ولێپێچینەوەی تەواو لە هۆکارەکانی بەرپابوونی ڕاپەڕینی 1948ی شاری خانەقین بەزۆری هەریەك لە : ڕەشید باجەلان، محەمەدمحەمەدئەمین دەربەندفەقەرەوئەحمەدمحەمەد ئەمین دەربەندفەقەرە،عەزیزتاهیرئەفەندی، ئیسماعیل قەرەداغی وحوسێن قەرەداغی، بەڕێکخەری سەرەکی خۆپیشاندانەکە تۆمەتبارکردووە، هەرچەندە وەك پێشتریش ئاماژەی بۆکرا کۆمەڵێك کەسی دیکە بەهەمان هۆکار دەستگیرکرابوون و بۆشاری بەعقووبە گواسترابوونەوەو بەکەفالەتێکی مستەفا قەرەداغی بەڕێوەبەری تەسویەی بەعقوبە ئازادکرابوون[cxxv].

سەبارەت بەهۆکارەکانی خۆپیشاندانەکەو بەپێی ئەنجامەکانی لیژنەی وەزارەتی ناوخۆ هۆکاری سیاسی وبڵاوبوونەوەی بیروباوەڕی حیزبی شیوعی بووە لە نێو توێژی مامۆستایان و خوێندکاران و دانیشتوانی شار،کە بەزۆری هانی کۆمەڵانی خەڵکیان داوە بۆخۆپیشاندان و هەر ئەوەش بووە کەوا لە ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراق بکات، کە مەسەلەی گرانی بازاڕ بقۆزنەوە بۆهەمان مەبەست،بەڵام هۆکاری هێرش بردن بۆسەر کۆگاکانی وێستگەی شەمەنەفەر جگە لە ئاماژەی قائممقامی شار، کە وتوویەتی گەنم و دانەوێڵەیەکی زۆر لەوێیە، سەرەڕای هۆکاری ناوخۆیی شارو پاشان سەرهەڵدانی دووبەرەکی ودابەشبوونی دانیشتوانی شار بۆدووبەرەی قەرەداغییەکان و موشی حایی لەلایەك، هەروەها دژایەتی نێوان کوردو تورکمانەکان لەوماوەیەدا لەلایەکی ترەوەو دژایەتیکردنی موشی حای لەلایەن بەشێك لەدانیشتوانی شارەوە، کە ڕقێکی زۆریان لێی هەبووە. سەرەڕای دژایەتی کۆمەڵێك بازرگانی شاری خانەقین دژبەموشی حای[cxxvi]. بەزۆری لە هۆکاری بەرپابوونی ئەوڕاپەڕینەی 5ی نیسانی 1948 بوون لە شاری خانەقین.

## تەوەری حەوتەم : ڕۆڵی لەبواری کارگێڕیی وپرۆسەی پەروەردەدا

کەسایەتی ومامۆستاوپەروەردەکارێکی وەك عەزیز پشتیوان،لەسەرەتای دامەزراندن و دەستبەکاربوونییەوە، وەك مامۆستا لەساڵی (1932) لە شاری بەغدا، دواتریش گواستنەوەو دوورخستنەوەی بۆشاروشارۆچکەودێهاتە جۆراوجۆرەکانی باشووری عێراق وپاشان گەڕاندنەوەی بۆناوچەکانی باشووری کوردستان وبەتایبەتی بۆسنووری لیوای دیالە، شانبەشانی ئەوەش چەندین جارکاروباری بەڕێوەبەرایەتی قوتابخانە یان بریکاری بەڕێوەبەری خراوەتەئەستۆ، کەچی دەستبەرداری کاری ڕێکخراوەیی وچالاکی سیاسی نەبووە، بەڵکو بەردەوام لە ڕێکخراوە پیشەیی و حیزبیەسیاسیەکانی وەك : (کۆمەڵەی پشتیوان)،(یانەی سەرکەوتنی کوردان)،( کۆمەڵەی برایەتی)، (پارتی هیوا)،(پارتی ڕزگاری کوردستان) و دواتریش لەڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کاری کردووەو درێژەی بەخەباتی سیاسی وجەماوەریی خۆی داوە،وەك لەشۆڕشی14ی تەممووزی 1958 بەدواوە کاتێك دەبێتە بەڕێوەبەری قوتابخانەی (خەبات) لە شاری خانەقین، ئەوەبوو لەم ماوەیەش بەدواوە، چالاکی حیزبی و کاروباری ڕێکخراوەیی مۆرك وتایبەتمەندییەکی زیاترو ئازادانەتری لە خۆگرت، لە ئاستی هەموو عێراق وبەتایبەتی لەبواری پەروەردەو خوێندندا یەکەمین سەندیکای مامۆستایانی عێراق لە2ی شوباتی 1959دا دەستی بەکارەکانی خۆی کرد، هاوکات کەسێکی وەك ڕەفیق حیلمی بەجێگری دووەمی نەقیبی مامۆستایانی عێراق هەڵبژێردرا[cxxvii]. ئەوەبوو بەهەفتەیەك دواتریش کۆنگرەی قوتابیانی عێراق بەستراو بەڕێوەبەرایەتی زانیاری کوردستان (مودیریەتی مەعایفی کوردستان)یش سەرچاوەی گرت و دوای چەند مانگێك و لە11ی ئەیلولی 1959 کۆنگرەی مامۆستایانی کورد لە هاوینەهەواری شەقڵاوە بەبەشداری و ئەندامێتی کۆمەڵێك کەسایەتی و دەستەیەك لەڕووناکبیرانی پارچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات وڕۆژئاوای کوردستانی وەك عەباسی ئەنوەری (عەبدولڕەحمان قاسملو)،موراد عەزیزی ڕەزماوەر،جگەر خوێن، شانبەشانی نوێنەرانی مامۆستایانی شاری بەغداو شارەکانی باشووری کوردستانی وەك : هەولێر، سلێمانی، کەرکووك،موسڵ،خانەقین،کفری وکوت دەستی بەکارەکانی خۆی کرد[cxxviii].

ئەوەبوو لە سنووری گەرمیان و شارەکانی : خانەقین، کفری، کەلارومەندەلییەوە، چەند کەسایەتی ومامۆستایەکی کورد بەئاڕاستەی جیاواز بەشداری کۆنگرەی ناوبراویان کرد لە نێویاندا : مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی،محەمەدسەعیدبەگی جاف،محەمەد قەرەداغی،مستەفا نەریمان، عەبدولستار کازم وجاسم محەمەد،هەروەها لە شاری خانەقینیشەوە چەند مامۆستاوچەند کادیرێکی چالاکی سەر بەڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان وحیزبی شیوعی عێراق ئامادەی دانیشتنەکانی هەردووکۆنگرەی یەکەم ودووەمی(1959و1960) مامۆستایانی کورد بوون لە هاوینەهەواری شەقڵاوەی سەربەپارێزگای هەولێر.کە ئەوانیش هەریەك لە مامۆستایان عەزیز پشتیوان،شێخ محەمەد ئەمین محەمەد میرانی(1907-1995)،محەمەدمەلائەحمەد دەککە(1934-2012)،عەبدوڵلا قەرەداغی (1920-1992)،عەبدولقادرمەلامحەمەدی جوانرۆیی(1935-2022)و ڕەشید جەلال ڕۆژبەیانی(1937-2012)بوون[cxxix].بەجۆرێك هەریەك لەعەزیز پشتیوان،شێخ محەمەد ئەمین محەمەد میرانی،عەبدوڵلا قەرەداغی وڕەشید جەلال ڕۆژبەیانی سەربە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و عەبدولقادرجوانرۆیی سەربەڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی عێراق بووەولەگەڵ ئەوەشدا وەك مامۆستا

عەبدولقادرباسی لێوەدەکرد ئەوبەتەنها ووەك نوێنەری حیزبی شیوعی عێراق لەشاری خانەقینەوە ڕۆیشتووەتە کۆنگرەکەوئەوانی دیکەش بەجیا ڕۆیشتوون[cxxx].

وەك دەگوترێ مامۆستا عەزیز پشتیوان لە سەروبەندی بەستنی یەکەمین کۆنگرەی مامۆستایانی کورددا10-13ی ئەیلولی 1959کە بەئامادەبوونی(105)مامۆستاو(34) میوانی ئەدیب و زمانزان ومێژوونووسی لە خۆگرتبوو[cxxxi]بەچاودێری عەلائەددین مەحموود(1958/7/16-1962/4/2) پارێزگاری هەولێر کارەکانی بەڕێوەچوو،عزیز پشتیوان کۆمەڵێك پێشنیارو ڕاسپاردەی گرنگی پێشکەش بەکۆنگرە کردووە، کە بەزۆری سەبارەت بەزمان و مێژووی کوردبوون و بەزۆریش لەلایەن ئەندامانی کۆنگرەوە پەسەندکراوە[cxxxii]. هەروەها کەریم شارەزا (1928-2015)[cxxxiii] کە بۆخۆی ئەندامێکی دیاری کۆنگرەو هاوکات ئەندامی لێژنەی دانان وەرگێران بووە لە بارەی ڕۆڵی عزیز پشتیوانەوە، لە ڕۆژانی کۆنگرەی ناوبراودا نووسیویەتی :« لە نزیکەوە ئەدیب و پەروەردەکارێکی کوردی گەرمیانیم ناسی،کە ئەویش مامۆستا عەزیز پشتیوان بوو، لە شاری خانەقینەوە بۆ بەشداربوون لە کۆنگرە هاتبوو»[cxxxiv].پاشان مامۆستا شارەزا لەبارەیەوە نووسیویەتی :«چەند ساتێکم لەگەڵدا بەسەربردو ئەوەی هەستم پێکرد مامۆستا عەزیز پشتیوان پارتییەکی هەرە دڵسۆزی کورد بووبەمنی وت هەرچەندە بەیاننامەی هاوبەشی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق دەرچووە، کە جارێ با ناوی بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکەی لە ئارادایە دابمەزرێ (بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی)بێت،بەڵام من هەر لەسەر ئەوە پێدادەگیرم کە بە ناوی مەعاریفی کوردستانەوە بێت،چونکە کوردستان نیشتمانی کوردە، کورد بێ نیشتمان هیچ ڕەوتێکی نابێت»[cxxxv].

ئەوەبوو لە ڕۆژگاری کۆنگرەشدا کۆمەڵێك وتارو پێشنیارو ڕاسپاردەی جۆراوجۆر خوێندرانەوەوبڕیاریان لەبارەوە درا، یەکێك لەوانەش ئەو پێداگیری و مشتومڕەی نێوان لایەنگیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی شیوعی عێراق بوو لەسەر مەسەلەی خوێندنی کوردی لە کوردستاندا،بەوەی لایەنگیرانی پارتی دیموکراتی کوردستان کە عەزیز پشتیوانیش یەکێك بووە لەوانەو زۆر پێ داگیریان دەکرد لەسەر پەیرەوکردنی ناوی (مەعاریفی کوردستان) بۆبەڕێوەبردنی خوێندنی کوردی لە کوردستاندا، بەڵام هەواداران ولایەنگیرانی حیزبی شیوعی عێراق کە بەزۆری لەگەڵ بیری عەبدولکەریم قاسم ودەستنیشانکردنی (بەڕێوەبەرایەتی خوێندنی کوردی) بوون[cxxxvi]. سەرەڕای بڕیادان لەسەرکردنەوەی چەندین ناوەندوئەنجومەنی ئەکادیمی و ڕووناکبیریی، کە وەك ڕاسپاردە خرایە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە لەوانە :« دامەزراندنی کۆڕی زانیاری کورد، دانانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی زمانی کوردی، مێژووی نەتەوەی کورد لە قوتابخانەکانی کوردستان و عێراق بخوێندرێت،بەشێکی زمانی کوردی لە زانکۆی بەغدا بکرێتەوە، قوتابیانی کورد لە پۆلی یەکەمی سەرەتایی تەنها ئەلف وبێی کوردی بخوێنن..»[cxxxvii].هەروەها لە کۆنگرەی یەکەم و دووەمی مامۆستایانی کورددا بڕیارو‌ڕاسپاردەی جۆراوجۆر خرایە بەردەم ئەندامانی کۆنگرە، لەوانە کردنەوەی خولی هاوینەی ساڵانە بۆئەوشارو قوتابخانانەی کە مامۆستای زمانی کوردییان کەم بووە، وەك لەشارێکی وەك خانەقینی ئەودەمانەداوبەتایبەتی لەساڵی1959، کە دەستەیەك مامۆستاو کەسایەتی ڕووناکبیریی خۆبەخش کەوتوونەتە ئەوەی خولێك بۆفێربوونی زمانی کوردی لە شاری خانەقینداو لەژێر چاودێری مامۆستا ئیبراهیم ئەمین باڵدار(1920-1998)، خاوەنی کتێبی (ئەلف بێی نوێ) دا بکەنەوە، تەنانەت مامۆستا عەزیز پشتیوان لە بەشێکی نووسین و بیرەوەرییەکانیداو لەم بارەیەوە نووسیویەتی :« لە 1959/9/1دا کاتێك کرام بەمودیری قوتابخانەی خەباتی سەرەتایی کوڕان، قوتابخانەی خەبات ساختمانێکی گەورەو دوقاتی بوو، لەناوجەرگەی شاری خانەقین لە ناویدا دەورەیەکی زمانی کوردیمان کردەوە»[cxxxviii].بەڕادەیەك بەشێکی زۆر لە مامۆستایانی شارو شارۆچکەکانی دەوروبەریشی لێی بەهرەمەندبن ولەگەڵ ئەوەشدا جگە لە مامۆستا عەزیز پشتیوان خۆی چەند مامۆستایەکی دیکەی وەك : عەبدوڵلا قەرەداغی،شێخ محەمەدئەمین محەمەد میرانی، محەمەدحوسێن کوردە،شەفیق مەحموود حوسێن جاف، هەروەها هەریەك لە محەمەد مەحموود حوسێن جاف و ئەحمەدکەلاری (1935-2008),کە مامۆستاش نەبوون،هەرچەندە ئەم دوانەی دوایی وەك خۆبەش وانەیان تیایدا وتووەتەوە،بەڵام دوای چەند ڕۆژێکی کەم و لەلایەن جەماعەتی موقاوەمەی شەعبی و بەدەستێوەردانی فەرمانڕەوایانی عێراق لە شاری خانەقین خولەکەیان تێك دراوەونەیانتوانیوە درێژە بەپلان وکارەکانی بدەن[cxxxix].

ئەوەبووبۆساڵی دواترو لە حوزەیرانی1960دا بەپێی فەرمانێکی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتی مەعاریفی لیوای دیالە ژمارە (8117) لە2ی حوزەیرانی 1960دا خولێکی دیکە بۆفێربوونی زمانی کوردی لە (قوتابخانەی خەبات)ی گەڕەکی مەزرەعەی شاری خانەقین کراوەتەوە، کە بەڕێوەبردنی خولەکە لەلایەن بەڕێوەبەری (ئامادەیی خانەقین) مامۆستا محەمەد مەلا ئەحمەدی دەککە، هەروەها ئەندامێتی هەریەك لەعەزیز پشتیوانی بەڕێوەبەری (قوتابخانەی خەبات)، نوری محەمەد ئەمین گۆچان بەڕێوەبەری خولە پراکتیکییەکانی خانەی مامۆستایانی شاری بەعقوبەو عومەرعەبدولڕەحیم (1920-1993) مامۆستای وانەبێژی خانەی مامۆستایانی شاری سلێمانی و محەمەد ئەمین محەمەد میرانی بەڕێوەبەری (قوتابخانەی مونزریە)ی شاری خانەقین، کە زۆرێك لە مامۆستایانی قوتابخانەکانی دیکەی شاروشارۆچکەکانی خانەقین،جەلەولا،سەعدیە ومەندەلی بۆ ماوەی دوو هەفتەتیایدا بەشدابوون[cxl].

هەروەها مامۆستا عەزیز پشتیوان لەبارەی ئەم خولەی فێربوونی زمانی کوردییەوە نووسیویەتی لەم خولەدا نزیکەی :«(87) مامۆستا کە لە خانەقین ومەندەلییەوە هاتبوون، مامۆستایانی کوردیش ئەمانەبوون : مامۆستا عومەر عەبدولڕەحیم لە سلێمانییەوە،مامۆستا محەمەد نوری لەبەعقوبەوە، مامۆستامحەمەد مەلائەحمەد دەککە لەخانەقینەوە،خۆم عەبدولعەزیز پشتیوان لە خانەقینەوە، لەپاش دەورەکە هەموو سەرکەوتن وفێری خوێندن ونووسین وگرامەری کوردی بوون، بۆوتنەوەی خوێندنی سەرەتایی پەیرەوی بۆدانرا لەلایەن وەزارەتی زانیاری عێراقەوە،»[cxli]. هەرچەندە ماوەکەشی کەم بووە، بەڵام سودێکی زۆی بەبەشدابووانی خولەکە گەیاندووەوکۆمەڵێك کادیری تەدریسی لە بواری زمانی کوردی و پێگەیاندنی زمانی کوردی پێگەیاندووە، بەجۆرێك ئەو کادیرومامۆستایانەی کە خەڵکی شاری مەندەلی بوون زیاتر لە هەمووخەڵکی ناوچەکە سودمەند بوون، ئەمەش زیاتر بۆئەوە دەگەڕایەوە کە مامۆستایانی ناوچەکە بەگشتی ومامۆستایانی ئەوشارە دووره دەستەی باشووری کوردستان زیاتر تامەزرۆی فێربوون و لەگەڵ ئەوەدا بوون کە بە شێوازێکی زانستی فێری زمانی دایکی خۆیان بن[cxlii].

شایانی باسە ئەم خولەی فێربوونی زمانی کوردی لە کاتێکدا بڕیار لەسەرکردنەوەی دراوە، کەعەبدولقارمەلاغالیبی خەڵکی شاری خانەقین و برای بەڕێوەبەری پۆلیسی ئەوکاتەی شاری خانەقین عەلی مەلاغالیب،کە بەڕێوەبەری گشتیی پەروەردەی لیوای دیالە بووە،بەجۆرێك لەماوەی بەڕێوەچوونی خولەکەدا،خۆی چەند جارێك سەردانی کردوون و هەموو پێداویستییەکانی بۆ دەستەبەرکردوون[cxliii].هەروەها بەزۆری ئەومامۆستایانەشی کە بەشێوازێکی فەرمی لەماوەو ڕۆژانی خولەکەدا وانەیان وتووێتەوە ئەمانەبوون :

1- محەمەد مەلائەحمەد دەککە بەڕێوەبەری دواناوەندی خانەقین وبەڕێوەبەری خولەکە.

2- عەزیزپشتیوان مامۆستاو بەڕێوەبەری قوتابخانەی خەبات.
3- نوری محەمەد ئەمین گۆچان بەڕێوەبەری پراکتیکی خانەی مامۆستایانی بەعقوبە.
4- عومەرعەبدولڕەحیم مامۆستای وانەبێژی خانەی مامۆستایانی سلێمانی.
5- شێخ محەمەدئەمین محەمەدمیران،بەڕێوەبەری قوتابخانەی مونزریەی شاری خانەقین.

وەك پێشتریش ئاماژەی بۆكرا نزیكەی (87) مامۆستای پیاووژن لەم خولەی فێربوونی زمانی كوردیدا بەشدارییان كردبوو، لەوانە : عەلی مەلائەحمەد دەككە، مەحموود تاهیر سلێمان زەهاوی، ئیبراهیم خودادادا،موحێدین شاكردای زادە،نەسرین شێخ عەلی قەرەداغی،نەسرین مەحموود دەربەندفەقەرەیی وعەبدولقادرمەلامحەمەدی جوانرۆیی...تاد[cxliv]. بەجۆرێك دوای ئەوەی كە حكومەتی عەبدولكەریم قاسم (1914-1963) ڕۆژ لەدوای ڕۆژ نێوانی لەگەڵ كوردو سەركردایەتی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی كورددا بەرەوهەورازبوون و لە تێكچوون نزیك دەبوویەوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو خولانەی فێربوونی زمانی كوردی بەتایبەتی لە شارێكی وەك خانەقین تاوەكو سەروبەندی ڕاگەیاندنی بەیاننامەی11ی ئازاری 1970 دووبارە نەكرانەوە، تەنانەت مامۆستا و پەروەردەكارێكی وەك عەزیز پشتیوانیش وەكو خۆی لەم بارەیەوە نووسیویەتی لە14ی ئایاری 1961دا لەگەڵ چەند هاوەڵێكی هاوخەباتیدا بۆباشووری عێراق دوورخراونەتەوە، وەك لە چوارچێوەی نووسین و بیرەوەرییەكانی خۆیدا بۆی تۆماركردووین بەوەی كە : « لە 1961/5/14دا كوتوپڕمن وكاك محەمەد جاف و كاك ئەحمەد كەلاری و كاك عەلی عیسا ئەركەوازی دوورخراینەوە بۆشاری عەمارە (من بۆشاری عەمارە،محەمەدجاف بۆناحیەی كۆمیت ئەحمەد كەلاری بۆناحییەی كەحلا و عەلی عەباس بۆناحییەی مجرالكبیر) ومانگی جارێك یەكترمان دەبینی لەشاری عەمارە لە ئوتێل (سەمیرئامیس) ژوورێكم هەبوو،تیایدا كۆئەبووینەوەوجاربەجاریش دەنگ و باسی كوردستانمان وەرئەگرت بەگشتی»[cxlv]. ئەمەوسەرەڕای ئەوەی كە پێشترو لەسەردەمی پاشایەتی وهەروەها لە سەردەمی عەبدولكەریم قاسمدابۆماوەی چەندین ساڵ نانبڕاوكراوەو لە وەزیفە دوورخراوەتەوە[cxlvi]. بۆنموونە لەساڵی 1959داو كەسێكی وەك جەلال تاڵەبانی(1933-2017) لە میانەی ڕاپۆرتێكیدا بۆ سەركردایەتی شۆڕشی كورد ئاماژەی بۆكردووەو لەم بارەیەشەوە نووسیویەتی :« لەشاری خانەقین شیوعییەكانی بەرگری میللی پەلاماری چەكدارییان كردە سەرپارتییەكان ودەستدرێژییان لە ناسراوەكانیان كرد،ویستیان مامۆستا عەزیز پشتیوان ڕاكێشن، كە لەسەر شۆڕشی بارزان بۆماوەی (15) ساڵ لەكارەكەی دەركرابوو، لە زۆركەسیان داوبۆماوەی چوارڕۆژگرتوویانن»[cxlvii].

## ئەنجامگیری

بەپێی بەدواداچوون ولێكدانەوەمان سەبارەت بەو توێژینەوەی، كە سەبارە بە كەسایەتی سیاسی و مامۆستاو پەروەردەكارێكی كوردی خانەقینی وەك عەزیز پشتیوان ئەنجاممان داوە بەناونیشانی :« چالاكی پارتی هیوا لە گەرمیان و ناوچەی خانەقین لەبەر ڕۆشنایی بیرەوەرییەكانی عەزیزپشتیوان1912-2001 دا». بەپێی سەرنج و لێكدانەوەمان كۆمەڵێك زانیاری وردو نەبینراوو تاڕادەیەك نەبیستراویان تێدایە،كە تاوەكو ئێستا ئاگاداریان نەبووین وتەنانەت لە زۆربەی سەرچاوەكانیشدا بەوشێوەیە باسیان لێوە نەكراوە.بەتایبەتی سەبارەت بەمێژووی گەرمیان و ناوچەی خانەقین،هەروەها لە دەرئەنجامی ئەم توێژینەوەشدا ئەوەمان بۆدەردەكەوێت كە مامۆستاو پەروەردەكارێكی وەك عەزیز پشتیوان سەرەڕای ونبوونی بەشێكی زۆر لە دەستنووس وساڵنامەو بیرەوەرییە دەوڵەمەندەكانی بەهۆی دوورخستنەوەی لەزێدی خۆی و ژیانی بەندنخانەو كەچی لەگەڵ ئەوەشدا ژیانێكی قاڵ وپڕ لە ئەزموونی جۆراوجۆرو هاوكات لەگەلێك كۆڕوكۆبونەوەی پەروەردەیی،سیاسی،چالاكی ڕێكخراوەیی و كۆمەڵایەتیدا ڕۆڵ و ئامادەییەكی بەرچاوی هەبووە، كە دەكرێت لە چەند خاڵ و وێستگەیەكی جۆراوجۆری ژیانی خۆی وهاوخەباتەكانیدا باسیان لێوەبكەین تاڕادییەك ئاماژەیان بۆبكەین.

1- پێش دامەزراندنی پارتی هیوا، لە سنووری گەرمیان و ناوچەی خانەقیندا دوورێكخراوی دیكەی سیاسی وەك(كۆمەڵەی برایەتی) و(پشتیوان) لەلایەن دەستەیەك لە ڕووناكبیران وتوێژی دەستەبژێری كوردەوە بەسەرۆكایەتی عەزیز پشتیوان دامەزراوەو تەنانەت (كۆمەڵەی برایەتی) جیاوازبووە لەوكۆمەڵەی برایەتییەی كە لە ساڵی 1937دا لەشاری سلێمانیدا هاتووەتەكایەوە.
2- سەبارەت بەپارتی هیوا تاوەكو ئێستا وامان دەزانی كە پارتێكی وەك هیوا لە ساڵی دامەزراندنییەوە (1939) تاوەكوكاتی هەڵوەشاندنەوەی لەساڵی (1944)دا تەنها چەندلقێكی هەبووە لەشارە گەورەكانی وەك : بەغدا،كەركووك،هەولێر،سلێمانی وناوچەی بادینان. بەڵام بەپێی بیرەوەرییەكانی عەزیزپشتیوان كەبەخۆی ئەندام و كەسایەتییەكی دیاری نێو ئەوحیزبەبووەو تەنانەت زۆریش لە مامۆستا ڕەفیق حیلمی سەرۆكی دەستەی باڵایەوە نزیك بووەو چەند لقێكی دیكەی كاریگەری لە شارەكانی خانەقین وكفری و كەلاردا هەبووەوتەنانەت لقەكەی كەلاری ناوی لقی(داركەر)بۆدەستنیشانكراوە.
3- سەبارەت بەكۆنگرەی پارتی هیوا لە كەلار تاوەكو ئێستا بەوردی نەمان دەزانی كە لە 1ی تەممووزی 1944دا بەستراوەو بۆماوەی (3) ڕۆژی تەواوی خایاندووەو ئەندامانی هیوا بەسەردوو لقی نهێنی و ئاشكرادا دابەشبوون و هەردەستەیەكیان لە شوێنێكی جیاواز چاوەڕوانی دەرئەنجامەكانی كۆنگرە بوون و هەروەها مامۆستا ڕەفیق چۆن لەژێر فشارێكی توندی ئەفسەرانی سوپای نێو پارتی هیوادا دەستی لە پارتی هیواو سەرۆكایەتی هیوا كێشاوەتەوەو چۆن پێشنیاركراوە ناوەكەشی لە پارتی هیواوە بگۆڕدرێت بۆ(پارتی ڕزگاری كوردستان) و لێرەش بەدواوە ڕەفیق حیلمی بۆجارێكی دی نزیكی كاری پارتایەتی نەكەوتووەتەوە.
4- سەبارەت بەكۆمەڵەی چانەخۆرەكانی گەرمیان و ناوچەی خانەقین، كە بنەماڵەی مامۆستا عەزیز پشتیوانیش یەكێك بوون لەوانە،بڕیارێك بووە تەنها زۆرێك لە ئەندام و هەواودارانی ئەم ناوچەیە پێوەی پابەندبوون و تەنانەت تاوەكو ئێستاش نەوەكانی ئەو بنەماڵەو ئەندامانی پارتی هیوا لە سنووری گەرمیان وشاری خانەقیندا بە چانەخۆرەكان ناسراون.
5- لەبارەی جوولەكەكانی شاری خانەقینەوە بۆمان دەردەكەوێت، كە ئەم گروپ و بنەماڵانەی جوولەكە لە خانەقیندا چ كاریگەرییەكیان بەسەرئەم شارەوە هەبووە، بەتایبەتی لە ڕووی داهاتی بازرگانی وبوونی سەروەت وسامان وزەوی وزاری نیشتەجێبوونەوە لەوانە : هەریەك لە بنەماڵەناسراوەكانی وەك ساسۆن سوسەی برای بیرمەندی ناسراوی عێراقی ئەحمەد سوسەو هەروەها بازرگانی ناسراوی خانەقینی موشی حای.
6- دەربارەی كۆنگرەی مامۆستایانی كورد لەپاش شۆڕشی 14ی تەممووزی 1958 بەتایبەتی لە 11ی ئەیلولی 1959دا، لەڕێگای ئەم توێژینەوەیەوە دەزانین وبۆمان دەردەكەوێت، كە كۆمەڵێك مامۆستاوكەسایەتی ناسراو لەسنووری گەرمیان وهەروەها شارەكانی مەندەلی و خانەقینەوە وەك ئەندام

بەشداری ئەم کۆنگرەیان کردووە، بەتایبەتی عەزیز پشتیوان، کە وەك ئەندامێکی دیار لە بەشێك لە لیژنە گرنگەکانیدا ئەندام وبەشداری بەچاوی هەبووە.

7- بەپێی دەرئەنجامی ئەم توێژینەوە ئەوەمان بۆروون دەبێتەوە کەمامۆستاو پەروەردەکارێکی وەك عەزیز پشتیوان لەبەپابوونی شۆڕشی 14ی تەممۆزی 1958 بەدواوەو بگرە پێشتریش بەتایبەتی لەناوەندی شارێکی وەك خانەقیندا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بووە،کە زمانی کوردی پێشبخات وبرەوی زیاتری پێ بدات،هەربۆیەش بە هاوکاری هاوخەبات وهاوپیشەکانی بەردەوام لە هەوڵی کردنەوەی خولی جۆراوجۆری زمانی کوردیدابووە، بەتایبەتی لەساڵەکانی 1959و1960 و1970 و لەسەروبەندی مۆرکردنی بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970 بەدواوە،هەرچەندە تارادەیەکی زۆر لەلایەن فەرمانڕەوایانی عێراق پاشایەتی و دواتریشەوە بەردەوام کۆسپ وتەگەرەی بۆ هاتووەتەپێش وتەنانەت زۆرجار لەسەر ئەمەیان لەوەزیفە دەرکراوەو هەندێك جاریش بەفرمان و نووسراوی فەرمی بۆناوچەکانی باشووری عێراق دوورخراوەتەوە.

## پەراوێزەکانی ئەم توێژینەوەیە:

[i] - مستەفا نەریمان،مامۆستا عەزیز پشتیوان و 82 ساڵ تەمەنی تێکۆشان وکوردایەتی،ڕەنگین (گۆڤار)،ژمارە (65)، ساڵی 1994،ل 8.

[ii] - چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان عەزیز پشتیوان(1950)،کەلار، 19ی کانوونی دووەمی 2024؛جمال بابان،أعلام الكرد، ج2،دارئاراس للطباعةوالنشر،(أربيل:2012)،ص317.

[iii] - الحكومة العراقية،دفترالجنسية للاناث،التسلسل (63)،مأمورية نفوس قضاء خانقين،2حزيران 1935.

[iv] - چاوپێکەوتن لەگەڵ داراعەبدوڵلاعەباس، کەلار،(15ی ئازاری2024).(دارا عەبدوڵلاعەباس ئیمام عەلی پیروەلی لە ساڵی 1942 لە خانەقین هاتووەتە دونیاوەودەبێتە برازای عەزیزپشتیوان).

[v] - جمال بابان،أعلام الكرد،ج2،ص317.

[vi] - دەستنووسێکی تایبەتی عەزیزپشتیوان ،1976/10/6.

[vii] - نەریمان عەزیز پشتیوان : هەرلەسەرەتای شەستەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووەو فەرمانبەر بووە لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ بوونی عێراق و سەرۆکی تیپینەران (رئيس ملاحظين) لە بواری گرێبەست و نیشتەجێ بووندا، هەروەها بۆماوەیەک وبەمەبەستی خوێندن چووەتە یەکێتی سۆڤێت و دوای گەڕانەوەی و لە بەیاننامەی 11ی ئازاری 1970 بەدواوە پلەی وەزیفی (م.مهندس) لەوەزراەتی کاروباری باکورو لەسەردەمی وەزارەتی تاهیر حەیدەریداوبەزۆری لەشاری بەغدا ژیاوە تاوەکو ئەوکاتەی لە (14ئابی 2004) لەشاری بەغداو هەر لە هۆڵێکی سەر بەهەمان وەزارەت لەلایەن فەرمانڕەوایانی نوێی عێراقەوە دەرمانخواردکراوە. الجمهورية العراقية, مديرية المباني العامة,الادارة والذاتية,أمر اداري,العدد (17112),التاريخ :1963/12/12؛الجمهورية العراقية,وزارة الشؤون الشمال, مديرية الديوان العامة,امروزاري,لجنة تنفيذ المدارس رقم (31) فی محافظه ديالی، فيما يخص السيد نريمان عبدالعزيز پشتيوان،العدد(ذ. 2029),التاريخ, 1972/5/7؛چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان عەزیز پشتیوان، کەلار،(17ی شوباتی 2024).

[viii] - زۆران عەزیز پشتیوان : لەگەڵ(10) هاوسەنگەری دیکەیدا لە نزیک (ناحیەی مانگێژ) لەئەنجامی بۆمبابارانکردنی فڕۆکەی سەربازی فەرمانڕەوایانی بەعسی عێراقییەوە دەکوژرێن ودواتریش تەرمەکانیان لە گوندی (بەرواری باڵا)ی سنووری پارێزگای دهۆک دەنێژرێن. چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان عەزیز پشتیوان، کەلار،(17ی شوباتی 2024).

[ix] کامەران عەزیز پشتیوان : یەکەم کوژراوی شەڕی ناوخۆی نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان (جەلالی) و(مەلاییە)، کە لەساڵی (1964) لەنزیک گوندی (گڵاڵ کەوە)ی سنووری گەرمیان دەکوژرێت و سەرەتا هەرلەوێ دەنێژرێت، بەڵام پاش هەفتەیەک لەلایەن کەس وکارییەوە تەرمەکەی دەگوازرێتەوە بۆخانەقین ولە گۆرستانی (پاشاکۆپری) دەنێژرێت.چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان عەزیز پشتیوان، کەلار،(17ی شوباتی 2024).

[x] - چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان عەزیز پشتیوان،کەلار،(19ی کانوونی دووەمی 2024).

[xi] - عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xii] - مستەفا نەریمان،مامۆستا عەزیز پشتیوان و 82 ساڵ..،ل 8.

[xiii] - جمال بابان، أعلام الكرد،ج2،ص317؛ کەریم شارەزا، نووسەرومامۆستای پەروەردکاروتێکۆشەری کورد عەزیز پشتیوان 1912-2001،قاموسی ناوەنەمرەکان، ئامادەکردنی: ممتاز حەیدەری وئەوانی دی، (هەولێر:2014)،ل79.

[xiv] - مستەفا نەریمان،مامۆستا عەزیز پشتیوان و 82 ساڵ ....ل 9.

[xv] - عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xvi] - عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xvii] - پارتی دیموکراتی کورد لە 16ی ئابی 1946 بەشێوازێکی نهێنی و لەماڵی (سەعید فەهیم) لەشاری بەغدا بە ئامادەبوونی نزیکەی (70) کەس لەنوێنەرانی شۆڕش وحیزبی ڕزگاری هاتووەتەکایەوەودەستەیەکی سەرۆکایەتی بۆ هەڵبژێردراوە لە : مستەفا بارزانی سەرۆک،شێخ لەتیفی حەفید جێگری یەکەم،کاکە زیاد جێگری دووەم وئەندامێتی: هەمزەعەبدوڵلا،میرحاج ئەحمەد،جەعفەرمحەمەدکەریم،عەلی عەبدوڵلا،ساڵح یوسفی،عەبدولکەریم توفیق،ڕەشید عەبدولقادر،ڕەشید باجەلان،مەلاسەید حەکیم خانەقین،عەونی یوسف،تەها محێدین مەعروف وعەبدولسەمەد محەمەد ئەندامی یەدەگ وڕۆژنامەی(ڕزگاری)بووبە زمانحاڵی حیزبی نوێ.حبيب محمد كريم،تاريخ الحزب الديمقراطي الكوردستاني- العراق(فی محطات رئيسية)1946-1993،(كوردستان:1998)،ص35.

[xviii] - عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xix] - عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xx] - فەرهاد عەونی وئازاد حەمەدەمین،عەزیز پشتیوانی ماندوونەناس ومامۆستای کوردایەتی ناوچەی گەرمیان، برایەتی(ڕۆژنامە)،ژمارە (2648)، 16ی ئابی 1998.

[xxi] - الجمهورية العراقية، بطاقة الهوية الشخصية، عبدالعزيز فوزي، العنوان الكامل : عماره، مدرسة الامام الصادق الابتدائية،تاريخ الاصدار 1964/7/23.

[xxii] - الامن العام،مديرية أمن منطقة بغداد،الی كافة معاوني المناطق،العدد(5010)،التاريخ 1963/6/9.( بەپێی ئەو بڕیارەی ئەمنی ناوچەی بەغداد ئەم کەسایەتیانە کە فرمانی گرتنیان بۆدەرچوو بوو: حیلمی عەلی شەریف،بەغداد جدیدە حەسەن پاشا،دکتۆر عومەردزەی، دکتۆردارا ئەحمەدتۆفیق،یاسین محەمەد کەریم،عەبدولحەسەن عەلی،عەبدوڵلا کەریم موراد،عەبدولسەمەد محەمەد،پارێزەرڕەشید باجەلان، عەزیزپشتیوان،عەبدوڵلا کەریم موراد، ئەسعەد سەعید خەیلانی، خورشید ئیبراهیم دزەیی،عەبدوڵلا کەریم عەینی،شەوکەت ئەحمەد غەراوی،داودیارگە).

[xxiii] - چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان عەزیزپشتیوان،کەلار،(19ی کانوونی دووەمی 2024).

[xxiv] - چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان عەزیزپشتیوان،کەلار،(19ی کانوونی دووەمی 2024)؛فەرهاد عەونی وئازاد حەمەدەمین،عەزیزپشتیوانی ماندوونەناس ومامۆستای کوردایەتی ناوچەی گەرمیان، برایەتی(ڕۆژنامە)،ژمارە (2648)، 16ی ئابی 1998،ل5.

[xxv] - عبدالعزيز پشتيوان،أبناء كردستان يستنكرون مانشرته جريدة بغداد، صوت الأكراد(جريدة)،العدد(23)،السنة الاولی،الاربعاء،31اب 1960.

[xxvi]– فەرهاد عەونی وئازاد حەمەدەمین،عەزیزپشتیوانی ماندوو..ل5.

[xxvii]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان عەزیزپشتیوان،کەلار،(19ی کانوونی دووەمی 2024).

[xxviii]– ئەحمەد باوەڕ،یانەی سەرکەوتنی کوردان،لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دۆکۆمێنتارییە 1930-1964،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،(سلێمانی:2019)،ل22-23.

[xxix]– جمال بابان،أعلام الکرد،ج2،ص317.

[xxx]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xxxi]– موکەرەم تاڵەبانی،کۆمەڵەی دارکەروپارتی هیوا چۆن دامەزران،ڕەنگین(گۆڤار)،ژمارە(52)، ساڵی 1993، ل20؛ نوری شاویس،من مذکراتي،من منشورات الحزب الشعب الدیمقراطي الکردستاني،ط1،(بلا:1985)،ص20-21.

[xxxii] - عبدالستار طاهرشریف، الجمعیات و المنظمات والاحزاب الکوردیه فی نصف قرن 1908-1958،دارسردم للطباعة و النشر،ط2،(السلیماني: 2007)،ص 138-139.

[xxxiii]– مکرم الطالباني،حزب هیوا،مرکزخاك للنشروالاعلام،مطبعة خاك،(السلیمانیة:2002)،ص57؛ شاخوان عبدالله صابر، رفیق حیلمی دراسة تاریخیة فی نشاطه السیاسی والثقافی،بنکەی ژین،(السلیمانیة:207)، ص111.

[xxxiv]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xxxv]– هلبین محمد أمین المزوری،حزب هیوا (الأمل) 1939-1946 دراسة تأریخیة – سیاسیة،دار سپیریز للطباعة و النشر،ط1،(أربیل:2008)،ص70.

[xxxvi]– عەزیزپشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xxxvii]– بەپێی دەستنووس وساڵنامەکانی مەلاعەزیز محەمەد شاوازو ئەوچاوپێکەوتنانەی لەگەڵیدا ئەنجامم داوە، مەلا عەزیزمحەمەد شاواز لەڕیزەکانی پارتی هیوادا نازناوی(زیرەک) بووەوهەروەهامەلاشەریف ڕەشید زەنگەنەی هاوڕێی نازناوی(پەیوەند)بووە.چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلاعەزیزمحەمەدشاواز(1928)، کەلار،(ئەیلولی2013).

[xxxviii]– عەزیزپشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xxxix]– شێخ غالب تاڵەبانی وشێخ تالب تاڵەبانی: یەکەمیان دەبێتەباوکی شەهید عومەرشێخ غالب تاڵەبانی(1942-1971) و دووەمیان دەبێتەمامی.

[xl]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xli]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xlii]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xliii]– حاجی عەلی خانی ئەکبەری : دەبێتە سەرۆکی تیرەی خەمان لە ئێلی کەڵوڕو لەساڵی (1886)دا هاتووەتە دونیاوەو تاوەکو ساڵی (1930) بەسەرۆکی ئەوئێڵە لەناوچەی کرماشاندا ماوەتەوە، لەساڵی (1924) کاتێک ڕێکەوتنامەیەکی هاوپەیمانی لەنێوان ئێلەکانی کەڵوڕ،سنجابی وقەڵخانی گەلاڵە بووە ئەمەش بووە جێی ناڕەزایی ڕژێمی ڕەزاخان(پەهلەوی)وهەربۆیە کەوتە نانەوەی پیلانی جۆراوجۆر دژی حاجی عەلی ئەکبەرخان،هەروەها کەسێکی وەک عەلی ئاغای ئەعزەمی کردە سەرۆک ئێڵی کەڵوڕ لەناوچەی کرماشان و ئەمەش لەلایەن دانیشتوانی ناوچەکەوە ڕووبەڕووی بوونەوەو لەلایەن حاجی عەلی خانەوە کوژراو لەسنووری قەسری شیرینەوە پەنای هێنایە بەرخزمەکانی لەشاری خانەقین، لەساڵی (1932)دا پەیوەندی کردە (کۆمەڵەی برایەتی)ەوە، هەروەها لەدامەزرانی پارتی هیوابەدواوە پەیوەندی بەم حیزبەشەوەکردو لەکۆنگرەی کەلاری 1944دا بەشداربوو، ئیدی لەشاری خانەقیندا ماویەوە تائەوکاتەی لەساڵی (1972)دا کۆچی دواییکرد.ڕێزان عەزیز پشتیوان،بۆئەوەی نەوەکانی خانەقین حاجی عەلی خان ئەکبەری(1886-1972)لەبیرنەکەن،سیروان(گۆڤار)،ژمارە(6)، هاوینی(2009)،ل 40-42.

[xliv]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[xlv]– موکەرەم تاڵەبانی : ساڵی (1923) هاتووەتە دونیاوە، پلەکانی خوێندنی لە کەرکووک و کۆلێژی مافی لەبەغدا تەواوکردووە، هەرلەقۆناغی لاوییەوە پەیوەندی بەڕێکخراوی (دارکەرو هیوا)وە کردووەو دوای دووڕخستنەوەی لە هیوا،پەیوەندی بەحیزبی شیوعی عێراقییەوەکردووەو بەهۆیەشەوە ماوەیەک زیندانی کراوە،ماوەیەکیش بەکاری پارێزەری ودواتربەڕێوەبەری ئینحساری توتن بووە. لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا وەزیری ئاودێری بووەو لەساڵی 1979بەدواوە لە کاری حیزبی دوورکەوتووەتەوە، هەرچەندە لە کۆتایی هەشتاکاندا و لەسەرداوای فەرمانڕەوایانی عێراق ورازی بوونی حیزبە کوردییەکان ڕۆڵی نێوەندگیری گێڕاوە.مکرم الطالباني،مراحل تطور الحرکة القومیة الکردیة،ج2، (السلیمانیة:2011)،ص783-785.

[xlvi]– عبدالستارطاهر شریف،الجمعیات والمنظمات والاحزاب..،ص 141.

[xlvii]– موکەرەم تاڵەبانی،کەی هۆهۆدەگەڕێتەوە زەرداو،دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس،(هەولێر:2006)،ل56-59.

[xlviii]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی(دەستنووس).

[xlix]– عەزیزپشتیوان،بیرەوەریی(دەستنووس).

[l]– عەزیز پشتیوان، بیرەوەریی(دەستنووس).

[li]– محمد علی سلطانی،احزاب سیاسی وانجمن های سری درکرماشاه أزفراموش خانه تاخانه سیاه،مؤسسة فرهنکی نشر،جلددوم،(تهران:1378)،ص387

[lii]– ابراهیم باجلان،المناضل رشید باجلان من رواد الحرکة التحرریة الکردیة الاوائل, بەهاررەشید باجەلان،رشید باجلان..،ل 100.

[liii]– عەزیز شەمزینی،جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی کوردستان،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، چ4،(سلێمانی:2006)،ل263.

[liv]– أیوب بارزاني،المقاومه الکردیة للاحتلال 1914-1958،دارنشرحقائق المشرق،(جنیف:2002)،ص204.

[lv]– شاخوان عبدالله صابر،رفیق حیلمی دراسة تاریخیة، ص117.

[lvi]– ئاگاداری، گەلاوێژ(گۆڤار)،ژمارە(11)،ساڵی چوارەم،تشرینی دووەمی 1943،ل19.

[lvii]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی(دەستنووس).

[lviii]– عوسمان بەگی شەرەفبەیانی : ساڵی (1895) هاتووەتە دونیاوەو بەزۆری لە ناوچەی (هۆرێن وشێخان)ی سەر بەخانەقین ژیاوەو هۆزەکەی ئەبێتە دوولقی سەرەکییەوە : عەزیز بەگی و ئەمیرخان بەگی، کە ئەگەڕێنەوە سەرئێڵی گەورەی جاف، هەروەها لەڕووی ژن وژنخوازییەوە تێکەڵاوییەکی زۆرنزیکیان لەگەڵ حامید بەگی جافی هەڵەبجەدا هەبووەو لە ساڵی (1968) کۆچی دوایی کردووە : علی کمال عبدالرحمن، مذکرات علی کمال عبدالرحمن 1900-1998، تقدیم وتحقیق :جمال بابان،طبع فی شرکة الخنساء للطباعة المحدودة، (بغداد:2001)،ص 68-69.

[lix]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lx]– زەکی ئەحمەد هەناری : لەساڵی 1909 لە کۆیە هاتووەتە دونیاوەو پلەکانی خوێندنی لە کۆیەو بەغدا تەواوکردووە، لە ساڵی 1928 بەدواوە وەک مامۆستا لەمیرزا ڕۆستەم، ڕانیە، کۆیە وهەولێر مامۆستایەتی کردووەو ماوەیەک بەڕێوەبەری ناحیەی مەیدان بووە لە سنووری قەزای خانەقین ولە شۆڕشی 14ی تەمموزی 1958 بەدواوە،وەک بەرپرسی کتێبخانەی کۆیەکاری کردووە ولە7ی تەمموزی 1967 کۆچی دوایی کردووە، لەبواری نووسین ورووناکبیریی کوردیدا کۆمەڵێک بەرهەمی جۆراوجۆری هەیە. دەستنووسێکی مامۆستا فەوزی زەکی ئەحمەد هەناری، کە بەسوپاسەوە بۆتوێژەری ناردووە؛عەزیز پشتیوان، بیرەوەریی(دەستنووس).

[lxi]– عەزیز پشتیوان، بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxii]– عەزیز پشتیوان، بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxiii]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxiv]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxv]– عەزیز پشتیوان، بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxvi]– عەزیزپشتیوان، بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxvii]– سەباح عەلی سلێمان، کەلار 1927–1975 لێکۆڵینەوەیەک لەبارودۆخی سیاسی،کارگێری و ڕۆشنبیری (ماستەرنامەی بلاونەکراوە)،بەشی مێژوو, کۆلێژی ئاداب, زانکۆی سەلاحەدین،(هەولێر:2021)،ل 55؛الشیخ عطا الطالبانی،ذکریات أیام النضال فی کوردستان،مطبعة ئارا،(السلیمانیة:2010)،ص21.

[lxviii]– پاکیزە ڕەفیق حیلمی،کوردۆژیانێکی پڕئەندێشە،(یاداشت)،چاپخانەی ڕۆشنبیری،(هەولێر:2000)،ل220.

[lxix]– پارتی ڕزگاری کورد : وەک حیزبێکی سیاسی کە لە هەڵوەشاندنەوەی پارتی هیوا بەدواوە هاتەکایەوەو چالاکی سیاسی وکاری ڕێکخراوەیی دەست پێکرد،هەروەها ئەندام و هەوادارێکی زۆری لە سنووری گەرمیان و بەتایبەتی شاری کفری هەبووەوبەزۆری لەوانەبوون, کە پێشتر لە پارتی هیوا ئەندام ورۆڵێکی بەرچاویان هەبووە. بڕوانە : کەمال مەزهەرئەحمەد،ڕزگاری لەکفری،ڕەنگین(گۆڤار)،ژمارە (121)،ساڵی 1999،ل6-7.

[lxx]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxxi]– مستەفانەریمان،بیرەوەرییەکانی ژیانم،ل85؛ عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxxii]– وزارت کشور،رونوشت کزارش کنسولکری ایران درخانقین،محرمانە،سفارت شاهنشاهی ایران– بغداد, شمارە 179,مؤرخ 1324/2/28.

[lxxiii]– وزارت کشور،رونوشت کزارش کنسولکری ایران درخانقین،مصدرپیشین.

[lxxiv]– وزارت کشور،زاندارمری کل کشور،محرمانە ومستقیم،فرماندە زاندرمری کل کشورسرتیب خسروبناە،شمارە (2174),تاریخ 1324/3/20

[lxxv]– موکەڕەم تاڵەبانی، چەندلاپەڕەیەک لەتێکۆشانی پارتی هیوا،ڕۆشنبیری نوێ(گۆڤار)،ژمارە(136)،بەشی دووەم، ساڵی 1995،ل30.

[lxxvi]– موکەڕەم تاڵەبانی،چەندلاپەڕەیەک..،ل30؛حەسەن جاف،ئەم قسانە بەم پێوانە باویان نەماوە،مطبعة الزمان، (بەغدا:1996)،ل29.

[lxxvii]– الشیخ عطا الطالبانی،ذکریات أیام النضال فی کوردستان،ص22.

[lxxviii]– مکرم الطالبانی،حزب هیوا،ص163.

[lxxix]– شێخ عەتای تاڵەبانی(کاسێتی تۆمارکراو)لای توێژەرپارێزراوە.

[lxxx]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxxxi]– ئەحمەد باوەڕ،پارتی هیوا لەدرووستبونییەوە لەشاری کەرکووک تاهەڵوەشانەوەی لە کۆنفرانسی کەلار 1937–1944،کەرکوک(گۆڤار)،ژمارە(1)،ساڵی دووەم،هاوینی 2000،ل 100–101.

[lxxxii]– مکرم الطالبانی،حزب هیوا،مرکزخاک للنشروالاعلام،مطبعة خاک،(السلیمانیة:2002)،ص159؛ ئەحمەد باوەڕ،پارتی هیوا لەدروستبوونییەوە..؛ل104–108.

[lxxxiii]– هلبین محمد أمین المزوری،حزب هیوا،ص 180.

[lxxxiv]– عەزیزپشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxxxv]– موکەڕەم تاڵەبانی،چەندلاپەڕەیەک..،بەشی دووەم،ل28.

[lxxxvi]– فیصل نورالدین الدباغ،بمناسبة مرور(21)عاما علی وفاتە،من أعلام الصحافة الکردیة رفیق حلمی،العراق(جریدة) ،30 أیلول 1981،ص3.

[lxxxvii] – عەزیز پشتیوان، بیرەوەریی،(دەستنووس).

[lxxxviii]– مستەفا نەریمان،مامۆستا عەزیزپشتیوان و 82 ساڵ..،ل 9.

[lxxxix]– قیس قرداغی،من المدن الکردیة المنسیة (خانقین)،سردم العربی(مجلة)،العدد(23),مطبعة دارسردم للطباعة والنشر، شتاء 2009،ص61.

[xc]– مەلا ئەحمەدی ڕووت : ناوی تەواوی مەلائەحمەد محەمەد مەحموود عارف زەنگەنەیە، لەساڵی (1897) لەناوچەی زەنگەنە هاتووەتە دونیاوەو ماوەیەک ئیمام وتارخوێنی مزگەوتی (سەیدەکان) بووە لە شاری کفری و وەک دەگێڕنەوە لەبەرکەمدەستی و فەقیرحاڵی بەمەلا ئەحمەدی ڕووت ناسراوبووە،بەڵام زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی وتورکی بەباشی زانیوە، لەدامەزراندنی پارتی هیوا بەدواوەو لەساڵی (1940) دا پەیوەندی بەوحیزبەوە کردووەو لەشەستەکانی سەدەی بیستەمدا،شاری کفری بەجێ هێشتووەو ماوەیەکیش لەناوچەی (منصوریە) ژیاوەو لەشاروشارۆچکەکانی(خالص) و(دەلی عەباس) ئیمام و وتارخوێنی مزگەوت بووە،تاوەکو ئەوکاتەی لە1971/12/19دا لە(دەلی عەباس) کۆچی دواییکردووەو لەگۆڕستانی(سەید موبارەک) نێژراوە.چەند دەستنووس ودۆکۆمینتێکی فەرمی بنەماڵەی مەلائەحمەدی ڕووت، کە لەلایەن نەوەکانییەوە لەکەرکوک وخالص بەدەستم گەیشتوون.

[xci]– مستەفا نەریمان،مامۆستا عەزیزپشتیوان و 82 ساڵ،ل 9.

[xcii]– ئەحمەد باوەڕ،چانەخۆرەکانی گەرمیان و ناوچەی خانەقین،خانەقی(ڕۆژنامە)،ژمارە(88–89)،ئابی 2020،ل3.

[xciii]– دارالکتب والوثائق،الوحدة الوثائقیة،رقم الملف،(311/4349)،النعرات الطائفیة والعنصریة, مهاجمة الطلاب فی السلیمانیة علی التجارالموصلیین،رقم الوثیقة(30)،بغداد فی 1942/10/25,ص141.

[xciv]– مستەفا نەریمان،چای چانەخۆرەکانی خانەقین،هاوکاری(ڕۆژنامە)،ژمارە(862)،1986/10/23،ل7.

[xcv]– ئایش مەلاسەید حەکیم : لە 26ی حوزەیرانی 1935 لەشاری خانەقین هاتووەتە دونیاوەو لەسەردەستی باوکی تاڕادەیەک فێری خوێندن ونووسین بووە, لەساڵی 1953 لەگەڵ ئیبراهیم حاجی فەتاح زەنگەنە هاوسەری گیری کردووە,تاوەکو ئێستا لە ژیاندایەو لەشاری هەولێر دەژی.چاوپێکەوتن لەگەڵ ئایش مەلاسەید حەکیم،هەولێر،(15ی حوزەیرانی 2014)؛عبداللە نجم الدین تەها،تیشکێک لەسەرژیانی زانای پایەبەرز مامۆستا مەلاسەیدحەکیمی خانەقین، چاپخانەی پیرەمێرد،(سلێمانی:2023)،ل118.

[xcvi]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئایش مەلاسەید حەکیم،هەولێر،(15ی حوزەیرانی 2014).

[xcvii]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئایش مەلاسەید حەکیم،هەولێر،(15ی حوزەیرانی 2014)؛ عبدالله نجم الدین تەها، تیشکێک لەسەرژیانی زانای ..،ل75.

[xcviii]– چاوپێکەوتن لەگەڵ ئایش مەلاسەیدحەکیم،هەولێر،(15ی حوزەیرانی 2014)؛چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان عەزیزپشتیوان،کەلار،(19ی کانوونی دووەمی 2024).

[xcix]– مستەفا نەریمان،چای چانەخۆرەکانی خانەقین،ل7.

[c]– مستەفا نەریمان،پڵنگی پێ دەشتی سیروان و سەرکردەی چانەخۆرەکان مەلاسەید حەکیمی خانەقینی،هاوکاری (ڕۆژنامە)،ژمارە(871)،1986/12/25،ل7.

[ci]– ئەحمەد باوەڕ،چانەخۆرەکانی گەرمیان وناوچەی..،ل3.

[cii]– کەمال مەزهەرئەحمەد،سەربازە ونەکانمان،ڕەنگین(گۆڤار)،ژمارە(21)،تەمموزی 1989،ل30.

[ciii]– مشکلة الغلاء،نزار(مجلة),العدد(2),السنة الاولی,(الخمیس 15 نیسان 1948,ص8.

[civ]– عەلی حسێن بەگی جاف،بیرەوەرییەکانی عەلی حسێن بەگی جاف،بەسەرهاتی لەگرتووخانەکانی ڕژێمی پاشایەتی عێراق 1949-1951،ئامادەکردن ولێکۆڵینەوەوپەراوێزنووسینی:حەسەن جاف،چ1،(هەولێر:2017)،ل166-167.

[cv]– عەلی بەگی حسێن بەگی جاف،بیرەوەرییەکانی..،ل 167.

[cvi]– پۆستەی کوردەواری،گەلاوێژ(گۆڤار)،ژمارە(3)،ساڵی (9)،مارتی 1948،ل 22.

[cvii]– محمدمحمد أمین دربندفقرەیی،مذکرات محمد محمد أمین دربندفقرەیی،أعداد صدیق صالح و حسین حسن کریم، تقدیم :الدکتور کمال مظهرأحمد,بنکەی ژین،(السلیمانیة:2007)،ص89.

[cviii]– حەسەن زەهاوی : لەساڵی (1920) لە شاری خانەقین هاتووەتە دونیاوە، قۆناغی سەرەتایی خوێندنی هەرلەم شارە تەواوکردووەو لێرەبەدواوە چووەتە نێوکاروباری سیاسییەوە،لەچلەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا کتێبخانەیەکی لەنێوشاری خانەقین کردووەتەوەو کۆتاییەکانی ژیانی لەبەغدا بەسەربردووەو لەساڵی (2003) کۆچی دوایی کردووە.زیاد نعمان مەحموود، خانەقین لە نێوان ساڵانی 1918-1958 لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە،بەشی مێژوو،کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین،(هەولێر:2017)،ل101.

[cix]– حسن الزهاوی,المرحوم الاستاذ رشید باجلان نضالاته ومأثره, لەکتێبی: بەهاررشید باجلان 1920-2001 تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی،بنکەی ژین،(سلێمانی:2009)،ل117.

[cx]– دارالکتب والوثائق،الوحدة الوثائقیة،رقم الملف(9070)،وزارة الداخلیة(سری),التحقیق الخاص عن نهب حنطة خانقین,العدد (29),التاریخ: 1948/4/3,رقم الوثیقة(132),1948/4/14,ص1.

[cxi]– محمدمحمد أمین دربندفقرەیی،مذکرات..،ص89

[cxii]– محمدمحمد أمین دربندفقرەیی،ص89

[cxiii]– حسن الزهاوی,المرحوم..,ل117.

[cxiv]– مستەفا نەریمان،بیرەوەرییەکانی ژیانم،دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی،(بەغدا:1994)،ل96.

[cxv]– مستەفا نەریمان،چەردەیەک لەبیرەوەرییەکانی ڕەشید باجەڵان،ڕەنگین(گۆڤار)،ژمارە( 60)،ساڵی 1993،ل7.

[cxvi]– بەدریە عەبدوڵلا حوسێن دەروێش: لە ساڵی (1920) لە شاری بەعقوبە و لەدایکێکی کوردی فەیلی وباوکێکی عەرەبی عەزاوی هاتووەتە دونیاوە، دەبێتە هاوسەری حەسەن حمەعەلی خەسرەوهەمەوەندی، بەڵام خوێندەوارییەکی ئەوتۆی نەبووەو لەساڵی (1991) لە بەغدا کۆچی دوایی کردووەو لەشاری بەعقوبەو لەگۆڕستانی (سەید ئیدریس) نێژراوە.چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ناسرحەسەن(1947)،( 17ی شوباتی 2024).

[cxvii]– زیاد نعمان مەحموود،س.پ؛ چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ناسرحەسەن(1947)،( 17ی شوباتی 2024).

[cxviii]– عەزیز پشتیوان،دەستنووسەکانی عەزیزپشتیوان،

[cxix]– زیاد نعمان مەحموود،خانەقین لە نێوان..،ل 127.

[cxx]- محمدمحمدأمین دربندفقرەیی،مذکرات..،ص90.

[cxxi]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی,(دەستنووس)؛ئەحمەد باوەڕ،گەرمیان وناوچەی خانەقین لەسایەی وڵاتانی گەورەو فەرمانڕەوایانی عێراقدا 1914-1975،زنجیرە کتێبی دەزگای کۆچ،(سلێمانی :2019)،ل145-146.

[cxxii]– دارالکتب والوثائق,الوحدة الوثائقیة,مجلس الوزراء,وزارة الداخلیة(سری),بالاشارة لامرکم المرقم(5678) والمؤرخ فی 1948/4/7رقم الوثیقة(132),1948/4/14.

[cxxiii]– عەزیزپشتیوان، بیرەوەریی،(دەستنووس).

[cxxiv]– زیاد نعمان مەحموود، خانەقین لەنێوان..،ل129.

[cxxv]– دارالکتب والوثائق،الوحدة الوثائقیة،رقم الملف(9070)،التحقیق الخاص عن نهب حنطة خانقین،رقم الوثیقة (4), (11 نیسان 1948-25 نیسان 1948)،ص 6؛زیاد نعمان مەحموود،خانەقین لەنێوان،ل130.

[cxxvi]- دار الکتب والوثائق،الوحدة الوثائقیة،رقم الملف(9070)،التحقیق الخاص عن نهب حنطة خانقین،رقم الوثیقة (4), (11 نیسان 1948-25 نیسان 1948)،ص 6؛زیاد نعمان مەحموود،خانەقین لەنێوان..،ل131.

[cxxvii]– سەربازمەجید خۆشناو،کۆنگرە ناوخۆییەکانی مامۆستایانی کورد لە شەقڵاوە 1959و 1960، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیوتی کەلەپووری خۆشناوەتی،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،(هەولێر:2018)،ل 35.

[cxxviii]– سەربازمەجید خۆشناو،س.پ،ل 48-58.

[cxxix] – ئەحمەد باوەڕ،گەرمیان وناوچەی..،ل 216-217.

[cxxx]– چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادرجوانڕۆیی،خانەقین،(تەمموزی 2013).

[cxxxi] – کەریم شارەزا،بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم،چاپی یەکەم،(هەولێر:2021)،ل134.

[cxxxii]– کەریم شارەزا، قاموسی ناوەنەمرەکان ....،ل80.

[cxxxiii]– کەریم شارەزا: ناوی تەواوی کەریم مستەفا حمەئاغای حەوێزییەو لە 4ی ئازاری 1928دا لەشاری کۆیە هاتووەتەدونیاوە،بەڵام باب وباپیرانی لەناوچەی ئەردەڵانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هاتوونەتە شاری کۆیە پلەکانی خوێندنی لە کۆیەوهەولێرو شاری بەغدا تەواوکردووەو لەزۆر شوێن وناوچەی کوردستان وباشووری عێراق مامۆستایەتی کردووەولەگەڵ ئەوەشدا لەبواری نووسین وشیعرو ئەدەبیات ورۆژنامەوانی کوردیدا کاری کردووەو لە 23ی ئایاری 2015دا کۆچی دوایی کردووە.کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی ژیانم،ل 7-271.

[cxxxiv]– کەریم شارەزا،بیرەوەرییەکانی..،ل 138.

[cxxxv]– کەریم شارەزا، بیرەوەرییەکانی..،ل138.

[cxxxvi]– ئەحمەد باوەڕ،گەرمیان وناوچەی خانەقین ..،ل 213.

[cxxxvii]– کەریم شارەزا،بیرەوەرییەکانی..،ل134.

[cxxxviii]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[cxxxix]– ڕێزان عەزیز پشتیوان،بەسەرهاتی خانەقین وئەنفال،ل 59.

[cxl]– ئەحمەد باوەڕ،گەرمیان وناوچەی ..،ل220.

[cxli]– عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).

[cxlii]– عزیز یاوەر،التعلیم وفصول من تاریخ مدارس خانەقین،237-238.

[cxliii]– ئەحمەد باوەڕ،گەرمیان وناوچەی ..،ل220.

[cxliv] – چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی مەلائەحمەد دەککە،(1939)،خانەقین،5ی شوباتی 2015.
[cxlv] – عەزیز پشتیوان،بیرەوەریی،(دەستنووس).
[cxlvi] – قیس قرداغی،من المدن الكردية المنسية..،ص61.
[cxlvii] – مەسعود بارزانی،بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد،ب2، 1958–1961،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات،(هەولێر:2020)،ل 323.

## لیستی سەرچاوەکان :


1 الحكومة العراقية،دفترالجنسية للاناث،التسلسل (63)،مأمورية نفوس قضاء خانقين،2حزيران 1935.
2 داراالكتب والوثائق،الوحدة الوثائقية،رقم الملف،(311/4349)،النعرات الطائفية والعنصرية, مهاجمة الطلاب فى السليمانية على التجارالموصليين،رقم الوثيقة(30)،بغداد فى 1942/10/25.
3 داراالكتب والوثائق،الوحدة الوثائقية،رقم الملف(9070)،وزارة الداخلية(سرى),التحقيق الخاص عن نهب حنطة خانقين,العدد (29),التاريخ : 1948/4/3,رقم الوثيقة(132),1948/4/14.
4 داراالكتب والوثائق,الوحدة الوثائقية,مجلس الوزراء,وزارة الداخلية(سرى),بالاشارة لامركم المرقم(5678) والمؤرخ فى 1948/4/7رقم الوثيقة(132),1948/4/14.
5 داراالكتب و الوثائق,الوحدة الوثائقية,مجلس الوزراء, وزارة العدلية,الرقم(865),رقم الوثيقة(1673),1948/4/27.
6 دار الكتب والوثائق،الوحدة الوثائقية،رقم الملف(9070)،التحقيق الخاص عن نهب حنطة خانقين، رقم الوثيقة(4),(11 نيسان 1948–25 نيسان 1948).
7 الامن العام،مديرية أمن منطقة بغداد،الى كافة معاونى المناطق،العدد(5010)،التاريخ 1963/6/9.
8 الجمهورية العراقية,مديرية المبانى العامة, الادارة والذاتية,أمر ادارى,العدد(17112), التاريخ :1963/12/12.
9 الجمهورية العراقية،بطاقة الهوية الشخصية، عبدالعزيز فوزى،العنوان الكامل: عماره، مدرسة الامام الصادق الابتدائية،تاريخ الاصدار 1964/7/23.
10 الجمهورية العراقية,وزارة الشؤون الشمال,مديرية الديوان العامة,امروزارى,لجنة تنفيذ المدارس رقم (31) فى محافظةديالى،فيما يخص السيد نريمان عبدالعزيزپشتيوان،العدد(ذ. 2029),التاريخ, 1972/5/7.
11 وزارت كشور,رونوشت كزارش كنسولكرى ايران درخانقين,محرمانه :سفارت شاهنشاهى ايران– بغداد, شماره 179,مؤرخ 1324/2/28.
12 وزارت كشور,زاندارمرى كل كشور,محرمانه ومستقيم,فرمانده زاندرمرى كل كشورسرتيب خسروبناه,شماره(2174),تاريخ 1324/3/20.
13 عەزیز پشتیوان،بیرەوەرییەکانی عەزیز پشتیوان،(دەستنووسی بڵاونەکراوە).
14 دەستنووسێکی مامۆستافەوزی زەکی ئەحمەد هەناری،کە بەسوپاسەوە بۆتوێژەری ناردوە.
15 چەنددەستنووس ودۆکۆمێنتێکی فەرمی بنەماڵەی مەلائەحمەدی ڕووت کە لەلایەن(بشیرە)ی کچی ونەوەکانییەوە لە شاری کەرکووک وخالص بەدەستم گەیشتوون،(2ی ئایاری 2024).
16 زیاد نعمان مەحموود،خانەقین لە نێوان ساڵانی 1918–1958 لێکۆڵینەوەیەکە لە بارودۆخی سیاسی، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە،بەشی مێژوو،کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین، (هەولێر:2017).
17 سەباح عەلی سلێمان، کەلار 1927–1975 لێکۆڵینەوەیەک لەبارودۆخی سیاسی،کارگێڕی ورۆشنبیری (ماستەرنامەی بڵاونەکراوە)،بەشی مێژووی کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین، (هەولێر:2021).
18 ئەحمەد باوەڕ،یانەی سەرکەوتنی کوردان،لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی دۆکۆمێنتارییە 1930–1964، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،(سلێمانی:2019).
19 ئەحمەد باوەڕ،گەرمیان وناوچەی خانەقین لە سایەی وڵاتانی گەورەوفەرمانڕەوایانی عێراقدا 1914–1975،زنجیرە کتێبی دەزگای کۆچ،(سلێمانی :2019).
20 بەهاررشید باجلان 1920–2001 تێکۆشەرێکی دێرینی کوردایەتی ،بنکەی ژین، (سلێمانی:2009).
21 پاکیزە ڕەفیق حیلمی،کوردو ژیانێکی پڕ ئەندێشە،(یاداشت)،چاپخانەی ڕۆشنبیری، (هەولێر:2000).
22 حەسەن جاف،ئەم قسانە بەم پێوانە باویان نەماوە،مطبعة الزمان،(بەغدا:1996).
23 کەریم شارەزا،نووسەروماموستای پەروەردکارو تێکۆشەری کورد عەزیزپشتیوان 1912–2001، قاموسی ناوەنەمرەکان، ئامادەکردنی :ممتاز حەیدەری و ئەوانی دی،(هەولێر:2014).
24 کەریم شارەزا،بیرەوەرییەکانی کاروانی ژیانم،چاپی یەکەم،(هەولێر:2021).
25 عبدالله نجم الدين تەها،تیشکێک لەسەرژیانی زانای پایەبەرزماموستا مەلاسەید حەکیمی خانەقین،چاپخانەی پیرەمێرد،(سلێمانی:2023).
26 عەزیزشەمزینی،جوڵانەوەی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی کوردستان،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان،چ4،(سلێمانی:2006).
27 عەلی بەگی حسێن بەگی جاف، بیرەوەرییەکانی عەلی بەگی حسێن بەگی جاف،بەسەرهاتی لە گرتووخانەکانی ڕژێمی پاشایەتی عێراقدا 1949–1951،ئامادەکردن ولێکۆڵینەوەو پەراوێزنووسینی : دکتۆر حەسەن جاف،چ1،(هەولێر:2017).
28 سەربازمەجید خۆشناو،کۆنگرە ناوخۆییەکانی ماموستایانی کورد لەشەقڵاوە 1959و 1960، لە بڵاوکراوەکانی ئینستیوتی کەلەپووری خۆشناوەتی،چاپخانەی ڕۆژهەڵات، (هەولێر:2018).
29 مستەفا نەریمان،بیرەوەرییەکانی ژیانم،دەزگای ڕۆشنبیری وبڵاوکردنەوەی کوردی، (بەغدا:1994).
30 موکەڕەم تاڵەبانی،کەی هۆهۆدەگەڕێتەوە زەرداو،دەزگای چاپ وپەخشی ئاراس، (هەولێر:2006).
31 مەسعود بارزانی،بارزانی وبزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد،ب2، 1958–1961،دەزگای چاپ وبڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات،(هەولێر:2020).
32 أيوب بارزانى،المقاومه الكردية للاحتلال 1914–1958،دارنشرحقائق المشرق،(جنيف:2002).
33 جمال بابان، أعلام الكرد،ج2،دارئاراس للطباعة والنشر،(أربيل:2012).
34 حبيب محمد كريم،تاريخ الحزب الديمقراطى الكوردستانى– العراق(فى محطات رئيسية)1946–1993، (كوردستان:1998).
35 عبدالستار طاهرشريف، الجمعيات و المنظمات والاحزاب الكورديه فى نصف قرن 1908–1958،دارسردم للطباعة و النشر,ط2,(السليماني: 2007).
36 عزيز ياور، التعليم وفصول من تاريخ مدارس خانقين 1887–2007،مؤسسة حمدى للطباعة والنشرفى السليمانية،(السليمانية:2009).
37 شاخوان عبداللة صابر،رفيق حلمى دراسة تاريخية فى نشاطه السياسى والثقافى،بنکەی ژین،(السليمانية:207).
38 هلبين محمد أمين المزورى،حزب هيوا (الأمل) 1939–1946 دراسة تأريخية – سياسية،دار سپيريز للطباعة و النشر،ط1،(أربيل:2008).
39 الشيخ عطا الطالبانى،ذكريات أيام النضال فى كوردستان،مطبعة ئارا،(السليمانية:2010).
40 محمدمحمد أمين دربندفقرەیی،مذكرات محمد محمدأمين دربندفقرەیی، أعداد صديق صالح و حسين حسن كريم، تقديم : الدكتور كمال مظهر أحمد,بنکەی ژین،(السليمانية:2007).
41 مكرم الطالبانى،حزب هيوا،مركزخاك للنشروالاعلام،مطبعة خاك،(السليمانية:2002).

42 مكرم الطالبانى،مراحل تطور الحركة القومية الكردية،ج2، (السليمانية:2011).
43 نورى شاويس,من مذكراتى،من منشورات الحزب الشعب الديمقراطى الكردستانى، ط1، (بلا:1985).
44 على كمال عبدالرحمن، مذكرات على كمال عبدالرحمن 1900-1998،تقديم وتحقيق :جمال بايان،طبع فى شركة الخنساء للطباعة المحدودة،(بغداد:2001).
45 محمد على سلطانى,احزاب سياسى وانجمن هاى سرى دركرماشاه أزفراموش خانه تاخانه سياه,مؤسسة فرهنكى نشر,جلددوم,(تهران:1378).
46 ئەحمەد باوەڕ، پارتی هیوا لە درووست بونییەوە لەشاری کەرکووک تاهەڵوەشانەوەی لە کۆنفرانسی کەلاردا 1937-1944، کەرکوک (گۆڤار)،ژمارە(1)،ساڵی دووەم،هاوینی 2000.
47 ڕێزان عەزیز پشتیوان،بۆئەوەی نەوەکانی خانەقین حاجی عەلی خان ئەکبەری (1886-1972) لەبیرنەکەن، سیروان(گۆڤار)،ژمارە(6)، هاوینی(2009).
48 کەمال مەزهەرئەحمەد،سەربازە ونەکانمان،ڕەنگین(گۆڤار)،ژمارە(21)،تەمموزی 1989.
49 کەمال مەزهەرئەحمەد،ڕزگاری لە کفری،ڕەنگین (گۆڤار)،ژمارە(121)،ساڵی 1999.
50 مستەفا نەریمان،مامۆستا عەزیز پشتیوان و 82 ساڵ تەمەنی تێکۆشان وکوردایەتی،ڕەنگین (گۆڤار)،ژمارە (65)، ساڵی 1994.
51 مستەفا نەریمان، چەردەیەک لە بیرەوەرییەکانی مامۆستا ڕەشید باجەڵان،ڕەنگین (گۆڤار)،ژمارە( 60)،ساڵی 1993.
52 موکەڕەم تاڵەبانی،کۆمەڵەی دارکەروپارتی هیوا چۆن دامەزران،ڕەنگین(گۆڤار)،ژمارە(52)، ساڵی 1993.
53 موکەڕەم تاڵەبانی، چەندلاپەڕەیەک لەتێکۆشانی پارتی هیوا،ڕۆشنبیری نوێ(گۆڤار)، ژمارە (136)،بەشی دووەم، ساڵی 1995.
54 ئاگاداری،گەلاوێژ(گۆڤار)،ژمارە(11)،ساڵی چوارەم،تشرینی دووەمی 1943.
55 پۆستەی کوردەواری،گەلاوێژ(گۆڤار)،ژمارە (3)،ساڵی (9)،مارتی 1948.
56 مشكلة الغلاء،نزار(مجلة),العدد(2),السنة الاولى,(الخميس 15 نيسان 1948.
57 قيس قرداغى،من المدن الكردية المنسية (خانقين)،سردم العربى(مجلة)،العدد(23),مطبعة دارسردم للطباعة والنشر،شتاء 2009.
58 ئەحمەد باوەڕ،چانەخۆرەکانی گەرمیان وناوچەی خانەقین،خانەقی(ڕۆژنامە)،ژمارە(88-89)، ئابی 2020.
59 فەرهاد عەونی وئازاد حەمەدەمین،عەزیز پشتیوانی ماندوونەناس ومامۆستای کوردایەتی ناوچەی گەرمیان،برایەتی(ڕۆژنامە)،ژمارە (2648)، 16ی ئابی 1998.
60 مستەفا نەریمان،چای چانەخۆرەکانی خانەقین،هاوکاری(ڕۆژنامە)،ژمارە(862)،1986/10/23.
61 مستەفا نەریمان،پڵنگی پێ دەشتی سیروان وسەرکردەی چانەخۆرەکان مەلاسەید حەکیمی خانەقینی،هاوکاری(ڕۆژنامە)،ژمارە(871)،1986/12/25.
62 عبدالعزيز پشتيوان،أبناء كردستان يستنكرون مانشرته جريدة بغداد،صوت الأكراد (جريدة)،العدد(23)،السنة الاولى،الاربعاء،31اب 1960.
63 فيصل نورالدين الدباغ،بمناسبة مرور(21)عاما على وفاته،من أعلام الصحافة الكردية رفيق حلمى،العراق (جريدة)،30 أيلول 1981.
64 چاوپێکەوتن لەگەڵ مەلاعەزیز محەمەدشاواز(1928)،کەلار،(ئەیلولی2013).
65 چاوپێکەوتن لەگەڵ ئایش مەلاسەید حەکیم(1935)،هەولێر،(15ی حوزەیرانی 2014)
66 چاوپێکەوتن لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادرجوانڕۆیی،خانەقین(1935)،(تەمموزی 2013).
67 چاوپێکەوتن لەگەڵ ڕێزان عەزیز پشتیوان(1950)،کەلار، 19ی کانوونی دووەمی 2024).
68 چاوپێکەوتن لەگەڵ داراعەبدوڵڵاعەباس، کەلار(1942)،(15ی ئازاری2024).
69 چاوپێکەوتن لەگەڵ عەلی مەلائەحمەد دەککە،(1939)،خانەقین،5ی شوباتی 2015.
70 چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەند ناسرحەسەن(1947)،( 17ی شوباتی 2024).
71 کاسێتێکی تۆمارکراوی شێخ عەتای تاڵەبانی(لای توێژەرپارێزراوە).